
ویلیام ترۆبریج لارند

# ئەفسانەی
# پێست سوورەکانی ئەمریکا

وەرگێرانی : عەزیز گەردی



ئەفسانەی

پێست سوورەکانی ئەمریکا

ویلیام ترۆبریج لارند

# ئه فسانەی

# پێست سوورەکانی ئەمریکا

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی

## ئەفسانەی پێست سوورەکانی ئەمریکا

نووسەر: ویلیام ترۆبریج لارند

وەرگێڕی لە فارسییەوە: عەزیز گەردی

بابەت: ئەفسانە

کۆمپیوتەر: وەرگێڕ

نەخشەی بەرگ و ڕێکخستنی لاپەڕەکان:

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

چاپی یەکەم :هەولێر ـ ٢٠١١

نەخشەسازیی بەرگ : عەبدولسەمەد عەبدوللا

ژمارەی سپاردن: ١٠٥٦

نرخ : ٢٥٠٠ دینار

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی وەرگێڕ چاپ کراوە

# ناوەرۆك

ناوەرۆك.................................................................٥
( یاگۆ )ی هەقایەتخوان ...............................................٥
(شین گەبیس) چۆن ( بای باکوور)ی تەفرە دا؟ ..........................١١
کوڕو کچە بچکۆلانەکەی ناو هەوران.......................................١٩
مندالّی ئەستێرەی زوهرە.....................................................٢٩
ئەو کوڕەی خۆری خستە داوەوە.........................................٤٣
کوللە........................................................................٥٣
(میشووشا)ی جادووکەر......................................................٧٣
بووکی پەرییان .................................................................٩٥
قووی سوور..................................................................١٠٥
چۆن هاەین داهات؟..........................................................١٣٧
فەرهەنگۆك .....................................................................١٥١
هەقایەتو ئەفسانە ............................................................١٥٤

## (٠)

## (یاگۆ) هەقایەتخوان

هەرگیزاو هەرگیز هیچ کەسێك نەبووە لە( یاگۆ)ی بەساڵاچوو ژیرو ئاقڵتر بێ. هەرگیز هیچ پێست سوورێك نەبووە بە قەدەر ئەو دنیای دیبێو شتی بیستبێ. (یاگۆ) رازی لێڕەوارو شینایی دەزانیو لە زمانی باڵندەو گیانداران دەگەیشت. سەراپای ژیانی خۆی لە ژێر ساپیتەی ئاسمان بردبووە سەرو هەمیشە لە ناو جەرگەی لێڕەواڕی حەشارگەی ئاسکە کێوی دەسووڕایەوە. (یاگۆ) ماوەیەکی زۆر، خەریك بوو بە بەلەمی تفری دار (غان) بە سەر دەریاچەدا دەپەڕییەوە.

(یاگۆ)جگە لەو شتانەی کە خۆی فێریان ببوو، زۆر شتی تریشی دەزانی. هەقایەتی سەیر سەیرو ئەفسانەی وای دەزانی باپیرە گەورەی بۆی گێڕابووەوەو ئەویش لە بابەگەورەی خۆی فێر ببوو. ئەو هەقایەتانە هی ئەو زەمانە بوون کە دونیا لە تافی لاویدا بوو، هەموو شتێ پڕ ئەفسوونو جادوو بوو.

(یاگۆ)لای منداڵان زۆر خۆشەویست بوو. کەس لە خۆی باشتر نەیدەزانی لە کوێ سەدەفی ڕەنگاو ڕەنگ بدۆزێنەوەو بۆ کچۆڵەکان بیکا بە گەردانە. کەس لە خۆی باشتر نەیدەتوانی فێریان بکا گیا لە کوێ پەیدا بکەن بۆ ئەوەی بۆ خۆیان سەبەتەی لێ بچنن. تیرو کەوانی بۆ کوڕەکان دروست دەکرد: کەوانی لە داری درەختی (زمانە کوێشکە) دروست دەکرد کە بە ئاسانی، بێ ئەوەی بشکێ دەچەمێتیەوە، تیریشی لە داری لووس‌و پتەوی دار بەڕوو دروست دەکرد.

بەڵام (یاگۆ) لە هەمووی زیاتر بە هەقایەتە خۆشەکانی دڵی لە منداڵان سەند بوو. ئەو هەقایەتەی ئاخۆ (سینە سوور) چۆن بەرسنگی سوور بووە؟ ئاخۆ ئاگر چۆن هاتۆتە ناو دارستان‌و پێست سوورەکان چۆن توانیویانە بە لێك خشاندنی دوو دار ئاگر بکەنەوە؟ ئاخۆ بۆچی (کایوت- گورگی چەمەنزار)، لە جانەوەرەکانی دی زۆر ئاقڵترەو ئاخۆ ئەو گورگە بۆچی لە کاتی ڕاکردندا، ئاوڕ لە دواوە دەداتەوە؟ تەنیا (یاگۆ) دەیتوانی ئەم هەموو شتانەیان بۆ باس بکا.

زستان وەرزێکی لەبار بوو بۆ گێڕانەوەی هەقایەت. کاتێ کە بەفر زەوی دادەپۆشی و(کابیب ئونوکا- بای باکوور) لە ماڵی خۆیەوە، لە وڵاتی شەختەبەندەوە، دەهات‌و کاتێ تریفەی مانگ لە ئاسمانی شەختەبەندا زەوی ڕووناك دەکردەوە، لەو کاتەدا، پێست سوورەکان لە ناو چادر کۆ دەبوونەوە. (یاگۆ) لەبەر ئاگر دادەنیشت‌و کوڕو کچی بچکۆڵە دەوریان دەدا.

(بای باکوور) دەیکردە گڤە گڤ : (ووا! ووا!). پرووشکە ئاگر بەرز دەبووەوەو (یاگۆ) کۆلکەداری تری دەهاویشتە سەر ئاگر: (وو !! ووا!)! ئەم بای باکوورەسەیرە، شەیتان‌و مزیر بووا دەتگوت چرای زەمبەلیلکی بە قڕی ئاڵۆسکاودا شۆڕ بۆتەوە. ئەگەر چادرەکە زۆر قایم‌و پتەو نەبایە، هەڵبەت بەری دەدایەوەو ئەگەر ئاگری ناو چادرەکە زۆر گەورە نەبایە، بێ گومان دەیکوژاندەوە. بەڵام چادری پێست سوورەکان بۆ ئەو جۆرە ڕۆژانە دروست

کرابوو. لێرەکەی تەکیشیان کۆلکەداری وای تێدابوو، هەتا هەتایە بیانسووتاندایە تەواو نەدەبوو.

بەم جۆرە بای باکوور هیچی لە دەست نەدەهات ئەوە نەبێ ددانی جیڕ بکاتەوەو بیکا بە گڤە گڤ : (وو !! وو!!) !

کچێکی بچکۆلانە، کە لە هەموویان شەرمنتر بوو، خۆی گەیاندە (یاگۆ)و دەستی لەسەر ئەو پیرەمێردە داناو گوتی:

- (یاگۆ)! گوێت لێ بێ ! ئایا ئەتۆ لەو باوەڕە دای (بای باکوور) بتوانێ ئەزیەتمان بدا؟

(یاگۆ) وەڵامی دایەوە:

هیچ ترست نەبێ! (بای باکوور) ناتوانێ زەرەر بە کەسانی شادو ئازا بگەیەنێ. راستە دادو بێدادی دەکاو دەیکا بە هەراو هۆریاو ژاوەژاو، بەڵام لە دڵەوە زۆر ترسنۆکە!! هەر زوو لە بەر دەم ئاگردا دەبەزێ ! چۆنە هەقایەتێکتان لە بارەی (بای باکوور) بۆ بگێڕمەوە؟

ئەو هەقایەتەی (یاگۆ) گێڕایەوە، ئەمە بوو: (شین گەبیس) چۆن (بای باکوور)ی تەفرە دا؟

* * *

(١)

## (شین گەبیس)

## چۆن ( بای باکوور)ی تەفرە دا؟

لە رۆژگاری هەرە کۆن، کاتێ کە مرۆڤێکی زۆر کەم لە سەر زەوی دەژیان، خێڵێکی ماسیگران لە باکوور هەبوو. ئەو وڵاتە شەختەبەندە هاوینان باشترین ماسی هەبوو، بەڵام زستانان کەسی تێدا نەدەژیا. پاشای ئەم وڵاتە شەختەبەندە پیرەمێردێکی دڵڕەق بوو، پێست سوورەکان پێیان دەگوت(کابیب ئونوگا) واتە(بای باکوور).

هەر چەندە ئەو ولاتە بەستەڵەکە تا ئەو سەری دونیا درێژ دەبووەوە هەزاران هەزار میل فراوان بوو، بەڵام بای باکوور هێشتا پێ تێر نەدەبوو. کە بە رێ دا دەڕۆیشت، لە هیچ شوێنێکی دونیادا، هیچ نیشانەیەکی درەختی سەوز

نەدەما. ئیتر دونیا بە درێژایی ساڵ سپی دەبوو. هەموو رووبارەکان دەیانبەست و زوقم و شەختەو بەفر هەموو شوێنێکی وڵاتی دادەپۆشی. خۆشبەختانە، (بای باکوور) تین و توانای زۆر نەبوو. هەر چەندە دڵڕەق و بە تاقەتیش بوو، بە هیچ جۆرێ بە ئاوقووفی (شاوون داسی) واتە (بای باشوور) دانەدەندرا کە ماڵی لە وڵاتی جوانی گوڵەبەرۆژە بوو. ئەو شوێنەی ماڵی (بای باشوور)ی لێ بوو، هەمیشە هەر هاوین بوو. کاتێ کە بای باشوور بەسەر زەوی و زاردا هەڵی دەکرد، جەنگەڵ پڕ بنەوشەو دەبوو، کولیلکە سوورە لە زەوی زەرد شین دەبوو، کۆتر بە ئاوازی گمەگم بانگی هاوسەرەکانیان دەکرد. هەر ئەو بوو کاڵەک و ترێی ئەرخەوانی پێ دەگەیاند. هەر ئەو بوو بە هەناسەی گەرمی دەرەی ناو زەوی و زاری پێ دەگەیاند. هەر ئەو بوو بەرگی سەوزی دەکردە بەر جەنگەڵ و زەوی دەکردە شوێنێکی خۆش و باسەفا. هاوینان کاتێ کە لە باکوور رۆژ کورت دەبوو، (بای باشوور) دەچووە سەر تەپۆلکەیەك. سبیلە زلەکەی دادەگرت و دادەنیشت و بیری دەکردەوە. چەند سەعات دادەنیشت و سبیلی دەکێشا دووکەڵی سبیلەکەی وەکوو هەڵم بەرز دەبووەوەو هەوای پڕ دەکرد لە تەمێکی ناسك و تەنك، بە جۆرێ کە تەپۆلکەو دەریاچەکان وەکوو تەپۆلکەو دەریاچەی دونیای خەوو خەیاڵ دەکەوتنە بەر چاو. نە چ (با)ی دەهات و نە ئاسمان چ هەوری لەبەر بوو. کپی و ئارامی باڵی بەسەر هەموو شوێنێدا کێشا بوو. شتی وا سەیر لە هیچ شوێنێکی دونیادا نەبوو. ئەمە هاوینی پێست سوورەکان بوو.

ئێستا ئەو ماسیگرانەی لە باکوور تۆڕیان هەڵدا بوو، بە پەلەپەل کەوتبوون چونکە دەیانزانی کاتی ئەوە نزیك بۆتەوە کە (بای باشوور) بکەوێتە خەوو (بای باکوور)ی دڵڕەق و بێ بەزە پەلاماریان بداو وڵات بە دەریان بکا. ئەمە هیچ جێی خش و گومان نەبوو. رۆژێ، سەر لە بەیانی، لەو شوێنەی تۆڕیان هەڵدەدا، تفرە

شەختەیەکی تەنك  لەسەر ئاو دەرکەوت. بەفرێکی ئەستووریش لەسەر بانی زنجەکانیان لەبەر تیشکی رۆژ دەدرەوشایەوە.

ئەمانە نیشانەی ئاگادار کردنەوە بوون بۆ پێست سوورەکان. بەفرەکە تا دەهات ئەستوورتر دەبوو، بەفر بە کلۆی زل زل دەباری. (گورگی چەمەنزار)بە چاکەتی سپیو تووکنی زستانەی، بەم بەو لادا رایدەکردو لە دوورەوە دەنگی پڕمە پڕمی دەهات .

ماسیگرەکان هاواریان دەکرد:

ها، (بای باکوور) وا هات!! هەبزانە (بای باکوور) گەیشتە جێ.!! وەختی هاتووە، لێرە بار کەین و بڕۆین.

بەڵام(شین گەبیس)ی نۆقار تەنیا پێکەنینێکی هاتێ و بەس!

(شین گەبیس) هەمیشە هەر پێدەکەنی. کە ماسییەکی گەورەی دەگرت، تەنانەت کە هیچ ماسیشی نەدەگرت هەر پێدەکەنی! بە هیچ شتێ نەتەی بەر نەدەدا. بە برادەرەکانی دەگوت:

ئێستاش لێرە بواری ماسی گرتن هەر ماوە. من دەتوانم شەختە کون بکەمو لە باتی تۆڕ بە قولاب ماسی بگرم . من پیرە (بای باکوور) هەر بە هیچ نازانم!!

ئەوانیش بە سەرسامییەوە تەماشایان دەکرد. راستە، (شین گەبیس) هێزێکی جادوویی تایبەتی هەبوو، دەیتوانی خۆی بخاتە سەر شکلی مراوی. دیتبوویان وای لە خۆی کرد بوو، هەر بۆیەش نازناوی(نۆقار)یان پێ دابوو، بەڵام ئەمە چۆن وای لێ دەکا بتوانێ بەرامبەر بە رقی (بای باکوور)ی تۆقێنەر بوەستێ ؟

گوتیان:

_وا چاکە لەگەڵ ئێمە مانان بێی! (بای باکوور) زۆر لە تۆ بەهێزترە! گەورەترین درەختی جەنگەلیش لەبەر دەم رقی (بای باکوور)دا دەچەمێتەوە.

بەخورترین رووبار بە یەك سەرە پەنجەی (بای باکوور) دەبێ بە شەختە. مەگەر تۆ خۆت بکەی بە ورچ، یان ماسی، ئەگەر نا هیچت پێ لەگەڵ ناکرێ !

بەڵام (شین گەبیس) هەر ئەوە بوو زیاتر پێکەنیو گوتی:

ئەو فەروەیەی (سەگلاو)ی برام پێشکەشی کردووم و ئەو دەستکێشانەی لە (مشکی ئاوی) ئامۆزام وەرم گرتوون، بە درێژایی رۆژ دەمپارێزنو یەك لیژنە کۆلکەداری گەورەیشم لە ناو چادر هەیە. (بای باکوور) ئەگەر ئازایە با بێتە بەر ئاگری من !!

بەم جۆرە ماسیگرەکان بە پەستیو دلتەنگی، (شین گەبیس)یان بە جێ هێشت. (شین گەبیس)یان زۆر خۆش دەویست. راستی باوەڕیان نەدەکرد تازە جارێکی تر چاویان پێ بکەوێتەوە.

کە ئەوان رۆیشتن، (شین گەبیس) کەوتە سەر ئیشی خۆی. یەکەم جار دڵنیا بوو کە بە قەدەر پێویست چیلکەو توێژی وشکی درەخت و گەڵای نووك تیژی دارکاژی بۆ ئاگرکردنەوە کۆ کردۆتەوە. بۆ ئەوەی شەو، کە گەڕایەوە ناو چادرەکەی، ئاگری پێ بکاتەوە. بەفرێکی زۆر ئەستوور کەوتبوو. رووی ئاو بە جۆرێ بەستبووی بە گەرمای خۆریش نەدەتوایەوە. دەیتوانی بە دڵنیاییو بێ ئەوەی لە نقووم بوون بترسێ، بە سەریدا بڕوا. لە بارەی ماسییەوەیش، زۆر باش دەیزانی چۆن شەختە کون بکاو ماسی تێدا راو بکا. شەو بە پێ دەگەڕایەوە ماڵو یەك رستەکە ماسی درێژی بە دوای خۆیدا رادەکێشاو ئەم گۆرانییەی دەچڕی کە خۆی داینا بوو:

هۆ (بای باکوور)! هۆ پیرە پیاو!
ئەگەر دەتوانی وەرە بمترسێنە !
هەر چەندە بە هێزو دڵڕەق بی،

تۆش وەکوو من هەر دەمری!

بەم جۆرە شەوێکیان کە بە کاوەخۆ بەناو بەفردا دەڕۆیشت، تووشی (بای باکوور) هات. (بای باکوور) هاواری کرد:

- (ووو!! وو !!) ئەمە چ دوو پێیەکی ئازاو بوێرە، دوای ئەوەی تەنانەت قازی کێوی و ماسیگرەیش کۆچیان کردووە بۆ باشوور، زاتی کردووە لێرە بمێنێتەوە؟!ئێستا دەبینین داخۆ کێ سەروەری وڵاتی شەختەبەندە؟! هەر ئەمشەو، بە هەر جۆرێ بێ، دەچمە ناو چادرەکەیو ئاگرەکەی دەکوژێنمەوەو خۆڵەمێشەکەی بە هەموو لایەکدا پەرتو بڵاو بکەمەوە.(ووو!! ووو!!)

شەو داهات.(شین گەبیس) لەناو چادرەکەی خۆیدا، لەبەر ئاگر دانیشتبوو. چ ئاگرێك!! کۆلکەدارەکان هەر یەکەی ئەوەندە گەورە بوو، یەك مانگ دەسووتا.(ئەو سەردەمە سەعات نەبوو، پێست سوورەکان وەختیان بە مانگ حسێب دەکرد. یەکەی مانگیش لە دەرکەوتنی هیڵکی مانگێکی نوێ تا دەرکەوتنی هیڵکی مانگی پاشی درێژەی دەکێشا).

(شین گەبیس) خەریکی ماسی برژاندن بوو. ئەو ڕۆژە ماسییەکی تازەی گرتبوو. کاتێ ئەو خواردنە خۆشو زەریفەی لەسەر پشکۆی خەڵووز دەبرژاند، لێوی خۆ دەلستەوەو زۆر بە لەزەت دەستی لێك دەخشاند. ئەو ڕۆژە، چەند میل بە پێ ڕۆیشتبوو، بۆیە دانیشتنی بەر هاڵاوی ئاگری زۆر پێ خۆش بوو کە قاچەکانی گەرم دەکردەوە. بیری لەوە دەکردەوە برادەرەکانی بەلاش ئاوها زوو لەو شوێنە پڕ ماسییە ڕۆیشتن.

لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (ئەوان وا دەزانن (بای باکوور) سیحربازەو کەس دەرەقەتی نایەو کەس ناوێرێ لە رووی بوەستێ. بەلای منەوە ئەویش هەر

وەکوو من مرۆڤە. راستە من وەکوو ئەو بەرگەی سەرما ناگرم، بەڵام لە لایەکی ترەوە، ئەویش وەکوو من بەرگەی گەرما ناگریٚ ).

بەم بیرو بۆچوونە دڵی خۆش بوو، دەستی بە پێکەنینو گۆرانی کرد:

هۆ (بای باکوور)!هۆ کابرای شەختەبەند!

ئەگەر پێت دەکریٚ فەرموو بمرچێنە!

ئەوەندە گڤەگڤ بکە تا تاقەتت دەچیٚ

من لەبەر ئاگر جێم ئەمینە!!

ئەوەندە بە کەیف بوو، لە کەیفخۆشییان ئاگای لەو دەنگو هەراو هۆریایە نەبوو کە کت و پڕ لە دەرەوە بەر پا بوو. بەفرێکی ئەستوور خێرا خێرا دەباری. ئەو کلۆ بەفرانە کە دەهاتنە خوارەوە، دووبارە وەکوو تۆزو غوبار بەرز دەبوونەوە ئاسمان و بە چادرەکە دەکەوتنو قۆپەنە بەفرێکیان پێک دەهێنا. بەڵام لە باتی ئەوەی بەفرەکە، ناو چادرەکە ساردتر بکا، وەکوو بەتانییەکی ئەستووری لیٚ دەهاتو لیٚ نەدەگەڕا هەوای سارد بچێتە ناو چادرەکەوە.

(بای باکوور) هەر زوو هەستی بە غەڵەتی خۆی کردو زۆر توورە بوو. لە ناو دووکەڵکێشەوە هاواری کرد. دەنگی ئەوەندە گڕو ترسناک بوو، زراوی هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دەبرد. بەڵام (شین گەبیس) تەنیا پێدەکەنیو بەس!! ئەم وڵاتە گەورەو ئارامە، ئەوەندە کپو بیٚ دەنگ بوو، ئەم چێژی لە بچووکترین دەنگ وەردەگرت. لە وەڵامدا هاواری کرد:

- هۆ!هۆ! (بای باکوور) ، چۆنی؟ ئاگاداری خۆت بە گوێت نەتەقیٚ !

(با)خۆی بە ناو چادرەکەدا کردو پەردەی سەر دەرگا، کە لە پێستە گامێش دروست کرابوو، بە توندی بەم لاو بەو لا کەوت و کەوتە تریپ تراپ!

(شین گەبیس) بە خۆشیو شادی هاواری کرد:

- وەرە ژوورەوە (بای باکوور)، وەرە ژوورەوە ، خۆت گەرم کەوە. بێ گومان دەرەوە زۆر ساردە!

(بای باکوور) ، کە ئەم قسە گاڵتەو قەشمەریانەی بیست، بە توندی خۆی بە پەردەکە دادا، پەتێکی پساندو چووە ژوورەوە.

ئۆی لەو هەناسە ساردە! هەناسەی ئەوەندە سارد بوو، چادری گەرمی (شین گەبیس) ی پڕ تەم کرد.

(شین گەبیس) وای پێشان کە هەر نەیدیوە. بە دەم گۆرانی گوتنەوە هەستاو کۆلکەدارێکی کاژی تری خستە سەر ئاگرەکە. ئەم کۆلکە دارکاژە گەورەیە ئەوەندە بە گەرمی دەسووتا، ئەوەندە گەرمایی دەدا، (شین گەبیس) ناچار بوو نەختێ لە ئاگرەکە کشایەوە. بە تی چاو سەیری (بای باکووری)ی کردو دیسان پێی پێکەنی. (بای باکوور) ئارەقەی لە نێو چەوان دەچۆڕایەوە. هەر خێرا بەفرو زەمبەلیلکی سەر قژی ئاڵۆسکاوی نەما. دەق وەکوو چۆن مرۆڤێکی بەفری لەبەر گەرمیی هەوای بەهار دەتوێتەوەو دەبێ بە ئاو، (بای باکوور)یش ئاوها دەستی بە توانەوە کرد. (بای باکووری)ی تۆقێنەر خەریك بوو دەتوایەوەو دەبوو بە ئاو. لووت‌و گوێچکەو سەراپای لەشی وردە وردە بچووك بووەوە. ئەگەر ئەم پاشایەی وڵاتی بەستەڵەك نەختێ زیاتر لەوێ بمابایەوە، لە یەك گۆمیلکە ئاو زیاتر هیچی لێ نەدەمایەوە.

(شین گەبیس) بە دڵڕەقی گوتی:

- وەرە بەر ئاگر، هەڵبەت تا مۆخی ئێسقانیشت بۆتە شەختە. وەرە پێش، خۆت گەرم کەوە.

بەڵام (بای باکوور) چەند بە خێرایی هات، لەوەش خێراتر بۆی دەرچوو.

(بای باکوور)، کە لە دەرەوە، هێزو تاقەتی هاتەوە بەر، زۆر بە تووڕەیی گەڕایەوە. لەبەر ئەوەی نەیتواتی بوو (شین گەبیس) بکا بە شەختە، هەرچی هاتە سەر ڕێی، ڕقی خۆی پێ داڕشت. بەفری لە ژێر پێ دا دەبوو بە تفرە شەختەو بە گڤەگڤو هۆنەهۆن قرچو هۆڕ چلی دارو درەختی دەشکاند. ڕێوی

پەنایان بۆ کونان دەبردو (گورگی چەمەنزار)ی سەرگەردان خۆیان لە نزیکترین حەشارگەدا دەشاردەوە.

(بای باکوور) جارێکی تریش چووەوە لای چادری (شین گەبیس)و لە ناو دووکەڵکێشەوە هاواری کرد:

وەرە دەرەوە، ئەگەر ئازای وەرە دەرەوە، لێرە لەسەر بەفر زۆرانەم لەگەڵ بکە. بزانین کیهەمان ئاغایە؟!

(شین گەبیس) نەختێ بیری کردەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: (بێ گومان ئاگری ناو چادر پرزەی لێ بڕیوەو منیش لەشم گەرم و گوڕە. وا بزانم دەتوانم بە سەریدا زاڵ ببم! ئیتر لە دەستی دەحەسێمەوەو دەتوانم چەندی بمەوێ بۆ خۆم لێرە بمێنمەوە.)

ئەوە بوو خێرا لەناو چادر چووە دەرەوەو (بای باکوور) بۆی هات. لێیان بوو بە شەڕێکی گران. چەند جار ئاوقای یەکتر بوون‌و بانگەرۆز بوونەوە سەر زەوی. بە درێژایی شەو هەر لە زۆرانبازیدا بوون. ڕێوی لە کونەکانیان هاتبوونە دەرەوەو ئەڵقەیان بەستبوو، تەماشایان دەکردن. (شین گەبیس) بەو هەوڵ و تەقەلایە، خوێنی گەرم دا هاتبوو. هەستی دەکرد (بای باکوور) تا دێ بێ هێزو بێ تاقەت تر دەبێ. هەناسەی شەختەبەندی (بای باکوور) توانای جارانی نەمابوو، تەنیا ئاهێکی کزی تێدا مابوو.

ئاخیری کە رۆژهەلات، زۆرانبازەکان بە هێنکە هێنک لێک هەڵبڕان. (بای باکوور) بەزی. بە نائومێدی هاواری کردو گێژی خواردو هەڵات. تا دوورترین شوێنی باکوور، بگرە تا وڵاتی کەروێشکی سپی هەر رای کرد. کە دوور دەکەوتەوە، دەنگی پێکەنینی (شین گەبیس)ی هەر لە گوێدا دەزرینگایەوە.

بەم جۆرە شادیو ئازادی دەتوانێ تەنانەت بە سەر بای باکووریشدا زاڵ ببێ.

(٢)

## كوڕو كچە بچكۆلانەكەی ناو هەوران

(یاگۆ)ی هەقایەتخوان لە قوژبنێك دانیشتبوو، دالغەی ڕۆیشتبوو، تەماشای خۆڵەمێشی پشكۆكانی ناو ئاگری دەكرد.

منداڵ دەیانزانی لەو كاتانەدا نابێ بە پرسیار كردن، یان بە سوور بوون لەسەر داواكردنی گێڕانەوەی هەقایەت، سەخڵەتی بكەن. دەیانزانی (یاگۆ) ئێستا ئەو شتە سەیرو سەمەرانەی دیونی، یان بیستوونی، هەمووی بە مێشكدا دێ. دەیانزانی بزۆتو پشكۆی سوور شكلی سەیر بە خۆیانەوە دەگرنو تەنیا (یاگۆ) سەریان لێ دەر دەكا. ئەگەر ئەوان سەخڵەتی نەكەن، ئەم، هەر زوو خۆی دەست بە قسە دەكا.

بەڵام ئەو شەوە، منداڵ هەر چەندە بە پەرۆشەوە چاوەڕێیان دەكردو بە دەنگی نزم قسەیان دەكرد، (یاگۆ) وەكوو پەیكەرێكی بەرد بە بێ جوولە دانیشتبوو، متەقی لێوە نەدەهات. منداڵ دەترسان (یاگۆ) لە بیری كرد بنو ناچار بن ئەو شەوە بە بێ هەقایەت سەر بنێنەوە.

هەر بۆیەش (شکۆی بەیانی ) کە هەمیشە لەم حاڵەتانەدا پرسیاری دەکرد.
ئەم جارەیش پرسیارێکی بە مێشکدا هات، پێشتر قەت نەیکرد بوو، گوتی:

- (یاگۆ) !

ترسا نەوەك ئەزیەتی دابێ، هەڵوەستەیەکی کرد.

پیرەمێرد لەگەڵ دەنگی(شکۆی بەیانی) راچڵەکی دەتگوت مێشکی بە سەفەرێکی دوورو درێژی رابردووەوە خەریکە:

- چییە (شکۆی بەیانی) ؟!

-(یاگۆ)، دەتوانی پێم بڵێی ئاخۆ ئەم چیایانە هەمیشە هەر هەبووین؟

پیرەمێرد تەماشایەکی کرد. ئەو پرسیارانەی لێیان دەکرد ، هەر چەندە زەحمەتیش بوونایە، ئەم بە شادی و خۆشحاڵی وەڵامی دەدایەوە. هیچ گاوێ نەیدەگوت:

( ئیشم هەیە، سەخڵەتم مەکەن)، یان (سەبر بگرن، پاشان وەڵامتان دەدەمەوە).

جا کاتێ کە (شکۆی بەیانی ) ئەم پرسیارەی کرد، پیرەمێردی ئاقڵمەند سەری لەقاندو گوتی:

ئایا دەزانی منیش زۆر جار ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم: (ئایا ئەم چیایانە هەمیشە هەر هەبووین، یان نا؟)

(یاگۆ)نەختێ راوەستاو دووبارە چاوی بڕییە ئاگرەکە. وەك ئەوەی بتوانێ وەڵامی پرسیارەکە لە ناو ئاگرەکە بدۆزێتەوە.

ئاخیری دووبارە دەستی بە قسە کردەوە:

بەڵێ ، بەلای منەوە چیاو تەپۆلکە لە وەتی دونیا دونیایە هەر هەبوونە. لەگەڵ دروست بوونی دونیا پەیدا بوونە. واتە گەلە گەلە لەمێژە هەن. ئێوە پێشتر هەقایەتی دروستبوونی دونیاتان بیستووە، بەڵام تەپۆڵکەیەکی بڵند هەیە، پێشتر نەبووە. ئەو تەپۆلکەیە لە پڕ بە شێوەیەکی جادوویی پەیدا بووە. ئایا قەت هەقایەتی ئەو تەپۆلکەیەم بۆ گێڕاونەتەوە کە چۆن هەر بەرز بووەوەو بەرز بووەوەو کوڕو کچێکی بچکۆلانەی بردە ناو هەوران؟

منداڵەکان بە یەك دەنگ هاواریان کرد:

- نا، نا، قەت ئەو هەقایەتەت نەگێڕاوەتەوە. دە ئێستا بۆمان بگێڕەوە!

ئەمە هەقایەتی تەپۆلکەیەکی سیحراوییە کە (یاگۆ) لە بابە گەورەی خۆی بیستووەو ئەویش لە بابە گەورەی خۆی بیستووە. لەوانەیە بابە گەورەی بابە گەورەی (یاگۆ)، لە کاتێ روودانی ئەو بەسەرهاتە خۆی لەوێ بووبێ:

لە زەمانی هەرە کۆن، کاتێ کە بنیادەمو گیاندار بە تەباو تفاقی لەگەڵ یەك دەژیان، کاتێ کە (کایوت) یان ( گورگی چەمەنزار) گیاندارێکی بەدکار نەبوو، کاتێ، تەنانەت شێری چیایش بە خۆشیو شادی دەینەڕاندو لەگەڵ بنیادەم بە یەکەوە رۆژگاریان دەقەتاند، کوڕو کچێکی بچکۆلانە هەبوون لەناو دۆڵێکی خۆش دەژیان. ئەو دۆڵە جێگایەکی زۆر خۆش بوو بۆ ژیان. گۆڕەپانی یاری ئاوها لە هیچ شوێنێکی دونیادا نەبوو. کاتێ کە بای دەهاتو لە گیای بەرزی دەدا، گیا لە بەر با کەروێشکەی دەکردو وەکوو دەریا شەپۆلی دەدا. لەم دۆڵە خۆشەدا، گوڵی لە هەموو رەنگێك دەڕوانو میوەی وردیلە لەسەر دارو دەوەن پێ دەگەیشتنو هاوینان ئاسمان پڕ دەبوو لە چریکەو گۆرانی باڵندان.

لە هەمووی خۆشتر ئەوە بوو، ئەم شوێنە هیچ شتێکی ترسناکی تێدا نەبوو. منداڵ دەیانتوانی بە کەیفی خۆیان بۆ هەر کوێ بیانەوێ بچنو سەیری

پەپوولەی شادومان بکەن‌و بۆ خۆیان ببن بە برادەری کەروێشك‌و سمۆرە، یان شوونی مێشەنگوین هەڵبگرن تا دەگەنە ئەو درەختەی هەنگوینیان تێدا داناوە.

لە بارەی گیانداری کێویش، مەسەلەکە زۆر لەمڕۆ جیا بوو. ئێستا، لە سەر دەمی ئێمە مانان، ئەم گیاندارە داماوانە دەخەنە ناو قەفەس، یان لەسەر پارچە زەوییەکی بچووك بەندیان دەکەن‌و شوورەیان بە دەورەدا دەکێشن. کەچی ئەوسا، لەو دۆڵە خۆشەدا، گیاندارەکان بە سەربەستی‌و ئازادی، بە شادی‌و خۆشی، بەم لاو بەو لادا رایاندەکرد. دەبوایە هەر وایش بێ .

ورچ گیانداریکی کەتەو تەپو تەوەزەل‌و ساویلکە بوو. هاوین هەنگوین‌و وردە میوەی دەخواردو زستان دەچوو لەو چیایانە تا بەهارێ لەناو ئەشکەوتی خۆی دەخەوت. مامز وەکوو مەڕ کەیی‌و دەستەمۆ بوو، زۆر جار بۆ خواردنی گیای وردو ناسك، دەچوونە ئەو شوێنەی دوو منداڵەکە یارییان لێ دەکرد.

ئەو دوو منداڵە هەموو گیاندارەکانیان خۆش دەویست‌و گیاندارەکانیش ئەوانیان خۆش دەویست. بەلام ئەم دووانە ، ئاسك و کەروێشکی کێوییان لە هەموو گیاندارەکانی دی خۆشتر دەویست.

کەروێشکی کێوی پێی درێژەو گوێی درێژی وەکوو گوێی ئێستر وایە. هیچ گیانداریکی بچووك ناتوانێ بازی بە قەد ئەو گەورە باوێ. بەلام بێ گومان ئەویش ناتوانێ بازی بە قەد بازی ئاسك باوێ.

شتێکی تریش هەبوو ئەو دۆڵە خۆشەی خۆشترو پەسندتر کردبوو بۆ ژیان، ئەویش ئەو رووبارە بوو کە بە ناویدا دەهات. هەموو گیاندارەکان لە دوورو نزیکەوە دەهاتنە سەر ئەو رووبارە بۆ ئەوەی ئاوی فێنك‌و زولالی لێ بنۆشن‌و لە رۆژانی گەرمی هاوین مەلەی تێدا بکەن. گۆماوێکی تەنکیشی لێ بوو دیار بوو بە تایبەتی بۆ ئەو کوڕ کچە بچکۆڵەیە دروست کرابوو. سەگلاوی برادەریان، کە

کلکی وەك سەول پانو پەنجەکانی پێی وەکوو پەنجەی پێی مراوی پەردەدار بوون، کە ئەم دووانە تازە بەسەر پێ دەکەوتن ، فێری مەلەی کردبوون. زۆر خۆش بوو کە پاش نیوەڕوانی گەرم، مەلەیان لەو گۆمەدا دەکرد.

ڕۆژێ لە ڕۆژانی ناوەڕاستی وەرزی هاوین، ئاوی گۆمەکە زۆر خۆشو سووكو فێنك بوو. دوو منداڵەکە ماوەیەکی زۆر لەناو ئاوەکە مانەوەو کە هاتنە دەرەوە، زۆر شەکەتو ماندوو بوون. لە بەر ئەوەی نەختێ سەرمایان بوو. هەر لەوێ بە دوای شوێنێکی باشو لە باردا گەڕان بۆ ئەوەی خۆیان وشكو گەرم بکەنەوە.

کوڕەکە گوتی:

وەرە بچینە سەر ئەو تەپۆلکە پانو گەورەیە سەری هەمووی قەوزەیە. تا ئێستا ئێمە نەچووینەتە سەری، بێ گومان زۆر خۆشە!

تەپۆلکەکە لایەکی زۆر بەرز نەبوو، کوڕەکە لەو لایەوە بەسەر تەپۆلکەکە کەوتو خۆشکیشی لە دوای خۆی ڕاکێشا. هەردووکیان لەسەر تەپۆلکەکە درێژ بوون، دوای نەختێ، بە بێ دەستی خۆیان خاو بوونەوەو خەوێکی قووڵیان لێ کەوت.

لەو کاتەدا کەس نازانێ چ بوو، لە پڕ تەپۆلکەکە جووڵاو دەستی بە بەرزبوونەوە کرد. ئەمە شتێکی ڕاستەو ڕووی داوە چونکە ئەوتەپۆلکەیە ئێستایش بەو بەرزیو ڕکییەی خۆی ماوەو لە هەموو تەپۆلکەکانی ناو ئەو گەڵییە بەرزترە. منداڵەکان خەویان لێ کەوتبوو. بەردەکە هەر بەرز بووەوەو بەرز بووەوە. بۆ ڕۆژی پاشی لە بڵندترین درەختیش بەرزتر بووەوە. دایك و باوکی ئەم منداڵانە ئەو ماوەیە زۆر بە دوای منداڵەکانیاندا گەڕان بەڵام بێ هوودە بوو. منداڵەکان لە هیچ کوێ دیار نەبوون. کەسیش نەیدی بوون بچنە سەر تەپۆلکەکە. هەموو لایەك ئەوەندە پەشۆکان بوون، هەستیان پێ نەکرد

تەپۆلکەکە چی لێ هاتووە. دایكو باوکی ئەو منداڵانە زۆر دوور کەوتنەوە. دەیان دەپرسی:

- ئەرێ ئاسکەکە، کوڕو کچە بچکولانەکەی ئێمەت نەدیوە؟ ئەی تۆ کەروێشکی کێوی، بێ گومان تۆ دیوتە!!

بەڵام هیچ کەس منداڵەکانی نەدی بوو!

ئاخیری تووشی (گورگی چەمەنزار) هاتن، کە لە هەموویان ئاقڵتر بوو. (گورگی چەمەنزار) متو مۆی بە هەموو شتێكو هەموو شوێنێکەوە دەکردو لە ناو گەڵییەکەدا، بەم لاو بەو لادا دەگەڕا. پرسیاریان لەویش کرد. (گورگی چەمەنزار ) گوتی:

نەخێر، من زۆر دەمێکە نەمدیون. بەڵام من بۆ بۆن کردن لووتێکی باش و بۆ بیر کردنەوە میشکێکی بەهێزم هەیە. کێ هەیە لە من باشتر بتوانێ یارمەتیتان بدا!؟

بەم جۆرە (گورگی چەمەنزار) قەراخ بە قەراخی رووبارەکە لەگەڵیان کەوتە رێ. هەر زوو گەیشتنە ئەو گۆمەی منداڵەکان مەلەیان تێدا کرد بوو. (گورگی چەمەنزار) چەند جارێك ئەو ناوەی بۆن کرد. لمووزی لەسەر زەوی دەگێڕا. بەم لاو بەو لادا رایدەکرد. ئینجا راستەوخۆ هەر رایکرد بۆ لای تەپۆلکەکەو ئەوەندەی پێی کرا دەستی بەرز کردەوەو دیسان بۆنی کرد. بە بۆڵە بۆڵ گوتی:

هم! من بۆم ناکرێ وەکوو هەڵۆ بفڕم و ناشتوانم وەکوو سەگلاو مەلە بکەم، بەڵام وەکوو ورچ گێل و خەرفاو نیم و وەکوو کەروێشکی کێویش نەزان نیم! من لووتم هەرگیز تەفرەی نەداوم. کوڕو کچەبچکۆلانەکانی ئێوە دەبێ لەسەر ئەم تەپۆلکەیە بن.

دایك و باوکی منداڵەکان بە سەرسامی پرسیان:

باشە چۆن توانیویانە بچنە سەر ئەو بڵندایيە؟

تەپۆلکەکە تا ئەو کاتە ئەوەندە بەرز ببووەوە، دوندی لە ناو هەور دیار نەبوو. (گورگی چەمەنزار) حەزی نەدەکرد ئەوانی دی وا بزانن کە ئەم ، وەڵامی پرسیارەکە نازانێ، گوتی:

مەسەلەکە ئەمە نییە! مەسەلەکە بە هیچ جۆرێ ئەمە نییە! هەموو کەس دەتوانێ ئەم پرسیارە بکا، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەمەیە: چۆن بتوانین بیانهێنینە خوارێ ؟

بەم جۆرە هەموو گیاندارەکانیان کۆ کردەوە بۆ ئەوەی لە مەسەلەکە بکۆڵنەوەوە چارەیەك بدۆزنەوە. ورچ گوتی:

ئەگەر پێم بکرایە باوەش بەم تەپۆلکەیە بکەم، دەمتوانی بە سەری بکەوم، بەڵام ئەم تەپۆلکەیە زۆر لەم قسانە گەورەترە.

رێوی گوتی:

- ئەگەر ئەمە لە باتی تەپۆلکەیەکی بەرز، چاڵێکی قووڵ بوایە، من دەمتوانی یارمەتیتان بدەم.

سەگلاویش گوتی:

- ئەگەر ئەم تەپۆلکەیە لە بن ئاو بوایە، من دەمتوانی زەرگێك لێ بدەم و بە تیژی بە مەلە بۆی بچمە خوارێ.

لەبەر ئەوەی ئەم قسانە هیچ ئەنجامێکیان نەبوو، بڕیاریان دا هەوڵ بدەن خۆیان بۆ ترۆپکی تەپۆلکەکە هەڵاوێن. دیار بوو لەمە بەولاوە هیچ چارەی تر نەبوو. لەبەر ئەوەی هەموو بە پەرۆشەوە بوون خۆیان لەم کارە تاقی بکەنەوە، یەکەم جار ریگەیان بە بچووکترین گیاندار دا بۆ ئەوەی خۆی تاقی بکاتەوە.

مشك بازێکی کورتی هەڵدا بە قەدەر بستی زەلامێك. ئینجا سمۆرە بازێکی نەختێ بڵندتری هاویشت. کەروێشکی کێوی بازێکی هاویشت لە عومری خۆی بازی وای نەهاویشت بوو، ئەوەندەی نەمابوو پشتی بشکێ ، بەڵام سوودی نەبوو. ئاسك قەلەمبازێکی زۆر بەرزی هاویشت، بەڵام هەر ئەوەندەی پێ کرا ، کە هاتە خوارەوە بە سەر پێوە بوەستێ بۆ ئەوەی ئەزیەت نەخوا. ئاخیری شێری شاخ و کێو لەبەر کشایەوەو بە غار بەرەو تەپۆلکەکە رایکردو یەکەو راست خۆی هەڵدا، بەڵام بەربووەوەو بە پشتدا گلۆر بووەوە. بازی شێر لە هەموویان بەرزتر بوو، بەڵام ئەویش بە کەلك نەهات، چونکە بە هیچ کوێ نەگەیشت.

ئیتر کەس نەیدەزانی چ بکەن باشە! خەریك بوو واز بێنن ئەم کورِو کچە هەتا هەتایە لەو بەرزاییە ، لەناو هەوران بخەون. لە پڕ دەنگێکی زۆر کز هاتو گوتی:

=ئەگەر ئێوە لێ بگەڕێن من خۆم تاقی بکەمەوە، لەوانەیە بتوانم بە سەر ئەم تەپۆلکەیە بکەوم.

هەموو بە سەرسامی سەیری دەوروبەری خۆیان کرد. نەیانزانی کێ بوو قسەی کرد. سەرەتا هیچ کەسیان نەدیو وا یانزانی ئەمە گورگی چەمەنزارە سەریان دەخاتە سەر. بەڵام گورگی چەمەنزاریش وەکوو ئەوانی تر سەری سوڕما بوو. دەنگە نزمەکە دووبارە گوتی :

– نەختێ سەبر بگرن. من وا بەو پەڕی خێراییی هاتم!

ئینجا کرمی بەندەبەند لەناو گیاو گۆڵ هاتە دەرەوە. ئەم کرمە بچووك و گاڵتەجارە بە چەماندنەوەی لەشی دەجوولایەوەو لەگەڵ هەر جوولەیەکدا، گرێیەك دەچووە پێش. شێری چیاو کێو بە دەنگێکی قایم، کە لە بنی قوڕگی هاتە دەرەوە، گوتی:

- عو، عو!

شێر هەر کاتێ سووکایەتی بە پلەو پایەی بکرایە، بەم جۆرە دەدوا.

- عو، عوا!ئایا ئێوە تا ئێستا قەت گیانداری ئاوها رووقایم‌و بێ ئەدەبتان دیوە؟ من کە شێرم بە شێراتی خۆم نەمتوانی لەم کارەدا سەرکەوتوو بم، کرمێکی بچووك‌و داماوی وەکوو تۆ چۆن دەتوانێ کاری وا بکا؟ تۆ هەر ئەوەندە بە من بڵێ!!

کەروێشکی کێوی گوتی:

بە ڕاستی کارێکی گەوجانەیە! بەڵێ! من تا ئێستا گیانداری وا بوغراو لە خۆباییم نەدیوە!

دوای گفتوگۆو بینەو بەرەیەکی زۆر، ئاخیری هەموو سەلماندیان زەرەری تێدا نییە رێگەی بدەن ئەویش خۆی تاقی بکاتەوە.

بەم جۆرە کرمی بەندەبەند بە هێواشی رووی کردە تەپۆلکەکەو پێیدا هەلگەڕا. بە ماوەی چەند دەقیقەیەك، لە جێ بازی کەروێشکی کێوی بەرزتر بووەوە، هەر زوو لەو شوێنەش بەرزتر بووەوە کە شێری چیاو کێو توانیبووی خۆی بۆ هەڵ بدا. دوای ماوەیەکی کەم، لەبەر چاوی هەموویان بزر بوو. کرمی بەندەبەند یەك مانگی رەبەق، شەوو رۆژ بە تەپۆلکە سیحراوییەکەدا هەلگەڕا تا گەیشتە سەر ترۆپکی. کە گەیشتە ئەوێ، کوڕو کچە بچکۆلانەکەی بە خەبەر هێناو ئەوانیش کە دیتیان لەو جێگایەن، هەر واقیان وڕما!! رێگایەك لە ترۆپکی تەپۆلکەکە دەهاتە خوارێ کەس پێی نەدەزانی، کرمەکە منداڵەکانی بە سەلامەتی بە وێدا هێنایە خوارەوە.

بەم جۆرە، ئەم گیاندارە بچووك‌و بێ هێزە بە ورەبەرزی‌و پشت قایمی خۆیەوە، توانی ئیشێکی وا بکا کە ورچ بەو هەموو کەلەشە زلەی و شێری چیاو کێو بەو هەموو هێزەی خۆیەوە، نەیانتوانی بییکەن.

ئەم بەسەرهاتە بۆ رابردوویەکی زۆر دوور دەگەڕێتەوە. ئەمڕۆ، شێرو ورچ لە ناو دۆڵەکەدا نەماون. کەس هەر بیریشیان لێ ناکاتەوە، بەڵام هەموو کەس ئەو کرمەی لەبیرەو باسی دەکا، چونکە تەپۆلکە گەورەکە ئێستایش لەوێ ماوەو پێست سوورەکان تەپۆلکەکەیان بە ناوی ئەم کرمە کردووە. ئەوان بەو تەپۆلکەیە دەڵێن: (توتوك ئانولا). ئەم ناوە بۆ زیندەوەرێکی بچووکی وەکوو ئەم کرمە ناوێکی دوورو درێژە، بەڵام ئەگەر بیر لە کردەوەی گەورەو ئازایانەی کرمەکە بکەینەوە، دەبینین ناوەکەی بە هیچ جۆرێ ئاوا دوورو درێژ نا کەوێتەبەر چاو.

* * *

(٣)

## منداڵی ئەستێرەی زوهرە

لە رۆژگاری دێرین، راوچییەك لە قەراخ دەریاچەی گەورەی(گیچی گۆمی) هەبوو. دە کچی بەربەخت و جوانی هەبوو. قژیان وەکوو پەڕی باڵندەی رەش، رەش وبریقەدار بوو. کاتێ کە دەڕویشتن، یان رایان دەکرد وەکوو ئاسکی ناو لێڕ جوان و سەرازاد بوون. هەر بۆیەش داخوازیکەریان زۆر بوو. داخوازیکەر هەبوون پیاوی ئازاو کۆكو پەلەستوور بوون، دەیانتوانی چەند رۆژ بەبێ ماندووبوون بە پێ بڕۆن. پەروەردەی دەشتو دەر بوون. داخوازیکەریش هەبوون، سوارچاکی بێ وێنە بوون، دەیانتوانی بێ زین و رکێب، زۆر بە تیژیو خێرایی ئەسپ غار بدەن. دەیانتوانی بە کەمەند ئەسپی کێوی بگرن و تەنیا بە فوو کردنی تایبەتی بە لووتیا دەستەمۆی بکەن، ئینجا سواری بن و بە جۆرێ پێی غار بدەن وەك ئەوەی ئەم ئەسپە چەند ساڵ بێ دەستەمۆ بێ. داخوازیکەری وایش هەبوون لە دوورەوە دەهاتن و بە بەلەم بە سەر دەریاچەی گەورەدا دەپەڕینەوەو بە سەول لێدانی توندو بێ دەنگ، بەلەمیان دەهاژوا.

ئەمانـە هـەموو بـە دەسـت و دیارییـەوە دەهـاتن. بـەو ئومێـدەی دڵـی بـاوکی کچەکان رابکێشن. دیارییـەکان بریتـی بـوون لـە: پـەڕی هـەڵۆ کـە تـا نزیـك خـۆر بـەرزدەبووەوە، کـەوڵی رێـویو سـەگلاو، کـورکی سـخو بـە گڵـوازەی گـامێش، مووروی رەنگاورەنگو (وەمپام) کە جۆرە سەدەفێك بوو و پێست سوورەکان لە باتی پارە بە کاریـان دەهێنـا، هـەروەها پـەڕی سـیخوڕو پـەنجـەی قـاوەیی ورچ و کەوڵی ئاسك، کە ئەوەندە ناسك بوو دەستت لێ بدایە دەگەچلاو...شتی تـری لـەم بابەتانە.

کچەکان یەك لە دوای یەك ، هەر یەکە بە داخوازیکەرێك رازی بـوو، بـۆ خـۆی مێردی پێ کرد تا نۆ دانە کچیان چوونە رێی خۆیـانو بـۆ خۆیـان شوویان کـرد. بەم جۆرە یەك یەك چادر زیادی کرد. کاتی خۆی تەنیا یەك چادری خانەدانانـە لـە قـەراخ دەریاچـەی گـەورەدا هـەبوو، ئێـستا ژمـارەی چـادرەکان گەیـشتبووە رادەیەکی وا هۆبەیەکی بچووکیان پێك هێنابوو. ئەو وڵاتە زۆر دەوڵەمەنـد بـوو. ماسی و نێچیری ئەوەندە زۆر بو بایی هەموویانی دەکرد.

تەنیا کچە هەرە بچووك و هەرە جوانەکە مابووەوە، کە ناوی(ئو وی نی) بوو. لەگەڵ دایك و باوکی لە ناو یەك چادردا دەژیا. ئەم کـچە زۆر گـران و سـەنگین و جـوانو نـازدار بـوو. لـە هـەموو خوشـکەکانی دڵ فـراوانتر بـوو. بـە پێـچەوانەی خوشکە بوغراو هەڵەوەڕەکانی، زۆر شەرمن و خۆنەویستو کەمدوو بوو. حـەزی دەکرد بە تاقی تەنێ بـە نـاو دارسـتاندا پیاسـە بکاتو ببـێ بـە هـاوڕێی سمۆرەو باڵندانو لە خەیاڵ و بیر کردنەوەدا بێ. کەس نەیدەزانی بیر لـە چـی دەکاتـەوە؟ بـەڵام لـە چـاوی بـە دالغـەو سـیمای نازدارییـەوە دیـار بـوو هـیچ بـیری پـیس و خۆپەرستیو رق و قینی لە مێشکدا نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا (ئو وی نـی) لەگـەڵ ئەو بێ فیـزیو خاکەڕاییـەدا، ورەو متمانەیـەکی تایبـەتی بـە خـۆی هـەبوو. زۆر داخوازیکــەر هەســتیان بــەم ورەو متمانەیــەی کردبــوو. زۆر لــەو گەنجــە

لووتبەرزانەی دڵنیا بوون کچە پێیان رازی دەبێ، کە دەکەوتنە بەر گاڵتەو پلاری (ئو وی نی)، بە نائومێدیو هەناسەساردی دەگەڕانەوە.

بە راستی، رازی کردنی (ئو وی نی) کارێکی سەخت بوو. یەك لە دوای یەك داخوازیکەری دەهات، هەمووشیان قۆزو رێك و پێكو گەنجو پیاوی هەرە کۆكو هەرە ئازای وڵاتانی دەورو بەر بوون. بەڵام ئەم کچە چاو کاڵە قەت یەکێکی بە دڵ نەبوو: بە یەکێکی دەگوت زۆر کەڵەگەتە، بە یەکێکی تری دەگوت زۆر قوتەیە، بە یەکێکی تری دەگوت لەڕو لاوازە، بە یەکێکی تری دەگوت کەتەو قەڵەوە. بێ شك ئەم شتانە بەهانە بوون بۆ ئەوەی داخوازیکەرەکان لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. خوشکە لەخۆباییەکانی (ئو وی ئی) تاقەتیان چوو بوو، بەڵام دیار بوو (ئو وی ئی) گاڵتەی بە زەوقی ئەوان دەهات، چونکە بینا بە قسەی خۆی، دەیەویست ئەو مێردێکی زۆر لە هاوسەرەکانی ئەوان قۆزتر بدۆزێتەوە. بەڵام هێشتا کەسی بە شیاوی هاوسەرێتی خۆی نەدەزانی. خوشکەکانی تێی نەدەگەیشتن، ئەمەش وای کرد ئاخیری تووك ونەفرەتی لێ بکەن لەبەر ئەوەی گوایە کچێکی گێل و نەزانە.

باوکیشی کە زۆر خۆشی دەویست و هیوای خۆشبەختی بۆ دەخواست، ئەمەی زۆر بە لاوە سەیر بوو. رۆژێ پێی گوت:

- کچم بە راستی پێم بڵێ : ئایا تۆ دەتەوێ هەر هیچ مێرد نەکەی؟ کۆکترین پیاوی ئەم وڵاتە هاتنە داخوازیت و تۆ بە بیانووی پڕو پووچ هەمووت رەت کردنەوە، ئاخر بۆ؟

(ئو وی ئی) چاوە گەورەو رەشەکانی لە باوکی بڕی و ئاخیری پێی گوت:

- باوکە، مەسەلە ئەوە نییە من لامل و کەللە رەق بم ! بەلام وا دیارە من ئەو توانایەم تێدایە ناو دڵی ئەو پیاوانە ببینم. گرنگ دڵی پیاوە، نەك سەرو سیمای. من تا ئێستا گەنجێکم نەدیوە لەم رووەوە جوانی تێدا بێ.

دوای ماوەیەکی کەم شتێکی سەیر رووی دا. رۆژێ پێست سوورێك هاتە ئەو هۆبە بچووکە ناوی (ئوسو) بوو. چەندین ساڵ لە (ئو وی ئی) بە تەمەنتر بوو. کابرا دەستکورتو زۆر ناشیرین بوو. لەگەڵ ئەوەشدا (ئو وی ئی) شووی پێ کرد.

خوشکە لەخۆبایی و لووتبەرزەکانی چ نەما پێی نەڵێن. بیریان دەکردەوە هەبێو نەبێ ئەم کچە نازیمۆکە ئەقڵی لە دەست نەداوە؟ بێ گومان ئەوان هەمیشە لەو باوەڕەدا بوون کە ئایندەو ئەنجامی (ئو وی ئی) چاك نابێ. هەر چۆنی بێ قبووڵ کردنی ئەم مەسەلەیە بۆ خانەوادەکەیان شتێکی زۆر سەخت و ناخۆش بوو. بێ گومان ئەوان هەرگیز نەیاندەزانی (ئو وی ئی ) چی لەو مێردەی دیوە!

(ئوسو) پیاوێکی سەخی بوو، دڵێکی زێڕینی هەبوو. لەگەڵ سیمای پەستو پەژارەیا، مێشکێکی و جوانو پەرۆشییەکی شاعیرانەی گەرمی هەبوو. هەر لەبەر ئەمەش بوو (ئو وی ئی) کەوتبووە بەر دڵی. کە زانیشی (ئوسو) پێویستی بە چاوەدێری ئەو هەیە، زیاتر کەوتە بەر دڵی.

(ئو وی ئی) هەر بە خەیاڵیشی دانەدەهات کە (ئوسو) بە راستی گەنجێکی قۆزەو شەیتان تەلەسمی لێ کردووە. (ئوسو) خۆی کوڕی پاشای ئەستێرەی زوهرە بوو. ئەستێرەی زوهرە لە لای رۆژاوای ئاسمانو لەو پەڕی دونیادا، لەو شوێنەی رۆژی لێ ئاوا دەبێ، بە شکۆمەندی دەدرەوشێتەوە. زۆربەی ئەو شەوانەی کە ئاسمان ساماڵە، ئەو ئەستێرەیە، لە کەشێکی روونی ئەرخەوانیدا، وەکوو گەوهەرێکی درەوشاوە دەکەوێتە بەر چاو. ئەو ئەستێرەیە ئەوەندە نزیكو راستەقینە دیارە منداڵی بچکۆلە دەستی بۆ درێژ دەکەنو دەیانەوێ بەر لەوەی

له ناو جەرگەی شەودا ون ببێ، بیگرن‌و هەتا هەتایە لای خۆیان گلی بدەنەوە. منداڵی هەراشتریش دەڵێن:

(بێ شک ئەمە زەنگیانەیەکی جل و بەرگی (رۆحی مەزنە)، کاتی کە زەردەپەڕ، لە ناو باخی ئاسمان پیاسە دەکا) . ئەوان نەیاندەزانی(ئوسو)ی کلۆڵ و ناشیرین لەسەر ئەو ئەستێرەیە دابەزیوەتە خوارێ. (ئوسو) کاتێ دەستی بۆ لای ئەو ئەستێرەیە درێژ دەکردو بە چپەدوو قسەی هەلەق‌و مەلەقی لە ژێر لێوەوە دەکرد، هەموو گاڵتەو تیزیان پێ دەکرد.

جارێکیان، لە گوندەکەی دراوسێیان، ئاهەنگێکی گەورە ساز درابوو. هەموو خانەوادەی(ئو وی ئی)ش لە دوویان گەڕابووەوە. ئەم خانەوادەیە هەموویان بە پێ ملی رێیان گرت. نۆ خوشکە بە فیزو بوغراکە لەگەڵ مێردەکانیان لە پێشەوە دەڕۆیشتن و شانازییان بە جل‌و بەرگ‌و خشل‌و جەواهیراتی خۆیان دەکرد. وەکوو قەلەڕەش هەر خەریکی چەنەلێدان بوون. کەچی (ئو وی ئی) شان بە شانی (ئوسو)ی مێردی، بە بێ دەنگی لە دواوە دەڕویشت.

رۆژ ئاوا بوو. ئەستێرەی زوهرە لە زەردەپەڕی ئەرخەوانی‌و لە لێواری ئاسۆی زەویدا، درەوشایەوە. (ئوسو) سەنگرایەوەو دەستی بەرەو زوهرە هەڵبڕی وەك ئەوەی بیەوێ  داوای بەزەیی لێ بکا. بەڵام کاتێ ئەوانی تر بەم جۆرە بینییان، لە ناخی دڵەوە پێی پێکەنین‌و گاڵتەیان خستە سەرو قەشمەرییان پێ کرد.

یەکێ لە خوشکەکان گوتی:

- ئەمە لە باتی ئەوەی تەماشای ئاسمان بکا، وا چاکە سەیری زەوی بکا، نەوەك پێی لە شتێ گیر ببی‌و ئەسکوردی بشکێ . ئینجا دەمی قسەی کردە (ئوسو)و هاواری کرد :

_ وریا بە!! قەدەدارێکی گەورە لێرە کەوتووە. ئایا لەو باوەڕەدای بتوانی بە سەریدا تێ بپەڕی؟!

(ئوسو) وەڵامی نەدایەوە، بەڵام کە گەیشتە کن قەدەدارەکە، دووبارە سەنگرایەوە. دیتی قەدی داربەڕوویەکی زۆر گەورە لەوێ کەوتووە. ئەو قەدە دارە چەند ساڵ بوو لەوێ کەوتبوو. سەری هەموو قەوزەی بەستبوو. بەڵام شتێ هەبوو خوشکەکان هەستیان پێ نەکردبوو: قەدەدارەکە ناوی کلۆر بوو. کلۆراییەکەی ئەوەندە بەرین و گەورە بوو، ئینسان دەیتوانی بێ ئەوەی دابێتەوە، بە رەحەتی بە ناویدا تێ بپەڕێ.

بەڵام (ئوسو)، کە سەنگرایەوە، لەبەر ئەوە نەبوو نەتوانێ بەسەر قەدەدارەکەدا تێبپەڕێ، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو، ئەم قەدەدارە گەورەو کلۆرە شتێکی نهێنیو سیحراوی تێدا بوو. (ئوسو) ماوەیەکی زۆر چاوی بڕییە قەدەدارەکەو داما. هەر دەتگوت پێشتر لە خەودا دیویەتی و ماوەیەکە بە دوایدا دەگەڕێ. (ئو وی ئی) قۆڵی گرت و گوتی:

_ ئەوە چ بووە (ئوسو)؟ ئایا چ هەیە تۆ بیبینیو من نەتوانم بیبینم؟!

(ئوسو) قیژەیەکی لێ هەستا، لە ناو جەنگەل دەنگی دایەوە. ئینجا بە لەزو بەز خۆی کرد بە ناو قەدی درەختەکەدا. (ئی وی ئی) حەپەساو لە دیاری هێدم گرتوو بوو. چاوەڕێی دەکرد بزانێ چ دەبێ. دیتی پیاوێك لەو سەری قەدیدرەختەکە هاتە دەرەوە. بەڵام ئایا ئەمە (ئوسو) یە؟!بەڵێ خۆیەتی! ئای چەند گۆڕاوە!!ئەمە پیاوە کوورو قەمبوورو ناشیرینەکەی جاران نییە. ئەمە هیچ نیشانەی لەڕی و بیماری و بنسانی پێوە دیار نییە. بەڵکوو بۆتە گەنجێکی قۆزو بەهێزو کەڵەگەت. (ئو وی ئی) ئەوەندە کەیفخۆش بوو، نەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەلەسمەی شەیتان لە (ئوسو)ی کردبوو، هێشتا بە تەواوی نەشکابوو. (ئوسو)ش کە لە هاوسەرەکەی نزیك کەوتەوە، دیتی هاوسەرە

جوانەکەی گۆڕانێکی کت و پڕی بەسەر دا هاتووە. قژی ڕەش و بریقەداری سپی ببوو، ناوچەوانی لۆچ لۆچ ببوو. بە هەنگاوی سستو بە گۆپاڵ دەڕۆیشت. هەر چەندە (ئوسو)، قۆزیو گەنجێتی خۆی بۆ گەڕایەوە، بەڵام (ئو وی ئی) لە پڕ پیر بوو. (ئوسو) هاواری کرد:

_ ئۆی ، ئازیز گیان! ئەستێرەی زوهرە ئەم بەدبەختییەی منی بۆ تۆ گواستۆتەوە. بۆ ئەوەی گاڵتە بە من بکا. بریا لەم درەختە نزیک نەکەوتمایەوە! حەزم دەکرد سووکایەتی و قسەی ناشیرینی خزمەکانی تۆم بێتە سەر، نەك ببم بە مایەی ئازارو دەردەسەری بۆ تۆ!

(ئو وی ئی) وەڵامی دایەوە:

من ئەوەندەم بەسە. هەر ئەوەندەم دەوێ تۆ منت خۆش بوێ. ئەگەر بیانکردامە سەر پشك: لە منو لە تۆ کامەمان گەنج و قۆز بین، دەمگوت گەنج و قۆزەکە تۆ بیت!

ئەوسا (ئوسو)، (ئو وی ئی) گرتە باوەشو دڵی دایەوەو دڵنیای کرد کە سەبارەت بەو دڵە چاكو میهرەبانەی، ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر خۆشی دەوێ . ئیتر هەردووکیان دەست لە ناو دەست کەوتنە ڕێ .

کاتێ خوشکە لەخۆباییەکان زانییان چ قەوماوە، بڕواییان نەهات. بە ئێرەیی سەیری (ئوسو)یان دەکرد کە زۆر لە مێردەکانی ئەوان قۆزتر بوو. لە هەموو ڕوویەکەوە لەوان باڵاتر بوو. ورشە ورشی سەیرو سورسوڕهێنەری ئەستێرەی زوهرەی لە چاواندا بوو. کە قسەی دەکرد، هەموو کەس بە دڵو داو گوێی لێ ڕادەگرتو دەستخۆشی لێ دەکرد، بەڵام خوشکەکانی (ئو وی ئی) دڵیان وەك بەرد ڕەق بوو. هیچ سۆزو بەزەیی تێدا نەبوو بەرامبەر بە خوشکەکەیان. ڕاستییەکەی، ئەو خوشکانە هەستیان بە ئۆخژنو دڵنیایی دەکرد کە ئیتر

خوشکیان شەوق لە جوانی ئەوان نابڕێ و خەڵك بە پەسندانی خوشکیان، ئازاریان نادا.

ئاهەنگێکی خۆش کراو (ئوسو) نەبێ ئەوانی دی هەموو بە شادیو خۆشی رایانبوارد. (ئوسو) داما بوو. نە هیچی دەخوارد، نە هیچی دەخواردەوە. هەر ناو بە ناو دەستی (ئو وی ئی) رادەگوشیو وشەی پڕ سۆزو میهرەبانی دەچرپاندە گوێ . بەڵام بە زۆری هەروا دانیشتبوو. لە دەرگای چادرەوە تەماشای ئاسمانی پڕ ئەستێرەی دەکرد.

هەر زوو بێدەنگی باڵی بە سەر هەموو لایەکدا کێشا. دەنگی مۆسیقایەك لە ناخی شەوەوە، لە ناو جەرگەی جەنگەڵی تاریكو پڕ نهێنییەوە دەهات. ئاوازێکی بەرز و خۆش بوو. بە گۆرانی (توکا)ی سپێدەدەمی هاوین دەچوو. دەتگوت هیچ کەس پێشتر ئەم مۆسیقایەی نەبیستووە. ئە ئاوازە لە دوورەوە دەهاتو بەو شەوە هاوینە لە ناو جەرگەی جەنگەڵدا دەنگی دەدایەوە. هەموو ئەوانەی لە ئاهەنگەکە ئامادە بوون گوێیان قوڵاغ کردبوو. بێگومان دەبایە پێشیان سەیر بێ، چونکە ئەوەی ئەوان تەنیا بە مۆسیقای تێ دەگەیشتن، بەلای (ئوسو)وە دەنگێ بوو مانای خۆی هەبوو. دەنگێ بوو لە ئاسمانەوە، دەنگێ بوو لە ئەستێرەی زوهرەوە دەهاتو ئەم وشانەی دەچرپاندە گوێی (ئوسو):

_ رۆڵە! لەوە زیاتر رەنج و دەردەسەری ناکێشی! چونکە تەلەسمی شەیتان شکاوەو لەمەودوا هیچ جادووکەرێ ناتوانێ ئازارت بدا. لەوە زیاتر رەنج و دەردەسەری ناکێشی! چونکە کاتی ئەوە هاتووە ، زەوی جێ بێڵیو بێیتەوە، لێرە، لە ئاسمان لە تەك مندا بژی. خواردنی بەر دەمت شەوقی منی بەردەکەوێو پیرۆز دەبێ .(ئوسو) ئەو خواردنە بخۆ، ئیتر هەموو شتێ بە دڵی تۆ دەبێ!

ئەوسا (ئوسو) ئەو خواردنەی لە پێشی بوو، خواردی. پەککو لەو عاجباتییە!! چادرەکە لەرزی و لە سەر زەوی بەرز بووەوە. هەر بەزر بووەوەو بەرز بووەوە،

تا له درەختەکان بەرزتر بووەوەو رووی کردە ئەستێرەکان. چادرەکە، کە بەرز دەبووەوە، شتەکانی ناوی بە شێوەیەکی سەیر دەگۆڕان. هەورەکان بوون بە هیرباری زیوو ئەستوندەکانی چادرەکەش بوون بە شتی بریقەدارو لەبەر شەوقی ئەستێرەکان کەوتنە تروسکانەوە. چادرەکە هەر بەرز بووەوەو بەرز بووەوە. ئەو حەلە، هەر نۆ خوشکە بوغراکەو مێردەکانیان گۆڕانو بوون بە باڵندە: پیاوەکان بوون بە باڵندەی سینەسوورو توکاو دارکونکەرەو خوشکەکانیش بوون بە باڵندەی جۆراو جۆری پەڕو باڵ درەخشان. لە خوشکەکان، چواریان، کە لە هەموویان زۆرەوتر بوون و هەرگیز زمانیان نەدەچووە کالان، بوون بە قەلەڕەش و قەلەباچکە.

(ئوسو) دانیشتبوو، چاوی بڕیبووە (ئو وی ئی)، داخۆ ئەویش دەبێ بە باڵندەو لە دەستی دەردەچێ، یان نا ؟ بە دەم ئەم خەیاڵەوە، بە نارەحەتی سەری لار کردەوە. دووبارە سەرنجی لێدا، دیتی (ئو وی ئی) وەکوو جاران جوان بۆتەوەو جل و بەرگی وەکوو رەنگی پەلکەزێڕینەی جوان دەدەرەوشێتەوە.

چادرەکە ، کە بە دەم تەوژمی (با)وە بە سەر هەور دەکەوت، دووبارە لەرزیو هەژایەوە. هەر بەرز بووەوەو بەرز بووەوە تا ئاخیری بە هێواشی لە سەر رووی ئەستێرەی زوهرە نیشت. (ئوسو)و (ئو وی ئی) هەموو باڵندەکانیان گرتو لە ناو قەفەسێکی زیوی گەورەیان نان. دیار بوو باڵندەکان زۆر رازی بوونو چێژو خۆشییان لە هاوڕێتی یەکتر وەردەگرت.

نەختێ دوای ئەم رووداوە، پاشای وڵاتی ئەستێرەی زوهرە، واتە باوکی (ئوسو)، هاتە پێشوازییان. جل و بەرگێکی زۆر نەرمی لەبەر بوو. لە گەردی ئەستێرە چنرا بوو. قژی سپی و درێژی وەکوو پەلە هەور بەسەر شانی دارژا بوو:

_ بە خێر هاتن رۆڵە ئازیزەکانم، بە خێر هاتن بۆ قەڵەمڕەوی پاشای ئاسمانان کە هەمیشە لە چاوەڕوانی ئیوەدا بووە. ئێوە ئازایانە تاقی کردنەوەی سەختتان

بڕیوە، ئیتر پاداشتی ئازایەتیو فیداکاری خۆتان وەردەگرن. ئێوە بە بەختەوەری لێرە دەژین، بەڵام دەبێ هەمیشە وریای یەك شت بن.

ئینجا پەنجەی بۆ ئەستێرەیەکی دوور درێژ کرد، ئەستێرەیەکی بچووك و جریوەدار ، کە هەر ناو بە ناو لە پەنا پەلە هەڵمێك بزر دەبوو. لە قسەکانی بەردەوام بوو، گوتی:

ئەو ئەستێرەیە جادووکەرێکی لەسەر دەژی ناوی (وابنو)ە. ئەگەر بیەوێ ئازاری کەسانێك بدا، ئەو توانایەی هەیە وەکوو تیر تیشکی خۆیان تێ بگرێ . ئەمە هەمیشە دوژمنی من بووە. ئەو بوو (ئوسو)ی خستە سەر شکڵی پیرەمێردو فرێی دایە سەر زەوی. ئاگاداری خۆتان بن، هەرگیز تیشکی ئەو ئەستێرەیەتان پێ نەکەوێ. خۆشبەختانە توانای کاری شەیتانانەی زۆر کزو بێ هێز بووە، چونکە هەوری میهرەبان فریای من کەوتووەوە پەردە هەڵمێکی لە نێوانمان دروست کردووە، تیری ئەو ئەستێرەیە نایسمێ.

ئەو ژن و مێردە بەختەوەرە بۆی چوونە سەر چۆكو بەرامبەر بەم چاکەو رێزلێنانە دەستیان ماچ کرد. (ئوسو)، کە هەستایەوە، پەنجەی بۆ قەفەزەکە درێژ کردو گوتی:

ئەی ئەم باڵندانە؟ ئایا ئەمەش کاری (وابنو)ی جادووکەرە؟

پاشای ئەستێرەی زوهرە وەڵامی دایەوە:

نەخێر، ئەمە بە قودرەتی من بوو. هێزی ئەشق بوو وای کرد ئێوە چادرەکەتان لە جێگای خۆیەوە بەرز بێتەوەو ئەو بوو ئێوەی هێنایە ئێرە. هەر بە قودرەتی منیش بوو ئەو خوشکە حەسوودانەو مێردەکانیان بوون بە باڵندە. بۆیە وام لێ کردن چونکە رقیان لە ئێوە دەبووەو گاڵتەیان بە ئێوە دەکردو رەفتاری بێ بەزەییانەو پڕ سووکایەتییان بەرامبەر بە خەڵکی هەژارو بێ توانا دەکرد. بێ گومان ئەمە تەمبێ کردنێکی وا گەورە نییە شایەنی خۆیان بێ .

ئەمانە لە ناو ئەم قەفەزە زێڕەدا شادو کەیفخۆش دەبن‌و شانازی بە پەڕی جوانی خۆیان دەکەن‌و خۆیان گیف دەکەنەوەو زۆر بە ئاسوودەیی بۆ خۆیان گۆرانی دەچڕن. قەفەزەکە لەوێ، لە بەر دەمماڵەکەی من هەڵواسن. زۆر چاك چاوەدێرییان دەکرێ!

بەم جۆرە، (ئوسو)و (ئو وی ئی) لە وڵاتی ئەستێرەی زوهرەدا کەوتنە ژیان. ساڵ هات‌و ساڵ رۆیشت. ئەو ئەستێرە بچووك‌و جریوەدارەی (وابنو)ی جادووکەر لە سەری دەژیا، وردە وردە کزترو تاریکتر بوو، تا وای لێ هات هێزی ئازاردانی نەما. لەو ماوەیەدا ئەو ژن‌و مێردە کوڕێکی بچکۆڵەیان بوو. کەوتنە ئەوپەڕی شادی و بەختەوەری. کوڕەکەیان کوڕێکی زۆر جوان بوو، لە چاوی رەش‌و بە دالغەی چووبووەوە سەر دایکی‌و لە تاقەت‌و ئازایی چووبووەوە سەر باوکی.

ئەو شوێنە بۆ ژیانی کوڕێکی لە ساڵ‌و لە تەمەنی ئەو شوێنێکی زۆر خۆش‌و لەبار بوو، چونکە لە مانگ و ئەستێران زۆر نزیك بوو. ئاسمان ئەوەندە نزم بوو وەکوو پەردەیەك وا بوو بۆ چوارپاکەی. سەر لەبەری هەیبەت‌و شکۆمەندی ئاسمانی لە بەردەم پان ببووەوە. بەڵام ئەو کوڕە بچووکە هەندێ جار هەستی بە تەنیایی دەکردو حەزی دەکرد بزانێ ئەو زەوییەی دایبابی لێوە هاتوون چۆن چۆنییە! ئەو لە دووری دوورەوە زەوی دەدی. لەبەر دووری هەر بە قەدەر پرتەقاڵێك دیار بوو. هەندێ جار دەستی بۆ درێژ دەکرد، وەکوو منداڵانی سەر رووی زەوی کە دەست بۆ مانگ درێژ دەکەن.

باوکی تیرو کەوانێکی بچووکی بۆ دروست کردبوو. ئەویش تا بڵێی هەوەسی بەو تیرو کەوانە دەهات. بەڵام هێشتا هەر هەستی بە تەنیایی دەکردو نەیدەزانی داخۆ کچ و کوڕانی سەر زەوی چ دەکەن! ئایا هی ئەوەن گەمەی لەگەڵ بکەن، یان نا؟ بیری دەکردەوە: زەوی بەو هەموو خەڵکە زۆرەوە دەبێ جێگایەکی زۆر خۆش‌و قەشەنگ بێ! دایکی هەقایەتی سەیرو سەمەرەی لە بارەی ئەو وڵاتە

دووره‌وه بۆ ده‌گێڕایه‌وه. بۆی باس ده‌کرد زه‌وی ده‌ریاچه‌و رووباری جوان‌و لێڕه‌واری گه‌وره‌و سه‌وزی پڕ مامزو سمۆره‌ی لێیه‌، ده‌شتی زه‌ردی پڕ گامێشی تێدایه‌!

پێیان گوتبوو ئه‌م باڵندانه‌ی ناو قه‌فه‌سی زیوین له‌ زه‌وییه‌وه‌ هاتوون. پێیان گوتبوو زه‌وی هه‌زاران باڵنده‌ی وه‌کوو ئه‌مانه‌و له‌ مانه‌ش جوانتری لێیه‌ که‌ ئه‌و هه‌رگیز نه‌یدیون: قووی مل درێژو چه‌ماوه‌ به‌ شادومانی له‌ ناو ئاودا مه‌له‌ ده‌که‌ن. ئه‌و باڵندانه‌ی شه‌و ده‌نگیان له‌ناو لێڕه‌واره‌وه‌ دێ وه‌كوو: سینه‌سوورو کۆترو په‌ڕه‌سێلکه‌. ئاخۆ ده‌بێ ئه‌مانه‌ باڵنده‌ی چه‌ند جوان بن!!

کوڕه‌، هه‌ندێ جار له‌ ته‌نیشت قه‌فه‌زه‌که‌ داده‌نیشت و هه‌وڵی ده‌دا له‌ زمانی باڵنده‌کان بگا. رۆژێ، بیرێکی سه‌یری به‌ مێشکدا هات: حه‌زی کرد ده‌رگای قه‌فه‌زه‌که‌ بکاته‌وه‌و باڵنده‌کان ئازاد بکا. بێ گومان ئه‌و باڵندانه‌ که‌ ئازاد بوون، به‌ره‌و زه‌وی ده‌فڕن و له‌وانه‌یه‌ ئه‌ویش له‌گه‌ڵ خۆیان ببه‌ن. که‌ ئه‌و رۆیشت، بۆی هه‌یه‌ دایبابی غه‌ریبی بکه‌ن‌و ئه‌وانیش به‌ دوویدا بچن‌و..!

به‌ڵام به‌ ته‌واوی نه‌یده‌زانی ئاخۆ ئه‌م کاره‌ سه‌ری به‌ چ ده‌گا. له‌ پڕ خۆی له‌ ته‌نیشت قه‌فه‌زه‌که‌ دۆزییه‌وه‌و ده‌رگای قه‌فه‌زه‌که‌ی کرده‌وه‌و باڵنده‌کانی ئازاد کرد. باڵنده‌کان به‌ سه‌ر سه‌ریدا فڕین. کوڕه‌، په‌شێمان بووه‌وه‌و که‌مێکیش ترسا. ئه‌گه‌ر باڵنده‌کان بگه‌ڕێنه‌وه‌ سه‌ر زه‌وی‌و ئه‌و له‌گه‌ڵ خۆیان نه‌به‌ن، ئاخۆ باپیره‌ی چی پێ ده‌ڵێ ؟!هاواری کرد:

_ بگه‌ڕێنه‌وه‌! بگه‌ڕێنه‌وه‌!

به‌ڵام باڵنده‌کان هه‌ر به‌ سه‌ر سه‌ریدا سووڕانه‌وه‌. هیچ ئاگایان له‌و نه‌بوو. له‌وانه‌ بوو له‌ هه‌ر له‌حزه‌یه‌کا به‌ره‌و زه‌وی بفڕن!

کوڕەش، پێی لە زەوی دەکوتاو کەوانە بچووکەکەی لە هەوا بادەداو هاواری دەکرد:

_ بگەڕێنەوە! پێتان دەڵێم بگەڕێنەوە! نەوەك دەتاندەمە بەر تیران!

باڵندەکان بە گوێیان نەکرد، ئەویش تیرێکی خستە بەر کەوان و هاویشتی. ئەوەندە بە وردی نیشانەی گرت، تیرەکە باڵی باڵندەیەکی ئەنگاوت و تووك و پەڕی بە دەورو بەریدا بڵاوبووەوە. باڵندەکە نەختێ حەپەسا، بەڵام زۆری ئەزیەت نەخواردبوو. بەربووەوەو تیرێژە خوێنێکی باریکی لێ ڕژایە سەر زەوی. بەڵام ئیتر وا نەمابوو کە باڵندەیەك بێ و تیری بە باڵی کەوتبێ ، بەڵکوو ببوو بە ژنیکی گەنج و جوان و لەوێ وەستا بوو. هیچ کەسێ، لە سەر ئەستێرە بژی، ڕێی نەدراوە خوێنی کەس بڕێژێ، جا چ خوێنی مرۆڤ بێ و چ خوێنی ئاژەڵ و چ خوێنی باڵندە. بۆیە، کە ئەو چەند پشکە خوێنە ڕژایە سەر ڕووی زوهرە، هەموو شتێ گۆڕانی بە سەردا هات.

کوڕە، کاتێ بە خۆی زانی هەستی کرد وا هێدی هێدی بەرەو خوارەوە شۆڕ دەبێتەوەو دەستێکی نهێنی گرتوویەتی و لێ ناگەڕێ بەر بێتەوە. بەم جۆرە هەر لە زەوی نزیك کەوتەوەو نزیك کەوتەوە. زۆری نەبرد توانی تەپۆڵکەی سەوزو قووی سەر ڕووی ئاو ببینێ. ئاخیری لە سەر دوورگەیەکی سەوزو خۆشی ناو دەریاچەیەکی گەورە هاتە خوارەوە. لەوێ ڕاکشاو سەیری ئاسمانی کرد. چادرێکی بینی دەهاتە خوارەوە. چادرەکە بە شێنەیی خولی دەخواردو دەهاتە خوارەوە. هەر هات هات تا ئاخیری ئەویش لەسەر دوورگەکە دابەزی. (ئوسو)و (ئو وی ئی)و دایبابی لە ناو چادرەکە بوون. دووبارە گەڕانەوە سەر زەوی بۆ ئەوەی لە ناو خەڵکی سەر زەوی بژین و فێری شێوازی ڕاست و دروستی ژیانیان بکەن. ئەوان زۆر شت لە ژیانی سەر ڕووی زوهرەفێر ببوون. دەبوایە ئەو شتانە فێری منداڵانی سەر ڕووی زەویش بکەن.

ئـەوان دەسـت لـە نـاو دەسـت لـەوێ وەسـتان و باڵنـدە جادووبەنـدەكانیش بـە شەقەی باڵ بە دوایاندا هاتن. هـەر یەكـە ، كـە بـە زەوی دەكـەوت، لـە باڵنـدەیی دەگـۆڕاو دەكەوتـەوە سـەر شـكڵی بنیـادەم. هـەموو دەبوونـەوە بنیـادەم، بـەڵام بنیادەمی وەكوو جاران نا، بـەڵكوو دەبـوون بـە بنیـادەمی كورتـە بـاڵا، بنیـادەمی وردیلە كە پێست سوورەكان پێیان دەڵێن:(پووك ووجی).

ماسیگرەكان دەڵێن: هەندێ شەوی هاوین ئەمانەمان لەبەر رووناكی ئەستێرەی زوهرە دیوە لە سەر كەناری لووس و لماوی دەریاچەی گەورە سەما دەكەن.

*     *     *

(٤)

## ئەو کوڕەی خۆری خستە داوەوە

بـەفرێکی ئەسـتوور زەوی داپۆشـی بـوو، لـە بـەر تریفـەی مـانگی زسـتاندا دەدرەوشایەوە. (با)ی نەدەهات. دنیا زۆر سارد بـوو. هـەموو شـوێنێ کش و مـات بوو. ئەوەی دەنگ بێ لە لێـڕەوار نـەدەهات. تـەنیا دەنگی قرچە قرچی شکانی شەختەی سەر رووی (دەریای گەورە -گیجە گومی) دەهـات کـە رووی بـە تـەواوی بەستبووی. بێ دەنگیی قووڵ و سەرانـسەری شـەوی دەشـکاند. بـەڵام نـاو چادری (یاگۆ) گەرم و خۆش بوو. چادرەکە پێستەی ئەستوورو پتەوی گامێشی پـێ دادرا بوو. (یاگۆ) کەوڵی زستانەی (موك وا- ورچی سپی)ی نەرمی بۆ دوو میوانـەکەی : (شـکۆی بـەیانی)و (پـەڕی هـەلۆ)ی بـرا گـچکەی راخـستبوو . ئەمانـە بـە ئاسوودەیی لەسـەر ئـەم پێـستە نـەرم و گەرمـە هـەڵتووتابوون و بـە پەرۆشـەوە چاوەڕێیان دەکرد (یاگۆ) دەست بە قسە بکا.

لە ناکاو، مـشکێکی سـپی لـە نـاو کونەکـەی هاتـە دەرێ و لـە منداڵـەکان نزیـك کەوتەوە، قیـت بـووەوە سـەر پاشـووەکانی، کت و مـت وەکو سـەگێك کـە بیـەوێ

شتێکی بدەنێ بیخوا. (پەڕی هەڵۆ) بە هەڕەشە دەستی لێ قیت کردەوە، بەڵام (شکۆی بەیانی) قۆڵی گرتو گوتی:

- نا، نا !! ئەزیەتی نەدەی.!سەیر کە چەند جوانو نازدارە ، هیچ ناترسێ. کوڕی ئازا تیرو کەوانی هەبێ، نێچیر لە لێڕەوار زۆرە. بۆچی خۆت لەسەر مشکێکی بچکۆڵەی بێ هێز هەڵدەکێشی!

(پەڕی هەڵۆ) ، کە بە هەموو جۆرە پەسن و پیا هەڵدانێکی هێزو تاقەتی، شادو دڵخۆش دەبوو، وازی هێناو وەڵامی دایەوە:

- هەقی تۆیە (شکۆی بەیانی)! هەق وایە من تواناو لێزانی خۆم بەرامبەر (ئاهمیك_سەگلاو) و(وائو بەسە_قووی کێوی) تاقی بکەمەوە.

لەگەڵ ئەم قسەیەدا، (یاگۆ) ئاوڕی لێ دایەوەو بێ دەنگیی دوورو درێژی خۆی شکاندو بە شێوەیەکی پڕ نهێنی گوتی:

- زەمانێك هەبوو، بە هەزاری وەکوو ( پەڕی هەڵۆ) ئاوقەرانی مشکێکی وا نەدەبوون. هەڵبەت بە شێوەو قەبارەی کۆنی.

(پەڕی هەڵۆ) ، کە بە نارەحەتی سەیری خوشکی دەکرد، پرسی :

چ زەمانێك؟!

(یاگۆ) وەڵامی دایەوە:

لە زەمانی(مشکە کەتەی زستانە خەو). لەو سەردەمەدا، واتە، لە زەمانی هەرە هەرە کۆن، کە گیاندارانی دی ژمارەیان لە مرۆڤ گەلێ زیاتر بوو. گەورەترین جانەوەری سەر رووی زەوی (مشکی کەتەی زستانە خەو) بوو. پاشان رووداویکی سەیرو سەمەرە قەوما، پێشتر شتی وا نەقەوما بوو. حەز دەکەن بۆتان بگێڕمەوە؟

( شکۆی بەیانی) بە پاڕانەوە گوتی:

- بەڵێ ، زەحمەت نەبێ .

( یاگۆ) بەم جۆرە دەستی پێ کرد:

ئەو هەقایەتەی دەمەوێ بۆتان بگێڕمەوە زۆر پەیوەندی بە (مشکی کەتەی زستانە خەو) نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە کوڕێکی بچووك‌و بە خوشکەکەیەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر (مشکە کەتەی زستانە خەو) نەبوایە، من ئێستا لێرە نەدەبووم هەقایەتتان بۆ بگێڕمەوەو ئێوەش لێرە نەدەبوون گوێ لە قسەی من بگرن.

پێش وەخت، دەبێ بڵێین ئەو سەردەمە، دنیا بەو شکڵەی ئێستای نەبوو. بەڵێ زۆر جیاواز بوو. خەڵك گۆشتی گیاندارانی نەدەخوارد. خوراکیان میوەی بچووك‌و رەگ‌و ریشاڵی درەخت‌و سەوزەی کێوی بوو. (رۆحی مەزن) ، کە هەموو شتێکی زەوی و ئاسمان‌و دەریای خەلق کردووە، ئەوسا هێشتا (موندامین_دمرە)ی بە مرۆڤ نەبەخشی بوو. ئاگر نەبوو خۆیان پێ گەرم بکەنەوە، یان خواردنی پێ لێ بنێن . لە سەرانسەری دنیادا، تەنیا یەك ئاگری بچووك هەبوو، دوو جادووکەری پیر دەیانپاراست‌و لێ نەدەگەڕان کەس توخنی بکەوێ . تا (گورگی چەمەنزار) هەندێکی لەو ئاگرە دزی . پێش ئەوە، خەڵك ئەو خواردنەی دەستیان دەکەوت، بە خاوی دەیانخوارد.

( شکۆی بەیانی) گوتی:

کەواتە بێ شك خەڵکەکە زۆر برسی بوون !

(یاگۆ) بۆی سەلماند:

بەڵێ، برسی بوون. بەڵام مەسەلەکە هەمووی هەر ئەوەندە نەبوو. گیاندارەکان ژمارەیان زۆر زۆرو بنیادەم ژمارەیان زۆر کەم بوو. گیاندارەکان بە رێ‌و رەسمی خۆیان فەرمانڕەوایی دنیایان دەکرد. لە هەموو گیانداران زل‌و

گەورەتر (بوش کوا دوش ) بوو. ئەمە فیلێکی زۆر گەورە بوو. لە گەورەترین بنەداریش بڵندتر بوو. تا بڵێی زۆرخۆر بوو. بەڵام زۆر نەژیا، ئەگەر نا. گیاندارەکانی تر خواردنیان بە بەر نەدەکەوت.

(پەڕی هەڵۆ) قسەی پێ بڕیو گوتی:

- بەڵام ئەگەر سەهووم نەکردبێ ئێوە گوتتان (مشکی کەتەی زستانە خەو) لە هەموو گیانداران گەورەتر بوو.

( یاگۆ) بە سەنگینی تەماشایەکی کردو بەردەوام بوو:

- ئەو زەمانەی من باسی دەکەم ( بوش کوا دوش ) نەما بوو. لە ناو چوو بوو. بێ گومان ئەم گیاندارە نەختێ درەنگ لە ناو چوو، تا ئەو کاتە تەنیا کچێکی گەنج و براکەی لەسەر رووی زەوی مابوون و بەس!

(شکۆی بەیانی) گوتی:

_ وەکوو منو ( پەڕی هەڵۆ)!؟

(یاگۆ) بە هێمنی گوتی:

کچەکە زۆر بە تۆ دەچوو. بەڵام کوڕەکە کورتەباڵا بوو. بەژنی لە یەك مەتر زیاتر نەبوو. کچەکە زۆر لە برای گەورەترو بە هێزتر بوو. بۆیە ئەرکی پەیداکردنی خواردنو بە خێو کردنی کوڕەکەش هەر لە ئەستۆی ئەودا بوو. کچەکە، هەندێ جار کە دەچوو میوەی بچووكو رەگو ریشاڵی درەخت کۆ بکاتەوە، براکەشی لەگەڵ خۆی دەبرد. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (ئەم کوڕیژگە ئەوەندە بچووکە ئەگەر بە تەنیا بەری هەڵبدەم، لەوانەیە باڵندەیەکی گەورە لەسەر را زەرگی بۆ لێ بداو بیقەپێنێ و بیبا بۆ لانەکەی خۆی). ئەو نەیدەزانی براکەی کوڕێکی چەند سەیرەو چۆن، ئەگەر بیەوێ، چەتوونی نییە نەتوانێ بیکا؟! کچە، رۆژێ بە براکەی گوت:

_ برام، گوێت لێ بێ! من کەوانێك‌و چەند تیرێکم بۆ دروست کردووی، کاتی ئەوە هاتووە فێر ببی پارێزگاری خۆت بکەی. جا کە من لێرە نیم، تۆ بۆ خۆت مەشقی تیرهاوێژیی بکە. چونکە ئەمە ئیشی تۆیە، دەبێ بیزانی.

زستان نزیك بووەوە، کوڕە تەنیا بەرگێکی تەنکی هەبوو خۆی پێ لە سەرما بپارێزێ، خوشکی بۆی لە گیای کیوی دروست کردبوو. لە کوێ بتوانێ جلێکی ئاودامانی گەرم بۆ خۆی پەیدا بکا؟ کە خەریك بوو ئەم بیرەی دەکردەوە، رەوە باڵندەیەك هاتن لە نزیکییەوە لەسەر زەوی نیشتن. لە کرم دەگەڕان‌و دەنووکیان لە قەدی درەختان دەدا. کوڕەکە گوتی:

- ئەها ! دەکرێ خوشکم چاکەتێکی باشم بۆ لە پەڕی ئەم باڵندانە دروست بکا.

تیرێکی خستە بەر کەوان‌و هاویشتی. بەڵام هێشتا تەواو فێر نەببوو چۆن یەکەو راست نیشانە بپێکێ. تیرەکەی سەری کرد. تیری دووەم‌و تیری سێیەمیشی هاویشت، باڵندەکان ترسان‌و هەڵفڕین.

کوڕە هەموو رۆژێ مەشقی دەکرد. ئەگەر هیچ نیشانەی دەست نەکەوتایە تیری تێ بگرێ، تیری لە درەختەکان دەگرت. ئاخیری رۆژێ، توانی باڵندەیەك بپێکێ‌و پاشان یەکێکی ترو دیسان یەکێکی تر. کە دە باڵندەی پێکا، وازی هێناو گوتی:

_ خوچە، سەیر کە ئیتر لە سەرمان ناقەسرم. ئێستا دەتوانی جلێکی ئاودامانم لە پەڕی ئەم باڵندانە بۆ دروست بکەی.

بەم جۆرە خوشکی پەڕی باڵندەکانی لێك دووری‌و چاکەتێکی بۆ دووری لە عەمری خۆی ئەمە یەکەمین چاکەتی زستانەی بوو. هەر زێنەت بوو تەماشای بکەی! پەرەکانی سەر بەرگەکەی لێ نەدەگەڕان سەرما کاری لێ بکا. بەڵێ، ئای چەند شایی بە خۆی دەهات کە ئەم چاکەتەی هەیە!! دەست بە تیرو کەوان ،

وەكوو عەلی شیشی نێرە خۆی گیف دەكردەوەو دەهاتو دەچوو. ڕۆژێ كوڕە لە خوشكی پرسی:

- ئایا ڕاستە تەنیا منو تۆ لەسەر زەوی ماوین؟ ئەگەر ئەم دەورو بەرە بگەڕێم، لەوانەیە یەكێكی تر بدۆزمەوە. با تاقی بكەمەوە. تاقی كردنەوە زەرەری نییە.

خوشكی نیگەران بوو. دەترسا نەوەك برای تووشی بەڵایەك ببێ، بەڵام ئەم بڕیاری خۆی دابوو. كە بە دنیادا بگەڕێ. ئەوە بوو ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت. بەڵام لەبەر ئەوەی قاچی كورت بوو، لە ڕۆیشتن ڕانەهاتبوو، هەر زوو ماندوو بوو. لەسەر تەپۆلكەیەك، گەیشتە شوێنێك بەفرەكەی لەبەر خۆر توابووەوە، لەوێ ڕاكشاو هەر زوو خەوێكی قووڵی لێ كەوت. لە خەودا بوو ، خۆر هەڵات. ڕۆژێكی خۆشی زستان بوو. ئەو پێستە باڵندانەی چاكەتەكەی لێ دروست كرابوو، هێشتا نەرمو خاو بوون. بەڵام لە ژێر گەرمایی تیشكی خۆردا، وردە وردە گرژبوونەوەو بچووك بوونەوە. كوڕە لە خەودا هەستی كرد چاكەتەكەی لەبەر تەسك دەبێتەوە. بە چرپە گوتی:

- ئای، وای، ئەوە چییە؟

ئینجا هەستایەوەو خۆی لێك كێشایەوە. تازە زانی چی لێ قەوماوە.

خۆر خەریك بوو ئاوا دەبوو. كوڕە قیت بووەوەو ڕووی كردە خۆرو مستە بچكۆلانەكەی لێ باداو پێی لە زەوی كوتاو هاواری كرد:

- سەیر كە چیت كردووە؟! چاكەتە نوێكەت لێ عەدەم كردووم. قەیدی نییە با بۆ تۆ وا بێ! وا دەزانی لەو بەرزاییە دەستم ناتگاتێ. بزانە چۆن تۆڵەی خۆت لێ دەكەمەوە! ڕاوەستە، دەبینی!!

( شكۆی بەیانی) لە سەرسامییان چاوی زەق بووەوە، پرسی:

- باشە چۆن دەستی بە خۆر دەگەیشت؟!

(یاگۆ) گوتی:

خوشکەکەیشی کە گوێی لە قسەو بەسەرهاتەکە بوو، ئەم پرسیارەی لە برای کرد. بەلای تۆوە کوڕەکە چی کردبێ باشە؟! یەکەم ئیشی ئەوە بوو: بۆ ماوەی دە ڕۆژ بەبێ جوولەو بەبێ ئەوەی هیچ شتێ بخوا، لەسەر زەوی ڕاکشا. پاشان خۆی وەرگێڕاو دەمەو ڕوو دە ڕۆژی تر لەسەر زەوی درێژ بوو. ئاخیری هەستاو گوتی:

- من بڕیاری خۆمم داوە، خوچە! من پلانێکم داناوە بۆ ئەوەی خۆر بخەمە داوەوە. نەختێ پەتم بۆ پەیدا کە بۆ ئەوەی داوێکی لێ دروست بکەم.

خوشکی هەندێ ریشاڵی گیای چیڕی کۆکردەوەو بای داو کردی بە شەمەرتە. کوڕەکە گوتی:

- نا. ئەمە بە کەلك نایە. شتێکی توندترم بۆ دروست بکە.

کوڕە ئیتر وەکوو کوڕێکی بچووك قسەی لەگەڵ خوشکی نەدەکرد، بەڵکوو بە جۆرێ قسەی لەگەڵ دەکرد کە دەبێ قسەی بڕواو بە گوێی بکەن. ئینجا خوشکی بیری لە قژی خۆی کردەوە. بە قەدەر پێویست قژی خۆی بڕی. بۆ ئەوەی کەمەندێکی لێ دروست بکا. کە کوڕە چاوی بە کەمەندەکە کەوت، پەسندی کردو گوتی:

- ئەمە باشە، بە کەلك دێ.

کوڕە پەتەکەی لە خوشکی وەرگرتو بە لێوی خۆی داهێنا. بە مەوە پەتەکە وەکوو سیم پتەو بووو درێژ بووەوە. بە قەد ئەوەی لێ هات بتوانێ لە پشتی خۆی ببەستێ.

کوڕە، نیوە شەو، ڕووی کردە تەپۆلکەکە، داوەکەی لەو شوێنە دانایەوە کە ڕۆژی لێ هەڵدەهات. ناچار بوو ماوەیەکی زۆر لەبەر سەرماو لە تاریکی چاوەڕێی

کرد. ئاخیری روناکییەکی کز لە ئاسمان پەیدا بوو. کە خۆر هەڵات، کوڕە بە تەڕدەستی خستییە داوەوەو لەوێ داینا.

(یاگۆ) لە قسەکانی وەستاو چاوی بڕییە ئاگرەکە. مرۆڤ وای هەست دەکرد (یاگۆ) لەناو بڵێسەی ئاگرو لەناو پشکۆی سووردا، ئەو وێنانە دەبینێ کە لە هەڵبەستنی هەقایەتەکەی بە کاری دەهێنان. بەڵام شکۆی بەیانی تاقەتی نەما گوێ لە پاشماوەی هەقایەتەکە بگرێ. گوتی:

- (یاگۆ)، تۆ لە بیرت چوو باسی (مشکی زستانە خەو) بکەی!

پیرەمێرد هاتەوە سەر خۆیو گوتی:

- ئێ، ئێ!! (مشکی زستانە خەو)؟ نا. لە بیرم نەکردووە. کە رۆژ وەکوو جاران هەڵنەهاتو لە ئاسمان دەرنەکەوت، گیاندارەکان نەیانزانی چ قەوماوە. (ئاجی دائو مو- سمۆرە) لەسەر چلی دارکاژ دەستی بە دادو فوغان کرد. (کاگاگی- قەلەڕەش) باڵەکانی لیك داو زۆر بە توندی دەستی بە قغە قغ کرد بۆ ئەوەی هەموو لایەك ئاگادار بکاتەوە کە دنیا خرابوونە. تەنیا (موك وا- ورچ) نەبێ هیچ گوێی بەم مەسەلەیە نەدا. بۆ خەوی زستانە، خۆی خزاندە ناو ئەشکەوتی خۆیەوە. تا دنیا تاریکتر دادەهات، ئەو زیاتر هەوەسی پێ دەهات.

(وا بون- بای رۆژهەڵات) بوو خەبەرەکەی بۆ هێنان. تیری زیوینی لە تیرکەش دەرهێنا بوو بۆ ئەوەی لەو دەشتو دۆڵە راوی تاریکی بنێ. بەڵام خۆر هەڵنەهات بۆ ئەوەی یارمەتی بدا. ئەویش تیرەکانی بە بێ سوودو ئامانج بەربوونەوە سەر زەوی. هاواری کرد:

- رابنە سەر خۆ! رابنە سەر خۆ! خۆر بە داوەوە بووە. کام گیاندار زات دەکا بچێ پەتەکە بپچڕێنێ؟!

تەنانەت (گورگی چەمەنزار)یش، کە لە هەموو گیانداران ئاقڵتر بوو، هیچ ڕێگا چارەیەکی بۆ ڕزگارکردنی خۆر بە مێشك دانەهات. تیشکی خۆر ئەوەندە گەرم بوو، کەس نەیدەوێرا هەر توخنی ئەو شوێنەش بکەوێ کە خۆری لێ کەوتبووە داوەوە.

(کن یو- هەڵۆی کێوی) لە سەر چیا لەناو هێلانەی خۆی قیڕاندی:

- ئەم ئیشە بە من گەیشت! تەنیا منم بتوانم تا تەشقی ئاسمان بفڕمو بە بێ چاو تروووکاندن تەماشای دوڕ چاوی خۆر بکەم. ئەم ئیشە بە من گەیشت!

ئەو حەلە، لەو تاریکاییەدا، زەرگەی لێدا بۆ خوارەوەو دووبارە هەڵفڕیو بەرز بووەوە بۆ تەشقی ئاسمان. بەڵام پەڕو باڵی هەڵکرووزا. چوون (مشکی زستانە خەو)یان بە خەبەر هێنا. بێ گومان ئەمە کارێکی زۆر سەخت بوو، چونکە (مشکی زستانە خەو) کە دەنووست، شەش مانگی تەواو دەنووستو بە خەبەر هێنانی مەیلەو مەحاڵ بوو. (گورگی چەمەنزار) چووە بن گوێیو تا هێزی تێدا بوو هاواری کرد. هەر گیاندارێکی تر بوایە لەبەر ئەم هاوارەی گورگی چەمەنزار گوێی کەڕ دەبوو، بەڵام (کوگە بین گواکوا- مشکی زستانە خەو) تەنیا بۆڵەبۆڵێکی لێوە هاتو کەلەکەی وەرگێڕا. هەر وەخت بوو وەکوو مێشوولە (گورگی چەمەنزار) لە بنە خۆی پان کاتەوە. (گورگی چەمەنزار) قیت بووەوەو خۆی داوەشاندو گوتی:

- ئەمە تەنیا بە یەك شت بە خەبەر دێ. دەبێ بچمە ئەشکەوتی کوێستانەی (ئا نە می کی- هەورە تریشقە). ئەو دەنگی لە دەنگی منیش بەهێزترە.

ئینجا بە غار ڕۆیشت. هەر زوو گوێیان لێ بوو هەورە تریشقە هات:

- گرم! گرم!

که له بن گوێی (مشکی زستانه خەو)ی گەورەترین گیانداری سەر رووی زەوی، شریقاندی، (مشکی زستانه خەو) بە ئارامی هەستایەوە. لە تاریکیدا لە هەموو کاتێ زلتر بوو. بە قەد چیایەکی گەورە دەکەوتە بەر چاو. هەرەتریشقە جارێکی تر شریقاندی بۆ ئەوەی دڵنیا بێ (مشکی زستانه خەو) بە راستی لە خەو هەستاوەو دووبارە ناخەوێتەوە.

(گورگی چەمەنزار) بە (مشکی زستانه خەو)ی گوت:

- دەبێ هەر ئێستا بچی خۆر ئازاد بکەی. ئەگەر ئێمە یەکێکمان بچینو خۆر بمانسووتێنێ، ئێمە لە ئێسك زیاتر هیچمان تێدا نامێنێ ، بەڵام تۆ ئەوەندە زلو گەورەی ئەگەر لایەکی لەشیشت بسووتێ، هێشتا کەلەشێکی گەورەت دەمێنێو ناچار نابی زیاتر بخۆیو زیاتر ئیش بکەی بۆ ئەوەی لایە نەماوەکەت دروست بێتەوە.

(مشکی زستانه خەو) گیاندارێکی دەبەنگ بوو. قسەکانی (گورگی چەمەنزار)یش وێ دەچوو راست بن. دووەم لەبەر ئەوەی (مشکی زستانه خەو) گەورەترین گیانداری سەر رووی زەوی بوو، لێی رەچاو دەکرا هەر ئەویش گەورەترین ئیشی دونیا راپەڕێنێ. بەم جۆرە (مشکی زستانه خەو) رووی کردە ئەو تەپۆلکەی کوڕەکە خۆری لێ خستبووە داوەوەو دەستی بە قرتاندنی داوەکە کرد. کە خەریکی قرتاندنی پەتەکە بوو، پشتی هەر گەرم داهاتو گەرم داهات. هەر زوو پشتی گڕی گرتو بەشی سەرەوەی لەشی هەمووی سووتاو بوو بە یەك گردە خۆڵەمێش. تا پەتەکەی بە ددان قرتاندو خۆری ئازاد کرد، ئەو گیاندارە زلو گەورەیە هەر تەنیا بە قەدەر مشکێکی ئاسایی لێ مایەوەو کەوتە سەر شکڵی ئێستای. بێ گومان ئێستایش بای خۆی گەورەیەو لەوانەیە (گورگی چەمەنزار)یش مەبەستی هەر ئەمە بوو بێ. ئەم گورگە گیاندارێکی تەلەکەبازە. زۆر دەكو دەهۆو فرتو فێڵ دەکاو هەموو جارێکیش دیار نییە داخۆ بە راستی مەبەستی چییە.

* * *

(٥)

## کوللە

لە رابردوویەکی زۆر دوور، پێست سوورێکی گەنج‌وشادومان هەبوو، دەیتوانی تا بەرزاییەکی زۆر باز بداو گاڵتەجاڕی زۆر بکا، هەر بۆیە نازناوی (کوللە) یان پێ دابوو. کەڵەگەت‌و قۆز بوو. هەمیشە چەتوونی دەکرد، ئەگەرچی چەتوونییەکانی هەندێ جار جێگای خۆشی بوون، بەڵام ئەوەندە زێدەڕەوی تێدا دەکرد دەبوو بە مایەی ناڕەحەتی.

(کوللە)، هەرچی شتێکی پێست سوور حەزی لێ بکا، هەیبوو. چادرەکەی ئەم شتانەی تێدا بوو: جۆرەها سبیل، چەك، پێستی سمۆرەو گیانداری تر، بەرگی لە کەوڵە مامزی بە پەڕی سیخوڕ درواو، چەند جووتە کەوشێگی چەرمی مووررووچن، کەمەربەندی گەوهەربەند. هیچ کەس نەیدەتوانی ئەم هەموو شتە

به ڕێگایەکی شەریفانە پەیدا بکا. ڕاستییەکەی کوللە ئەم هەموو شتانەی بە ئازایی‌و کارامەیی خۆی، لە ڕاو بە دەست نەهێنا بوو. بەوە بە دەستی هێنا بوون پارچە ئێسکی ڕەنگاو ڕەنگ‌و داری لەناو کاسەیەکی دار دەکردو ڕایدەهەژاندو بە سەر زەوی وەردەکرد. بە جۆرێکی تر بڵێین (کوللە) قوماربازێکی ئەوەندە بە بەخت بوو، دەیتوانی لە یاری (تۆپ‌و ژوتۆن) بە ئاسانی لەوانی دی بباتەوە. ئەو شتانەیان لێ بباتەوە کە ژیانی خۆیان لە ڕاو خستبووە مەترسی تا بە دەستیان هێنا بوو.

خەڵك لەبەر ئەوە، قەبوولیان دەکردو بگرە هەندێ جار بە گاڵتە شێتانەکانی پێدەکەنین، چونکە سەمایەکی زۆر باشی دەکرد. تا ئێستا سەماکەری وا نەدیترابوو. کاتێ کە دەبوو بە ئاهەنگی زەماوەند، یان بە بۆنەی ڕاوێکی سەرکەوتوو زیافەتێکی گەورە دەکرا، کێ هەبوو بتوانێ لە (کوللە) باشتر میوانان ئەوەندە شادو سەرگەرم بکا؟!!

دەیتوانی ئەوەندە بە پێ سووکی سەما بکا، هیچ شوون بە سەر ڕووی زەوییەوە جێ نەهێڵێ. دەیتوانی بە چاکی سەمای جەنگ، یان ئاهەنگی دەرەی پیست سوورەکان ئەنجام بدا. بەڵام ئەو سەمایەی لە هەموویان زیاتر کارامەیی تێدا هەبوو، سەمایەکی زۆر بە جۆش‌و سەرگێژکەری پڕ بازو هەڵبەز بوو. سەری تەماشاکەرانی وڕو گێژ دەکرد!

بەم جۆرە (کوللە) وەکوو جۆرە گەردەلوولێکی مرۆڤانەی لێ دەهات. کە بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە، گەڵای وشك‌و تۆزو غوباری هەڵدەسەندو تا لەبەر چاو بزر دەبوو، تەنیا وەکوو گەردەلوولێك لەبەر چاوی خەڵك دیار بوو هیچی تر.

کابرایەك هەبوو بە ناوی (مانا بوژو). هێزی سەرووی سروشتی هەبوو. بە جۆرێکی تر بڵێین (مانیتۆ) بوو. ئەمە، کە زەماوەندی کرد، هاتە ناو خێڵەکەی ئەوانەوە بۆ ئەوەی ڕێ‌و ڕەسمی ژیانی باشتریان فێر بکا. (کوللە) لە ئاهەنگی زەماوەندەکەیدا، سەمای کرد. ئەم سەمایەی ناونا (سەمای گەدایان). جا چتۆ سەما بوو!!

لە کەناری (دەریای گەورەی - گیچە گومی)، قۆپەنە زیخ‌و قومی وا هەن، بە شێوەی تەپۆلکەی زیخ‌و قوم دەکەونە بەرچاو. ئەگەر لە (یاگۆ) بپرسن، پێتان دەڵێ ئەم تەپۆلکە زیخانە کاری (کوللە)کەن. کاتێ کوللە لە ئاهەنگی زەماوەندی (مانابوژو) شێتانە بە دەوری خۆیدا خولی دەخواردەوە، زیخ‌و قومی لەیەك شوێن کۆ دەکردەوەو وەکوو تەپۆلکەی لێ دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ (کوللە) هاتە ئاهەنگی زەماوەندو ئەم سەما شێتانەیەی کرد، دیار بوو ئەم کارەی بۆ ئارەزووی دڵی خۆی‌و بۆ پێشاندانی کارامەییەکانی خۆی بوو، نەك لە شەرافەتی (مانابوژو)ی مەزن. ڕاستییەکەی، (کوللە) ڕێزی بۆ هیچ کەسێ نەبوو. کاتێ کە (یاگۆ)ی بابە گەورە لە نیوەی هەقایەتێکی زۆر بە مەراق، دەگەیشتە مەراقترین بەشی هەقایەتەکە، (کوللە) دەستی بە باوێشك دەکردو خۆی لێك دەکێشایەوەو بە چپەیەکی مەیلەو بەرز دەیگوت گوایە پێشتر ئەمەی هەموو بیستووە.

بەش بە حاڵی (مانابوژو)ش بە هەمان شێوە بوو. ئەم ڕۆحانییە گەورەیە، کە بە ڕۆڵەی (موجکی ویس- بای ڕۆژاوا) دادەنرا، هێزێکی جادوویی هەبوو، بۆ سوودی خێڵەکەی بە گەڕی دەخست. ڕۆژووی دەگرت‌و دەستی دوعای بەرز دەکردەوە، بۆ ئەوەی خودای لێڕەوار لە باتی گیاو گیانداری کێوی، خواردن بە خێڵەکەی کەرەم بکا. ئەوە بوو دوعاکەی بۆ نیعمەتی پەیدا بوونی (دەرە) قوبووڵ بوو.

ئینجا کاتێ (کاگاگی)، واته شای قەڵەڕەشان، لەگەڵ تاقمە دزێکی رەشی خۆی دابەزینە خوارێ بۆ ئەوەی دانەوێڵەی ناو زەوی لەنێو بەرن، (مانابوژو) خستییە داوەو لە ئەستوندەی چادرەکەی خۆی بەست بۆ ئەوەی بە قغە قغ ببێ بە پەند بۆ ئەوانی تر.

بەڵام چاکەو ژیریی (مانابوژو) هیچ کاری لە (کوللە) نەکرد. ئەو دەیگوت:

- پف!! پێست سوورێ، بتوانێ تیر لەبەر کەمان رابکاتو ئاسکێکی قەڵەوو تەڕو پڕ راو بکا، بۆ دەبێ زەحمەت بداتە بەرخۆیو دەرە بچێنێ؟

ئینجا لە کاتێکدا کە کیسەی پێستە گورگی خۆی رادەهەژاندو دەنگی لە پارچە ئێسقانو داری ناوەوەی دەهێنا، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- من تا ئەمانەم هەبێ، پێویستم بە شتی تر نییە. هەر چۆن بێ خەڵك دەبێ خزمەتی یەکێ بکەن کە مێشکی کار بکا.

ئیتر لە کاتێکدا کە باوەشێنی پەڕە عەلەشیشی بە دەستەوە بوو، پەڕی قووی لە قژی درێژو رەشی دابوو، کلکە رێوی لە پشت پاژنەوە لەسەر زەوی دەخشا، بە فیزو لووتبەرزیو بە بەژن قیتی لەناو دێدا پیاسەی دەکرد.

ئەو، بە کراسی کەوڵە ئاسکی خۆیەوە، کە مێرابی بە پێستی سمۆرە چنرابوو و بە زەندەپێچو پێڵاوە چەرمینەکانی کە بە ژەنگیانەو پەڕی سیخوڕ رازابوونەوە، زۆر بە رێكو پێکی دەکەوتە بەرچاو.

بڕیار بوو ئەو شەوە ئاهەنگی سەما ساز بکرێو (کوللە)، کە خۆشەویستی کچو ژنانی گەنج بوو، خۆی بۆ ئەو کاتە ئارایش دابوو. دەمو چاوی بە هێڵی شینو سووری کراوە خەملاندبوو. پەڕی قەڵە رەشێکی لە ناوەندی تۆقەڵەی قژی رەشی چەقاند بووو رۆنی لێ دابوو. شاڵێکی بە گیا چنی بووو بە شانی دادابوو. جەنگاوەرانی خێڵ پێیان دەگوت (شائوگۆدایا) واتە: نەوێرۆكو نوکتەیان لەسەر

دروست دەکرد، بەڵام ئەو گوێی پێ نەدەدان. ئەی ئەوە نییە دەتوانێ لە یاری تۆپو حەڵقە بیانبەزێنێ؟ ئەی کچە عازەبەکان هەموو ئاشقی سیمای جوانی نین؟

(کوللە) هەمیشە دەیەویست لەخۆشیدا بێ. لە دەرگای چادرەکەوە سەیری ناوەوەی کرد، دیتی تاقمە گەنجێك لەسەر زەوی دانیشتوون، گوێیان داوەتە هەقایەتەکانی (یاگۆ). هاواری کرد:

- ها ها! ئەوە ئێوە ئیشێکی لەوە باشتر نازانن، بیکەن؟ وەرن یاری بکەین!

سێزدە پارچە ئێسقانو داری لەناو کیسەکەی دەرهێناو بە تەڕ دەستی ئەم دەستو ئەو دەستی پێ کردن، بەڵام هیچ کەس رووی نەدایە. هەر چۆنی بێ، (کوللە) ئەقڵی زیاتر لە پاژنەی پێی دابوو تا لە سەری. لە ترسی هۆزانیو کارامەیی ئەو، کەس زاتی نەدەکرد یاری لەگەڵ بکا.

(کوللە) رۆیشتو لەبن لێوانەوە گوتی:

- پف! دەزانم چ بووە! دیسان (مانابوژو)ی پارێزکار ئامۆژگاری کردوون. ئیتر ئەم گوندە بۆتە شوێنێکی ناخۆشو نالەبار بۆ ژیان. کاتی ئەوە هاتووە، لێرە بڕۆمو بۆ خۆم بچمە جێگایەکی وا گەنج وەکوو ژنان دانەنیشن هەر قسە بکەن.

کوللە ملی رێی گرتو رۆیشت. هەموو گیانی خراپەو بەدکاریی بوو. بگرە سەمای ئەو شەوەیشی لەبیر چووبوو. بیری لەوە دەکردەوە رێگایەك بدۆزێتەوە خۆی پێ خەریك بکا. کە گەیشتە پەرگەی دێ، بە بەردەم چادری (مانابوژو)دا تێپەڕی. لەبەر خۆیەوە گوتی:

(حەز دەکەم نەختێ سەر بخەمە سەری. بە جۆرێ هەر کاتێ بیرەدا بڕۆم هەمیشە منی بکەوێتەوە یاد).

بەلاّم چاك دەیزانی (مانابوژو) زۆر لەو بە توانا ترە. بۆیە سەنگرایەوەو نەیزانی چ بكا.

سەرەنجام بە ئارامی رووی كردە لای دەرگای چادرەكەو گوێی رادێرا. هیچ دەنگێك نەدەهات. (كوللە) بە زەردەخەنە گوتی:

باشە! دەڵێی كەس لەناو چادردا نییە.

بە دەم ئەم قسەیەوە، لەسەر یەك پا خولایەوەو گەواڵە تۆزو غوبارێكی گەورەی بەرپا كرد. كەس لە ناو چادرەكە نەهاتە دەرەوە، بەلاّم (كاگاگی- شای قەرەشان)، كە بە ئەستوندەی بەر دەرگای چادرەكە بەسترابووەوە، باڵە رەش و گەورەكانی لێك داو بە دەنگێكی تیژ قیژاندی. (كوللە) هاواری كرد:

- هەی گەوجە! هەی گێلی پڕ هاتو هاوار!

ئینجا بازێكی گەورەی هەڵداو چووە سەر چادرەكەو دووبارە گەڕایەوە. قیڕەی قەلەكە تیژتر بوو، بەلاّم ناوەوەی چادرەكە تەواو كپو بێدەنگ بوو.

(كوللە) ئازا بوو، بەرەو دەرگای چادرەكە چوو، پێستە گای بە دەرگا هەڵواسراوی توند جوولاندەوە، بەلاّم كەس وەلاّمی نەدایەوە. بە شێنەیی پەردەكەی لاداو زاتی دایە بەر خۆیو سەرنجێكی لە ناوەوە دا، ئینجا پێكەنی. چادرەكە چۆڵ بوو:

- بەختم هەبوو! (مانابوژو)و ژنە گێلەكەی چوونەتە دەرەوە. پێش ئەوەی بگەڕێنەوە ئەوپەڕی رێزی خۆمیان بۆ دەردەبڕمو ئینجا بە یەكجاری لێرە دەڕۆم.

ئەم قسەیەی كردو چووە ژوورەوە. هەموو شتەكانی ناو چادرەكەی بە ناو یەك وەركرد. كاسەو كتری فڕێ دایە سووچێكو خۆڵەمێشی لەناو دەفری كدووی ئاو خواردنەوە كردو خەزی گرانبەهاو جلی گوڵدۆزی فڕێ دایە ئەم لاو ئەو لاو

کەمەربەنــدی گەوهەرنیــشانو تیرەکــانی نــاو تیردانــی رشــتە ســەر زەوی. کــە ئیشەکەی تەواو بوو، ناو چادرەکە وای لێ هات، دەتگوت شێتی تێدا بووە. لە دێدا، هیچ ژنێ وەکوو هاوسەری (مانابوژو) پاکو خاوێنو رێکو پێک نــەبوو. (کوللــە) دەیزانی ئەم مەسەلەیە لە هەموو شتێ زیاتر ژنە ئەزیەت دەدا.

لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئێستا نۆرەی (مانابوژو)یە!)

زۆر لەو بەدکارییەی نواندبووی رازیی، رازی بـوو. بـە زەردەخەنـە چادرەکەی جێ هێشت.

شای قەلان قیڕاندی:

- قغ! قغ!

(کوللە) بە گاڵتە پێکردنەوە، وەڵامی دایەوەو گوتی:

- قغ! بە ڕاستی باڵندەیەکی جوانی! با بزانم داخۆ (مانابوژو) بۆیە رایگرتـووی چونکە زۆر جوانیت تـا گۆرانی بـۆ بڵێـی؟ یـان، لەبـەر ئـەوەی دەنگێکـی خۆشـت هەیە؟ ئەمەی گوتو پەلاماری ئەستوندەی چادرەکەی داو ملی قەلەکـەی گـرتو ئەوەندە رایگوشی تا قەلی بەسەزمان خنکا. ئینجا هەر بـۆ سـووکایەتی کـردن بـە (مانابوژو)، قەلە مردارەکەی بەوێوە هەڵواسی.

(کوللە) زۆر کەیفخۆش بوو. فیکەی لێدەداو گۆرانی دەگوتو بـە تەقڵـە لێدان دڵی سمۆرەکانی خۆش دەکرد. ملی رێی گرتو کەوتە ناو لێڕەوار. گەیـشتە شاخێکی گـەورە ، بەسـەر دەریاچـەدا دەیڕوانـی. لەسـەر ئـەو شاخەوە، چاو تـا مەودایـەکی زۆر دوور بـڕی دەکـرد. (کوللـە) چـووە سـەر ئـەو بڵندایيـە. لـەوێ گوندی باش لێ دیار بوو. بڕیاڕی دا تا (مانـابوژو) دەگەڕێتـەوە مـاڵێ، هـەر لـەوێ چاوەڕێ بکا. ئەمەش بەشێ بوو لەخۆشیو رابواردنەکانی.

ئاوا لەوێ دانیشتبوو، باڵندەیەکی زۆر بە دەوروو بەرو بەسەر سەریدا دەفڕین. (مانـابوژو) ئـەم باڵندانـەی بـە هـی خـۆی دەزانـیو خـستبوونیە ژێـر پارێزگـاری خۆیـەوە. (کوللـە) ئـیتر زۆر بـێ بـاك بـوو. ڕەوە باڵندەیـەکی کوێـستانی هـاتن. ئەویش کەوانی ڕاکێشاو دایگرتنە بەر تیران. ئـەم کـارەی لـە خـوتو خـۆڕا کـرد، تەنیا ئەوەنـدە بـوو ئـەم باڵندانـە هـی (مانـابوژو)بـوون. ئەگـەر نـا پێویـستی بـە گۆشت نەبوو. باڵندەکان یـەك لـە دوای یـەك بـە تـیری (کوللـە) بەربوونـەوە. کە باڵندەکان دەکەوتنە سەر زەوی، ئەم هەڵی دەگرتنەوەو لەسەر شاخەکەوە فڕێـی دەدانە سەر کەناری بەر پێی خۆی.

ئاخیری (کای ئوشك- باڵنـدەی دەریـایی) دیتـی کوللـە ئـەم یارییـە بـێ ڕەحمـە دەکا، بانگی مەترسی ڕاگەیاندو هاواری کرد:

- (کوللە) خەریکـە دەمـانکوژێ. براینـە هـەڵفڕن! ڕاکـەنو بـە پارێزگارەکـەمان بڵێن: (کوللە) بە تیر قەتلو عاممان دەکا.

کاتێ ئەم خەبەرە بە بەر گوێی (مانابوژو) کەوت، (مانابوژو) ئاگری تـووڕەیی لە چاوان باریو بە دەنگێکی وەکوو چەخماخە گوتی:

- (کوللە) دەبێ لە تۆڵەی ئەم کارەدا، لە ژیاندا نەمێنێ! ناتوانێ لـە دەسـت من ڕابکا. ئەگەر تا بنی دونیاش ڕا بکات، دوای دەکەومو تۆڵەی لێ دەکەمەوە.

(مانـا بـوژو) پـێڵاوی چـەرمینی جـادوویی خـوی کـردە پـێ. بـەو پێڵاوانـە دەیتـوانی بـە یـەك هـەنگاو یـەك میـل بـبڕێ. دەستکێـشی جـادوویی خـۆی کـردە دەست. دەیتوانی بـەو دەستکێـشە ڕەقتریـن بـەرد وردو خـاش بکـا. ئینجـا کەوتـە تاقیبی(کوللە).

(کوللە)، کە دەنگی ڕاگەیاندنی مەترسیی باڵندەی دەریایی بیست، زانـی ئێـستا وەختی ڕاکردنە. ئەویش دەیتوانی زۆر بە خێرایـی غـار بـدا. پێـی زۆر چوسـتو

خێرا بوو، بە جۆرێ دەیتوانی تیرێك باوێو پێش ئەوەی تیرەکە بەر بێتەوە سەر زەوی، ئەم بگاتە ئەوێ. هەروەها دەیتوانی خۆی بخاتە سەر شکڵی ترو کوژرانی مەیلەو مەحاڵ بوو. بۆ نموونە، ئەگەر خۆی بخستایە سەر شکڵی سەگێکی ئاوی‌و ئینجا سەگە ئاوییەکە بکوژرایە، پێش ئەوەی لاشەی گیاندارەکە سارد بێتەوە، گیانی (کوللە) لەناو لاشەکەوە دەردەچوو. دووبارە دەکەوتەوە ناو قالبی مرۆڤ و ئامادە دەبوو بۆ بەسەرهاتی تازەتر.

بەڵام ئەم لە هەمووی زیاتر، پەنای دەبردە بەر هێزی راکردن‌و فێڵبازی خۆی.

(مانابوژو) هەستی تۆڵەسەندنەوە هەموو گیانی داگرتبوو. بە خێرایی غاری دەدا. (کوللە)ش بە خێرایی وەکوو سێبەر لە راکردندا بوو. ئەم لە کەروێشك خێراتر بە ناو لێڕەوارو بە سەر تەپۆڵکەکاندا رایدەکرد. نەیارەکەیشی هەر بە دواوە بوو. کە (مانابوژو) گەیشتە ئەو شوێنەی (کوللە) پشووی لێ دابووو گیاکە هێشتا گەرم‌و گەچلاو بوو، (کوللە) ماوەیەکی زۆر لەوێ دوور کەوتبووەوە. کە (مانابوژو) گەیشتە سەر چیا، (کوللە)ی لە ناو گیابەندی خوارەوە بینی. (کوللە) بە ئەنقەس خۆی پێشان دا، بۆ ئەوەی گاڵتە بە کاهینی گەورە بکات‌و داوای زۆرانبازی لێ بکا. راستییەکەی ئەوەیە، (کوللە) نەختێ لە خۆی بایی بوو.

سەرەنجام، (کوللە) لە راکردن شەکەت بوو. هەڵبەت لەبەر ئەوە نا کە پێیەکانی بێشێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی حەزی لەم جۆرە ژیانە نەبوو. چاوی بە شتێکی تازە کرابووەوە. هەر زوو گەیشتە رووبارێك سکرییەکیان لەسەر دروست کردبوو. ئاو کەناری رووبارەکەی گرتبوو. (کوللە) ئەو رۆژە، هەموو پێچ‌و پەنایەك گەڕابوو، هەزار میل زیاتر رایکردبوو. زۆر گەرمای بوو. هەموو گیانی تۆزو غوبار بوو. ئەم گۆمە بە نیلوفەری ئاوی‌و قامیشی حەسیری، زۆر فێنك‌و خۆش بوو. دەنگێکی کز لە دوورەوە دەکەوتە بەر گوێ. ئەمە دەنگی (مانابوژو) بوو، بانگی شەڕی رادەهێشت.

(كولله) گوتی:

- ئای شەكەتیی! بریا سەگێكی ئاوی بوومایەو لەبنی ئەم گۆمە بژیابام بۆ ئەوەی كەس نەتوانێ سەخڵەتم بكا.

ئەوسا سەگێكی ئاوی سەری لە ناو ئاو دەرهێناو بە دڕدۆنگی سەیری (كولله)ی كرد. (كولله) گوتی:

- مەترسە! یەكەم: من تیرو كەوانی خۆم، لەولاوە، لەسەر گیا داناوە. دووەم: بیرم لەوە دەكردەوەو حەزیش دەكەم كە سەگێكی ئاوی بم. تۆ لەم بارەیەوە رات چییە؟

سەگی ئاوی بە شێوازێكی دۆستانە وەڵامی دایەوە:

- دەبێ پرسیار لە سەرۆك بكەم.

ئەوسا زەرگێكی بۆ بنی ئاو لێدا. هەر زوو (ئاهمیك)ی سەرۆكی سەگە ئاوییەكان سەری لەناو ئاو دەرهێناو دوا بە دوای ئەویش، بیست سەگی ئاوی سەریان دەركەوت.

(كولله) گوتی:

- لێ گەڕێن منیش ببم بە یەكێ لە ئێوە. ئێوە لە بن ئەم ئاوە فێنكو زولاڵە، خانوویەكی دلگرتان هەیەو من لە ژیانی خۆم بێزار بوومە.

ئاهمیك هەستی بە خۆشی كرد كە بینی پێست سوورێكی گەنج بەو جوانیو توانایەوە حەز دەكا بچێتە ناو ئەوانەوە.

وەلامی دایەوەو گوتی:

- من تەنیا بە مەرجێ دەتوانم یارمەتیت بدەم كە تۆ خۆت هەڵدەیتە ناو ئاو. ئایا تۆ لەو باوەڕەدای بتوانی خۆت بخەیتە سەر شكڵی یەكێكی وەكوو ئێمە؟

(كولله) گوتی:

- ئەمە هەر زۆر ئاسانە!

(کوللە) بەناو ئاودا ڕۆیشت، تا ئاو گەیشتە کەمەری و بە چاو ترووکانێک کلکێکی پان و لووسی لێ ڕوا. زیاترو زیاتر چووە قوڵایی. کە سەری لە ئاو نقووم بوو، گۆڕاو بوو بە سەگێکی ئاوی تووک ڕەشی بریقەدارو پێی پەردەداری وەکوو پێی مراوی. لەگەڵ ئەوانی تر بەرەو بنی گۆمەکە کەوتە مەلەوانی، کە هەمووی کۆلک و چڵی درەخت بوو.

ئاهمیك بۆی ڕوون کردەوە:

- ئەمە خواردنی ئێمەیە. بۆ زستان دامان کردووە. ئێمە توێژی ئەم درەختانە دەخۆین. تۆیش هەر زوو وەکوو ئێمە قەڵەو دەبی.

(کوللە) گوتی:

- بەڵام من دەمەوێ لە ئێوە قەڵەو تر بم، دە هێندەی ئێوە!

ئاهمیك گوتی:

- کەیفی خۆتە! ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین چەندی حەز دەکەی قەڵەو بیت.

گەیشتنە مەڵبەندی ژیانی سەگانی ئاوی و لە دەرگایەکەوە تێپەڕین. چەند ژوورێکی گەورەی تیدا بوو. (کوللە) ژوورە هەرە گەورەکەی بۆ خۆی دەست نیشان کرد. گوتی:

- ئێستا چەندم پێ دەخورێ خواردنم بۆ بێنن. کە بە قەدەر پێویست قەڵەو بووم، دەبم بە سەرۆکی ئێوە.

سەگە ئاوییەکان زۆر بە پەرۆشەوە بوون. دەستیان بە ئیش کرد بۆ ئەوەی خۆشترین خواردن بۆ (کوللە) پەیدا بکەن و (کوللە)ش، کە زۆر بەم ژیانە ڕەحەتە کەیفخۆش بوو، لە خواردن و خەوتن بەولاوە هیچ ئیشی تری نەبوو.

هەر گەورە بوو، گەورە بوو تا سەرەنجام کەلەشی دە هێندەی کەلەشی (ئاهمیك) لێ هات. بە جۆرێ تەنانەت نەیدەتوانی لەناو ژوورەکەی خۆیشی بجوولێتەوە. تا بڵێی کەیفخۆش بوو!

بەڵام رۆژێ، سەگی ئاویی پاسەوان، کە لە سەرەوە، لەناو قامیشی حەسیری گۆمەکە پاسەوانی دەکرد، بە پەشۆکاویو بە مەلەکردن گەڕایەوە مەڵبەندی سەگە ئاوییەکان، بە هەناسە بڕکێ، گوتی:

- راوچی بە دوامانەوەن. راستی، (مانابوژو) خۆیو راوچییەکانی هاتوون، خەریکن گۆمەکەمان تێك دەدەن!

کە قسەی دەکرد، ئاوی گۆمەکە هەر نزمترو نزمتر دەبووەوە. دوای نەختێ، دەنگی پێی راوچییەکان هات. هاتبوونە سەر بانی خانووی سەگە ئاوییەکانو خەریك بوون خانووەکە تێك بدەن.

بێجگە لە (کوللە)، هەموو سەگە ئاوییەکان لە پەناگای خۆیان هەڵاتنو چوونە ناو رووبارو لەوێ خۆیان لەناو گۆمی قووڵ شاردەوە، یان لەگەڵ شەپۆڵەکانی رووبار بە مەلە دوور کەوتنەوە. (کوللە) هەموو هەوڵی خۆی خستە کار بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان رابکات، بەڵام نەیتوانی. دەرگاکە بۆ یەکێکی قەڵەوو کەلەش گەورەی وەکوو ئەم، زۆر بچووك بوو. کە ویستی لە دەرگا بچێتە دەرەوە، بە تەواوی گیری خوارد. ئینجا بانەکە شکاو سەری پێست سوورێك دەرکەوت، هاواری کرد:

- تیائۆ! تۆ تیائۆ! وەرن بزانن ئەمە چییە لێرە! ئەمە دەبێ (مشائومیك)، واتە پاشای سەگە ئاوییەکان بێ.

(مانابوژو) هات، گەیشتیو سەرنجێکی لێدا. هاواری کرد:

ئەمـە (کوللـە) یـە! مـن لـە فیلّو دەهۆکـانی دەگـەم. ئەمـە (کوللـە) یـە خـۆی خستۆتە سەر شکڵی سەگی ئاوی!

ئەوسا بە تۆبز پەلاماریان داو هەشت پێست سووری بالآ بـەرز، کەلەشی بێ گیـانی کوللـەیان لەسـەر باریەیـەك هـەلگرتو بـە سـەرکەوتوویی بـەناو لێـڕدا کەوتنە ڕێ.

ڕۆحی (کوللـە) هێشتا هـەر لـەناو کەلەشـی سـەگی ئـاوی دا بـووو هـەوڵی دەدا رابکات. پێست سوورەکان بردیانە مەڵبەندی خۆیانو خۆیـان بـۆ ئاهـەنگ گێـڕان ئامادەکرد. کاتێ ژنە پێـست سـوورەکان ویـستیان پێـستی سـەگە ئاوییەکـە کـەوڵ بکەن، کەلەشی سەگەکە بـە تـەواوی سـارد ببـووەوە، گیـانی (کوللـە) لـە کەلەشـی سەگی ئـاوی دەرچـوو، بـە خێرایـی هـەلآت. کـاتێ ڕۆحـی وەك سێبەری (کوللـە)، بەناو دەشـتو دەردا هەڵـدەهاتو بـەرەو لێـڕەوار دەچـوو، (مانـا بـوژو) بـە چـاوە تیژەکانی بینی (کوللە) کەوتەوە سەر شکڵی بنیادەم، ئیتر کەوتە دوایەوە.

ژیانی ناو سەگە ئاوییەکان، (کوللـە)ی نـەختێ لـە رابـردوو تەمبـەڵتر کردبـوو، بۆیە کـە رایـدەکرد سـەیری دەورووبـەری خـۆی دەکـرد بـۆ ئـەوەی ڕێگایـەکی لـە راکردن ئاسانتر بدۆزێتەوە. هـەر زوو گەیـشتە رەوە شـوورێکی قـۆچ پـانو درێـژ. شـوورەکان بـە ئاسـوودەیی بـۆ خۆیـان دەلـەوەڕانو زۆر جـوانو قەڵـەو بـوون. (کوللە) تەماشای کردنو گوتی:

- ئەمانە ژیانێکی زۆر ئازادو شادومانیان هەیە! بۆچی خۆم بە راکردن مانـدوو بکەم؟ منیش خۆم دەخەمە سەر شکڵی شوورو دەچمە ناو ئەم رەوە شوورەیە.

کە وای گوت، یەکسەر شاخی لەسەر سەری رواو دوای نەختێ بوو بە شوور.

کولله بەم حاڵەشەوە هێشتا زۆر رازی بوو. بە سەردەستەی شوورەکانی گوت:

- من خۆم زۆر بچووکم. پێیەکانم زۆر وردن. دەبێ شاخەکانم دوو هێندەی شاخەکانی ئێوە بێ. ئایا ناکرێ شاخەکانم گەورەتر بکەم؟

سەرۆکی شوورەکان وەڵامی دایەوە:

- بەدی، بەڵام بەمە خۆت تووشی مەترسی دەمەی.

ئینجا (کوللە)ی بردە ناو جەرگەی لێڕەوارو میوەیەکی بچووکی سووری پێشان دا بە هێشوو، بە نەمامێکی کورتدا، شۆڕ ببووەوە.

گوتی:

- هەر هێندە نەختێ لەمانە بخۆی، ئیتر هەر زوو شاخو پێیەکانت گەورە دەبن. لەگەڵ ئەمەشدا، ئاقڵیی لەوەدایە ئەم میوەیە زۆر نەخۆی.

ئەم میوە سوورانە زۆر بە تام بوون. (کوللە) هەستی کرد لەوانەیە زۆری لەم میوانە دەست نەکەوێ، بۆیە لە هەر کوێ دەکەوتە بەر دەستی، بەو پەڕی مگیزەوە لرفی دەکرد. بە ماوەیەکی کەم، پێیەکانی ئەوەندە گەورەو سەنگین بوون نەیدەتوانی بە پێی رەوەکە بڕواو شاخەکانی ئەوەندە پەلو پۆیان هاویشت هەندێ جار هەستی دەکرد بەر لە جووڵانەوەی دەگرن.

رۆژێکی ساردی زستان، رەوە شوورەکە چوونە ناو لێڕەوار بۆ ئەوەی پەناگەیەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە. چەند شوورێك لە رەوە بە جێ ما بوون، گوێیان لە هاواری راگەیاندنی مەترسی بوو. زوو بە پەشۆکاوی خۆیان بە وانی دی گەیاند. راوچی بە دوایانەوە بوون. سەردەستەی شوورەکان رووی کردە (کوللە)و هاواری کرد:

راکە! بە دوومان‌دا وەرە پێدەشت بۆ ئەوەی پێست سوورەکان نەتوانن بمانگرن. (کوللە) هەوڵی دا بە دوایاندا رابکات، بەڵام پێیە سەنگینەکانی توانای راکردنی خێرایان نەبوو. زۆر لەسەرەخۆ رایدەکرد. کاتێ شێتانە بۆ ناو بێشە

دایدەقلاشت، شاخە پەرتو بلاوەکانی لە چلی نزم گیربوونو ئیتر توانای جوولانی نەما. چەند تیرێك توند بە تەنیشتیدا ڤرڕەیان هاتو تێپەڕین. تیرێك دلی سمیو گلۆر بووەوە سەر زەوی.

راوچی بە هاتو هاوار گەیشتنە سەری. کە ئەم شوورە کەلەش گەورەیان بینی، هاواریان کرد:

- تیائۆ! ئەمە بوو، شوونی پێی زلی لەسەر رووی زەوی پێدەشت جێ هێشتبوو. تیائۆ!

دەستیان بە کەولٚ کردنی شوورەکە کرد، (مانابوژو)ش هات گەیشتە لایان. لەو کاتەدا، رۆحی (کوللە) لە زاری کەلەشی شوورەکە هاتە دەرێو وەکوو دووکەلێکی سپی، کە بە دەم باوە بجوولێتەوە، خێرا بەرەو دەشتی هەراو رایکرد. (مانابوژو) سەیری دوورکەوتنەوەی رۆحی کرد، رۆحی (کوللە)ی بینی دووبارە کەوتەوە قالبی مرۆڤانەو ئەویش دیسان بە نیازی تۆلەسەندنەوەیەکی توند، کەوتە دوایەوە.

(کوللە)، لە راکردندا، بیرێکی تازەی بە مێشکدا هات. هەندێ بالندەی لەسەر سەرییەوە، لە ئاسمانی ساودا، بینی دەخولانەوەو بەرزدەبوونەوە تەشقی ئاسمان. گوتی:

- ئەو بەرزاییەی ئاسمان، شوێنێکی لەبارە بۆ من. با بالم لێ بڕوێ ئەوسا بە ریشی (مانابوژو) پێدەکەنم.

دەریاچەیەکی لە پێش بوو. کە لە دەریاچەکە نزیك کەوتەوە. رەوە قازێکی کێوی دی لەناو قامیشەلان خەریکبوون بە دوای خواردندا دەگەڕان. (کوللە)، بە چۆنیەتی مەلەوانیی نەرمو ئازادانەو بە هاتو چۆی قازەکانی هەلگوت، گوتی:

- ئاها! ئەمانە بەم زوانە بەرەو باکوور دەفڕن. وا چاکە منیش لەگەڵ ئەوانە بفڕم و بڕۆم.

(کوللە) قازەکانی بە (پشینە) واتە: (برا)ی خۆی ناو دەبردو قسەی لەگەڵ کردن. ئەوانیش لەناو رەوەی خۆیانەوە قبووڵیان کرد.

بەم جۆرە، (کوللە) لەسەر ئاو درێژ بوو، تا لەشی پەڕی دەرکردو ئەویش کەوتە سەر شکڵی قازی کێوی. دەنووکێکی رەشی پان و کلکێکی پێوە لکا وەکوو سوکانی کەشتی لە هەوادا رێنمایی دەکرد. (کوللە) وەکوو هەموو جارێ بەو پەڕی مگێزو ئارەزوو خواردنێکی زۆری خوارد. هەموو قازەکان ماوەیەك بوو دەستیان لە خواردن کێشا بووەوە، ئەو هەر دەیخوارد. ئیتر بوو بە گەورەترین قازێ کە تا ئەوسا بەرچاو کەوتبێ. دەنووکی وەکوو سەولی بەلەم وا بوو. کە باڵەکانی دەکردەوە، بە قەد دوو رایەخی حەسیر دەبوون. قازە کێوییەکان بە سەرسامی تەماشایان کردو گوتیان:

- تۆ دەبێ لە پێش هەموومانەوە بفڕی.

(کوللە) وەڵامی دایەوە:

- نەء ، من وای پەسند دەکەم لە دوای ئێوەوە بفڕم.

گوتیان:

- کەیفی خۆتە. بەڵام دەبێ وریا بی: لە هەموو هەڵو مەرجێك، سەرو ملت راستەو راست لە پێش خۆتەوە درێژ بکە. لە کاتی فڕین، سەیری خوارەوە مەکە، نەوەك بۆی هەیە شتێکت بە سەر بێ.

ئای دیمەنێکی چەند جوان بوو کە قازەکان باڵیان لێکداو ملی درێژی خۆیان درێژ کردو بە دەنگی (وڕوڕ) لەسەر رووی دەریاچەکە بەرز بوونەوەو بە سواری (با) بەرەو پێش کەوتنە جوولە!! قازەکان بە یارمەتی کزەبایەکی باشوور

دەفڕین و ورده ورده خێراییان زیاد بوو تا وای لێ هات وەکوو تیرێکی لە کەمان دەرچووو، خێراییان زیادی کرد.

ڕۆژێ، کە بەسەر گوندێکدا تێدەپەڕین، دەنگی هاواری خەڵکەکەیان کەوتە بەر گوێ. پێست سوورەکان بە دیتنی ئەو قازە کێوییە کەلەش گەورەی لە دواوەی ڕەوەکەوە دەفڕی، حەپەسا بوون. بە هەموو هێزی خۆیانەوە هاواریان دەکرد. ئەم دەنگ و هەرایە وای کرد (کولله) مەراق بگرێ. بە تایبەتی دەنگێکی زۆر بە لاوە ئاشنا بوو. نەیتوانی جلەوی دڵەراوکێی خۆی بگرێ و سەری بەرەو زەوی لار کردەوە. هەر هێندە سەری لار کردەوە، (با) یەکی توند لە کلکی داو کەلەواژی کردەوە. بێ هوودە هەوڵی دا هاوسەنگیی خۆی رابگرێتەوە. (با) وەکوو پەڕ دەیسووڕاند. تا دەهات زەوی نزیکتر دەبووەوەو نزیك دەبووەوە. دەنگی پێست سوورەکانی لە گوێدا بەهێز تر دەنگی دەدایەوە. سەرەنجام، بە توندی بە زەوی کەوت و قنیاتی لەبەر بڕا.

ئای چ زیافەتێك بوو ئەم قازە کێوییە کە لە پڕ لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە! پێست سوورە برسییەکان پەلاماریان داو تێی وڕووکان و پەریان لێ کردەوە. ئەمە گوندی (کولله)کە خۆی بوو. (کولله) هەرگیز بە مێشکی دانەدەهات ڕۆژێ بێ و بگەڕێتەوەو ببی بە مایەی ئەم جۆرە شادی و زیافەتە. ئەو زیافەتەی باشترین خواردنی تێدا بوو.

بەڵام دیسانەوە ڕۆحی (کولله) لە قالبی (کولله) هاتە دەرەوەو ڕای کرد. (مانابوژو)، کە فەرمانی جەنگی دەرکردبوو، سەر لە نوێ کەوتە دوایەوە. لەو کاتەدا، (کولله) گەیشتە دەشت و بیابان کە هیچ نیشانەی درەخت و ژیانی مرۆڤی تێدا نەبوو. (مانابوژو) هات بیگاتێ. ئیتر (کولله) دەبوایە فێڵێکی تر بخاتە گەڕ. سەرەنجام، گەیشتە دار کاژێکی بڵند لەناو گابەردان هاتبووە دەرێ. چووە سەر دارەکەو هەموو گەڵا تیژەکانی لێ کردەوەو فڕێی دایە دەورو بەرو لقەکانی دار

کاژەکە بە تەواوی رووت بوونەوە. ئینجا لە دارەکە هاتە خوارێ. کە (مانابوژو) گەیشتە جێ، دار کاژەکە قسەی لەگەڵ کردو گوتی:

- سەیر کە، (کوللە) چی لێکردووم؟! هەڵبەت بە بێ گەڵا دەمرم. ئەی پیاو چاکی پیرۆز، تکات لێ دەکەم بەرگە سەوزەکەم بدەرەوە.

(مانابوژو) هەموو درەختێکی خۆش دەویستو پارێزگاری لێ دەکردن، بۆیە زۆر بەم دیمەنە نارەحەت بوو. هەموو گەڵا تیژە پەرتو بڵاوەکانی دارکاژەکەی کۆکردەوەو دووبارە لە چلەکانی چەسپ کردن. ئینجا خێرا وەکوو برووسکە رایکرد تا گەیشتە (کوللە)و دەستی درێژ کرد بۆ ئەوەی بیگرێ. بەڵام (کوللە) خێرا دەرپەڕییە لایەکو لەسەر یەك پێ کەوتە خولانەوەو دەستی بە سەمای گەردەلوولیی خۆی کرد. بەم جۆرە، سەراپای دەورو بەری پڕ بوو لە گەڵاو تۆزو غوبار. لەناو ئەم گەردەلوولەدا، (کوللە) خشییە ناو قەدی کلۆری درەختێکی وشكو خۆی خستە سەر شکلی مارێكو ئینجا لە ڕێگای ریشە رزیوەکانی درەختەکەوە خشییە دەرەوە. لەو کاتەدا (مانابوژو) بە دەستکێشی جادوویی خۆی، درەختەکەی شکاندو وەکوو ئاردی لێ کرد.

(کوللە)دووبارە خۆی خستە سەر شکلی مرۆڤ و بۆ رزگارکردنی خۆی پێی بە غارەوە نا. تەنیا ئەو ڕێگایەی لەپێش ما بوو کە خۆی بشارێتەوە. بەڵام لە کوێ؟ کە بە پەشۆکاوی رایدەکرد، جارێکی تر گەیشتە کەناری دەریاچەی گەورە. ئەو بەردە زلانەی لەبەردەم خۆیدا بینی کە پێیان دەگوترێ (پیکچەر رۆکس). ئەگەر بتوانێ بگاتە سەر ئەو بەردانە، پیاو چاکی پیرۆزی چیاکان، لەوێ لە ئەشکەوتێکی نوورانی دەژی، هەڵبەت داڵدەی دەدا. بێ گومان! کە گەیشتە سەر بەردەکەو داوای یارمەتی کرد، پیاو چاکی پیرۆز دەرگای لێ کردەوەو پێی گوت بچێتە ژوورەوە.

هێشتا دەرگا گەورەکە بە تەواوی دانەخرابووەوە، کە (مانابوژو) گەیشتە جێ. بە دەستکێشە جادووییەکەی زەبرێکی وای لە بەردەکە دا، پارچەکانی بە هەوا کەوتن.

بە دەنگێکی پێزەڤەنگ هاواری کرد:

- بکەوە!

بەڵام پیاو چاکی پیرۆز ئازاو میوانپەروەر بوو. بە (کوللە)ی گوت:

من داڵدەی تۆم داوەو ئەگەر بشمرم بە دەستەوەت نادەم.

(مانابوژو) چاوەڕێی کرد بەڵام هیچ وەڵامی نەبیست.

سەرەنجام گوتی:

- کەیفی خۆتە. ئەگەر تا شەو دادێ دەرگام لەروو نەکەنەوە، بانگی برووسکەو چەخماخە دەکەم، بۆ ئەوەی بێن ئەمری من جێ بەجێ بکەن.

چەند سەعاتێکی پێ چوو. دونیا تاریك داهات. ئەوسا هەورێکی رەش لەسەر رووی دەریاچەی گەورە پەیدا بوو. (وای واسی مو) واتە: (چەخماخەی چاو سوور)، لەو هەورەوە تیشکی ئاگرینی خۆی هاویشت: - گرم! گرم!

(ئانەمی کی) واتە: چەخماخە، بە دەنگێکی تیژ لە ئاسمانەوە هاواری کرد. بایەکی توند هەڵیکرد. درەختەکانی لێڕەوار بەم لاو بەولادا لاردەبوونەوەو ناڵە ناڵیان دەکرد. رێوییەکان خۆیان لەناو کونان شاردەوە. (چەخماخەی چاوسوور) لەناو هەوری رەشەوە بازی هەڵدایە دەرێ‌و پەلاماری شاخەکەی دا. شاجەکە لەرزی. دەرگا لە گرێژنە چووو شکا. پیاو چاکی پیرۆزی چیایی لەناو ئەشکەوتی نوورانی خۆیەوە هاتە دەرێ‌و داوای بەزەیی لە (مانابوژو) کرد. داواکەی قبووڵ بوو و (مانابوژو) رۆیشت.

ئەوسا (کوللە) هاتە دەرەوە، بەڵام دوای نەختێ، کەوتە ژێر ئەو وردە بەردانەی چەخماخەکە وردی کردبوون. ئەم جارە لەناو قالبی مرۆڤانەی خۆی کوژراو ئیتر نەیتوانی فێڵە چەتوونییەکانی بخاتە کار.

بەڵام (مانابوژو) بە بەزەیی‌و میهرەبانی، بیری کەوتەوە (کوللە) مرۆڤێکی ئەوەندە خراپ نەبوو. گوتی:

- رۆحی تۆ بە هیچ جۆرێ نابێ لەسەر زەوی بمێنێ. تۆ وەکوو مرۆڤێک هەمیشە تەمبەڵی‌و چەتوونیت کردووە‌و لێرە هیچ کەسێ تۆی ناوێ. بەڵام من روخسەتت دەدەم بچیتە ئاسمان. بەو مەرجەی هەر لە ئاسمان بمێنیتەوە.

ئەم قسەیەی گوت‌و رۆحی (کوللە)ی گرت‌و خستییە سەر شکڵی هەڵۆیەک‌و روخسەتی دا ببێ بە شای باڵندان.

بەڵام خەڵکەکە هێشتا (کوللە)ی فێڵبازیان لە بیر نەکردووە. لە رۆژە ساردەکانی زستان، وردە بەفر وەکوو هەڵم ئاسمان پڕ دەکا. لەپڕ (با)یەک ئەم بەفرە سووک‌و وردە بەرز دەکاتەوە، دەیسوورێنێ‌و دەیباتە پێش. لەو کاتەدا، پێست سوورەکان پێدەکەنن‌و دەڵێن:

سەیر کە! (کوللە) وا دەڕوا. سەیرکە، چەند جوان سەما دەکا!!

*       *       *

(٦)

## (میشووشا)ی جادووکەر

راوچییەك لەناو لێرەواری سەوزو هەراو دەژیا. چادرەکەی چەند میلێك لە چادرەکانی خێڵەکەی دوور بوو. هاوسەرەکەی چەند ساڵ بوو کۆچی دوایی کردبوو. راوچی بە خۆو بە دوو کوڕی گەنجی بە یەکەوە دەژیان. دوو کوڕەکە، بەبێ خزمەتی دایك، بە باشترین شێوە گەورە ببوون.

کاتێ باوکە دەچووە راو، کوڕەکان جگە لە باڵندەو گیانداری لێرەوار، هیچ هاودەمیان نەبوو. لەگەڵ هەندێ گیانداری بچووکیش پەیوەندی دۆستایەتییان بەستبوو.

(ئاجی دا ئو مو – سمۆرە)، کە لە سەر درەختێکەوە بازی دەدایە سەر درەختێکی تر، پەلکە گوێزی فڕێ دەدایە سەر بانی چادرەکەیان. ئەمە لە باتی لە دەرگادان بوو. سمۆرە هەموو رۆژێ سەر لە بەیانی دەهات. سلاوێکی دەکردو

بێ ئەوەی شتێکی تازەی پێ بێ بیڵێ، هەژدەر هەژدە قسەی دەکرد. دەق وەکوو ئەو کەسانەی هەرگیز زمانیان لە گۆ ناکەوێ. بەڵام ئەو زۆر شادو بزۆز بوو. بە شادومانی لە بارەی بابەتی بێ نرخ هەڵەوەڕی دەکرد. بەلای سمۆرەوە، جیاوازیی نەبوو ئاخۆ ئەوەی بەرامبەری گوێی لێ دەگرێ، یان نا؟

برادەرێکی تریان (وابوسە)، واتە: (کەروێشکی سپی بچکۆڵە) بوو. ڕۆژێکی زستان، کە خواردن لە لێڕەوار دەست نەدەکەوت، ئەوەندەی نەمابوو (ئونە ئوتا) ، واتە: (پشیلەی گوێڕەش) بیخوا. بەڵام باوکی ئەم کوڕانە تیرێکی تێ گرتو (پشیلەی گوێڕەش) ئیتر هیچ جارێ بە مێشکی دانەدەهات کەروێشکی سپی بخوات. هەر بۆیەش (کەروێشکی سپی بچکۆڵە) زۆر مەمنوون بوو. زۆرجار بە شەرمەوە ئەم مەمنوونییەتەی خۆی دەردەبڕی. خواردنی ڕاوچییەکەو کوڕەکانی بە زۆری گۆشتی گیانداری گەورەی وەکوو ورچو مامز بوو. گۆشتەکەیان پارچە پارچە دەکردو بۆ هەڵگرتن ئامادەیان دەکرد. هەندێ جار پەیداکردنی نێچیر چەند ڕۆژێکی دەکێشا، چونکە یان نێچیر زۆر کەم بوو، یان لێڕەوار ئەوەندە وشك بوو، چڵەداری ناسك لە ژێر پێی ڕاوچی دەشکاو گیاندارەکان لە دەنگی قرچەی شکانی چڵەکان هەستیان دەکرد ڕاوچی نزیك بۆتەوە. بۆیە کوڕەکان ڕاهاتبوون چەند هەفتە بەبێ باوکیان بەسەر بەرن.

وەرزی وشکە ساڵی داهات. ئیتر درەخت وردە میوی نەدەداو گیا وشكو سیس هەڵگەڕا بوو. یەك بەڕوو چییە بە درەختەکانەوە نەبوو. هەندێ ڕووبار وشك ببوون. هەر بۆیەش ڕاوچییەکە بە دوای نێچیر دوور کەوتبووەوە. چەند مانگێك تێپەڕی. (سیگوان)ی برا گەورە، کە بینی گۆشتی خواردنیان نەماوە، بە (یوسکودا)ی برا بچووکی گوت:

وەرە چی گۆشتمان ماوە هەڵیگرینو بەرەو لێرەوارو لای باکوور بڕۆین. لە بیرمە باوکم گوتی چەند میلێك لێرە دوور، دەریاچەیەکی گەورە هەیە بە ناوی (گیجە گۆمی) و پڕی ماسییە.

(یوسکودا) بە دوودڵی پرسی:

- لەو باوەڕەدای بتوانین ڕێگاکە بدۆزینەوە؟

دەنگێ لەسەر سەریانەوە گوتی:

- مەترسن!

ئەمە دەنگی سمۆرە بوو. وەکوو هەمیشە شادو کەیفساز بوو، بەلام بە هۆی کەمبوونی گوێزەوە، نەختێ لەڕ ببوو.

بەردەوام بوو. گوتی:

- من لەگەڵتان دێم. (کەروێشکی سپی یچکۆڵە)ش دێ. ئەو بە پێشتان دەکەوێو ڕێگاکە دەدۆزێتەوە، منیش لەسەر درەختێکەوە باز دەدەمە سەر درەختێکی ترو پاسەوانیتان دەکەم. بەم جۆرە، ئێمە دەتوانین یارمەتیتان بدەین ڕێگای راست بدۆزنەوە.

بیرێکی باش بوو! (کەروێشکی سپی یچکۆڵە) لە پێشەوە رای دەکرد. کە ڕێ لەبەر گیا بزر دەبوو، بە بۆن دەیدۆزییەوەو یەك جار چییە بە هەڵەدا نەچوو. کە ڕێگایان دەکەوتە ناودەشتی راستان، ئەو لە پێشەوە رایدەکردو ناو بە ناو دەوەستاو لەسەر پاشووەکانی هەڵدەتووتاو چاوەڕێی کوڕەکانی دەکرد. گوێیە درێژەکانی مووچ دەکردەوەو بایدەدان بۆ ئەوەی بزانێ بچووکترین مەترسی لە کوێوە دێ، بەلام هیچ ڕووداوێکی ترسناك نەقەوما.

پشیلەی کێوی‌و گورگ، پێش هاتنی وشکە سالێ، لەوێ رۆیشتبوون‌و لێرەواری کپ‌و بێ دەنگ، هیچ نیشانەی گیانداری کێوی تێدا نەبوو. ئیتر هەر بەرەو پێش دەڕۆیشتن‌و لێرەوار هەر کۆتایی نەدەهات.

رۆژێ، (سمۆرە) چووە سەر دار کاژێکی بەرزو لە چلەپۆپەی درەختەکەوە سەیری دوورەوەی کرد. خۆر زۆر بە گەشی دەدرەوشایەوە. چاوی زەق کردەوەو سەیری لای باکووری کرد، شتێکی دی وەکوو زیو دەدرەوشایەوە. دەتگوت بە ئاسمانەوە نووساوە. ئەمە دەریاچەی گەورەی (گیچە گۆمی) بوو.

بەم جۆرە گەیشتنە شوێنێ گوێزو گیای سەوزی زۆر بوو. کەروێشک‌و سمۆرە مالآواییان لە کوڕەکان کرد. ئەوان ئیتر دەیانتوانی بە رەحەتی، ریی خۆیان بدۆزنەوە. هەر زوو گەیشتنە پەڕگەی لێرەوار. دەنگی هاوارێکی سووکیان کەوتە بەر گوێ. ئەمە دەنگی (تویی تو ئیش کەوای) واتە: (باڵندەی باران) بوو بە کەناری دەریاچەکەدا دەفڕی. دوای نەختێ، تەماشایان کرد دیتیان ئاوی درەخشانی دەریاچەکەیان لەبەردەم راکشاوە.

(سیگوان)بە چەقۆی تیژی راوی، چلێکی لە درەختی (زمانە کێشکە) بڕییەوەو کەوانێکی لێ دروست کرد. چەند تیرێکی لە چلی درەختی بەڕو تاشی‌و بەردەستێی لە نووکی تیرەکان چەسپ کرد. پەڕی باڵندەیەکی دەریایی لەسەر زەوی دۆزییەوەو لەسەری تیرەکانی بەست. زوێلێکی لە کراسی کەوڵە مامزی خۆی بڕییەوەو کردی بە ژێی کەوان. ئینجا تیرو کەوانەکەی دایە (یوسکودا) بۆ ئەوەی مەشقی تیراوێژی بکا. خۆیشی هەندێ پەلکە گوڵی سووری کێوی کۆکردەوە بۆ ئەوەی سکی خۆیان پێ تێر بکەن.

لەبەر ئەوەی (یوسکودا) نیشانەی خراپ دەگرت، یەکێ لە تیرەکان کەوتە ناو دەریاچە. (سیگوان) چووە ناو دەریاچەکە بۆ ئەوەی تیرەکە بێنێتەوە. ئەوەندە چووە ناو دەریاچەکە تا ناو گەیشتە کەمەری. دەستی درێژ کرد بۆ ئەوەی

تیرەکە دەربێنێ، لەپڕ بەلەمێك، بە شێوەیەکی ئەفسووناوی دەرکەوت وەکوو باڵندە دەهات. پیرەمێردێکی ناشیرین لەناو بەلەمەکە دانیشتبوو ناوی (میشووشا) بوو، دەستی درێژ کرد. ئەم کوڕە حەپەساوەی گرت و سواری بەلەمەکەی کرد.

(سیگوان) بە پاڕانەوە گوتی:

ئەگەر دەتەوێ من ببەی، براکەشم بێنە! ئەگەر بە تەنێ لێرە بمێنێتەوە، لە برسان دەمرێ.

بەڵام (میشووشا)ی جادووکەر پێکەنی. ئینجا دەستی لە تەنیشتی بەلەمەکەداو ئەم وشە جادوویانەی بەسەر زماندا هێنا:

- (چە ما ئون پول).

بەلەمەکە وەکوو ماسی خێرا ڕۆیشت و هەر زوو کەناری دەریاچە لەچاو بزر بوو.

دوای ماوەیەکی کەم، بەلەمەکە لە کەنارێکی لمین وەستاو (میشووشا) خۆی فڕێ دایە دەرەوەو ئاماژەی بۆ (سیگوان) کرد دوای بکەوێ.

ڕۆیشتن گەیشتنە دوورگەیەك. لەناو بێشەیەکی پڕ دارگێوژدا دوو چادری پێست سوورانیان لەبەردەم دەرکەوت. دوو کچی گەنج و جوان لە چادرە بچووکەکە هاتنە دەرەوەو بە وردی چاویان تێ بڕین.

(سیگوان) تا ئەو کاتە هیچ کچێکی نەدی بوو، ئیتر ئەم دوو کچەی بەلاوە وەکوو دوو فریشتەی ئاسمانی وا بوون. بە سەرسامی چاوی تێ بڕین و لە هەر لەحزەیەکدا چاوەڕێی دەکرد، لە بەر چاوی بزر بن. ئەوانیش بێ ئەوەی زەردەیان بێتێ، تەماشای ئەمیان دەرکرد. خەم و هاودەردییان لەچاوی ڕەشدا دەبریسکایەوە.

پیرەمێرد پێکەنیو ددانە درێژو زەردەکانی گڕ کردەوەو بە (سیگوان)ی گوت:
- ئەمانە کچی منن!
ئینجا رووی کردە کچەکانو پرسی:
- شادومان نین کە من بە سەلامەتی گەڕاومەتەوە؟و بە دیدەنی ئەم هاوڕێ گەنجو قۆزەم خۆشنوود نین؟
ئەوانیش بە ئەدەبەوە سەری خۆیان دانەواند، بەڵام هیچیان نەگوت.
رووی کردە کچە گەورەکەو گوتی:
- ماوەیەکی زۆر بوو تۆ چاوەڕوانی میوانێکی وا بووی.. ئەمە مێردێکی باش دەبێ بۆ تۆ.
کچە گەنجەکە شتێکی لە ژێر لیوەوە چرپاندو (میشووشا) بە بەدکاریی سەرنجێکی لێدا.
لەبەر خۆیەوە گوتی: (دەبینن! دەبینین!)و بە پێکەنینەوە دەستە درێژو ئێسکنەکانی لێك خشاند.
(سیگوان)، لەبەر نیگەرانی مێشکی ئاڵۆزکا بوو، نەیدەزانی چ بکا؟ بڕیاری دا زۆر وریا بێ. خۆشبەختانە (میشووشا) هەندێ جار بە تەواوی مێشکی دەڕۆیشت.
(میشووشا) رووی کردە چادرەکەیو چووە ژوورەوە. ئەوانی بە تەنیا جێ هێشت. لەو کاتەدا، کچی گەورە خۆی گەیاندە (سیگوان)و خێرا دەستی پێ کرد قسەی لەگەڵ کرد. گوتی:
- ئێمەکچی ئەو نین. ئەو ئێمەیشی وەکوو تۆ هێناوەتە ئێرە. ئەو دژی رەگەزی بنیادەمە. هەر مانگەو پیاوێکی گەنج دێنێتە ئێرەو وا پیشان دەدا هێناویەتی بۆ ئەوەی زەماوەند لەگەڵ من بکا، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم بە

بەلەمەکەی لێرە دەیباو ئیتر ئەو پیاوە گەنجە هەرگیز ناگەڕێتەوە. ئێمە دڵنیاین (مێشووشا) ئەوانەی هەموو لەناو بردووە.

سیگوان پرسی:

- باشە من چی بکەم؟ من ئەوەندە خەمی خۆمم نییە، زۆر خەمی برا بچووکەکەمە. ئەوم لەوبەری دەریاچە بە تەنێ جێ هێشتووەو دەترسم لە برسان بمرێ.

کچە عازەبەکە گوتی:

- تۆ بە ڕاستی خۆت پیاوی چاکی‌و هیچ بیر لە خۆت ناکەیتەوەو هەر ڕووداوێ بقەومێ دەبێ یارمەتیت بدەین. (کوکو کوهو- پەپووی زل)، بە درێژایی شەو لەسەر لقی رووتی ئەو درەختە گێوژە پاسەوانی دەکا. دان بە خۆت دا بگرە تا (میشووشا) خەو دەیباتەوە، ئەوسا خۆت سەراپا لە پەتووەکەی ئەو بپێچەو بە دزی وەرە بەر دەرگای چادرەکەی ئێمە. بە هێدی بە ناو بانگم بکە ((نی نی مووشا)و من دێمە دەرەوەو پێت دەڵێم چ بکەی.

کابرای گەنج بە چرپە گوتی:

- (نی نی مووشا! ناوێکی چەند خۆشە!)

ئەو هێشتا سوپاسی نەکردبوون، ئەوان بۆی دەرچوون.

لەو ساتەدا، (مێشووشا) دەرکەوت‌و ئاماژەی بۆ (سیگوان) کرد بچێتە لایەوە. پیرەمێرد بە سەرو سیما شادومان دیار بوو. دەیەویست کاتی خۆی بە هەقایەت گێڕانەوە بە سەر بەرێ، بەڵام (سیگوان) بە سیمای دۆستانەی تەفرەی نەخوارد. کە جادووکەرەکە خەوێکی قووڵی لێ کەوت، ئەو هەستاو پەتۆی (میشووشا)ی لە خۆی لوول داو بەو پەڕی ئەسپایی چووە بەر دەرگای چادرە بچووکەکەو بە چرپە گوتی:

-(نی نی مووشا)!

دڵی کەوتە خورپە خورپ، چونکە (نی نی مووشا) بە زمانی پێست سوورەکان، واتە: (ئازیزەکەم!).

(نی نی مووشا) وەڵامی دایەوە:

- (سیگوان!)

ناوی (سیگوان) کە مانای (بەهار)ە، لە دەمی کچەکەدا وەکوو مۆسیقا دەکەوتە بەر گوێ.

کچە پەردەی دەرگای لاداو هاتە دەرەوەو گوتی:

- وەرە ، ها، ئەمە خواردنە. بای چەند رۆژێکی براکەت دەکات. سواری بەلەمی (میشووشا) بەو ویردی جادوویی بە زمان بڵێ، هەر جێیەکت بوێ دەتباتە ئەوێ. تا رۆژهەڵات دەگەڕێیتەوە.
(سیگوان) پرسی:

- ئەی ئەو پەپوویە؟ ناقیژێنێ؟
- وەکوو مێشووشا بە کووڕی بڕۆ. (پەپووی زل)، کە تۆی بینی، هاوار دەکا: (هوت، هوت!). تۆ لە وەڵامدا بڵێ: (هوت، هوت، ووا میشووشا).ئەو حەلە، لێدەگەڕێ تێ بپەڕیو بڕۆی.
ئەو چی گوت (سیگوان) هەمووی ئەنجام داو هەر زوو بە بەلەم بە ناو دەریاچەدا کەوتە ڕێ. کە گەیشتە کەنار. دەنگی خۆی وەکوو دەنگی سمۆرە لێ کرد. بەم دەنگە دۆستانەیە برای بە راکردن بەرەو لایەوە هاتو باوەشی تێ وەرهێنا.

(سیگوان) پەناگەیەکی بۆ برای دروست کردو پێی گوت دووبارە دەگەڕێتەوە. ئینجا بە بەلەم گەڕایەوە لای چادری (میشووشا)و دوای ماوەیەکی کەم، خەوێکی قوولی لێ کەوت.

(میشووشا) متمانەی تەواوی بە پەپوودەکەی هەبوو، بۆیە گومانی بۆ هیچ شتێ نەچوو... ئەو لە کوێ بزانی، کە بیری دوو دڵدار یەکی گرت، هیچ نییە نەتوانێ بیکا.

گوتی:

- خەوت خۆش، کوڕم! ئێستا پێکەوە سەفەرێکی خۆش دەکەین. دەچینە دوورگەیەك هەزاران باڵندەی دەریایی هێلکەیان لەسەر لم کردووەو ئەوەندەی بتوانین بۆ خۆمان دەیهێنین.

(سیگوان)، کە قسەکانی (نی نی مووشا)ی بیرکەوتەوە، موچڕکی پێدا هات. بەلام (نی نی مووشا)، بە دەست، (ماچ)ێکی حەواڵە کردو مالاوایی لێ کرد. (سیگوان) بەمە زاتێکی زۆری پەیدا کرد. کە بەلەمەکە بە خێرایی کەوتە رێ، (سیگوان) تاقی کردەوە بزانێ ئایا چەقۆی راوی بە ئاسانی لە کالان دەجوولێ یان نا. یەك چرکە چییە چاوی لەسەر (میشووشا) هەڵنەگرت. کە گەیشتنە دوورگەکە، باڵندەی دەریایی رەوە رەوە لە زەوی بەرز بوونەوەو بە قیڕەو قیژە بە سەر سەریانەوە کەوتنە فڕین.

جادووکەرەکە گوتی:

- تۆ هێلکەی ئەم باڵندانە کۆکەرەوە، منیش لێرە ئاگام لە بەلەمەکە دەبێ.

(سیگوان) بە خێرایی چووە کەنارو دڵی خۆش بوو کە لە پیرەمێرد دووردەکەوێتەوە. ئەوحەلە، جادووکەری پیر رووی کردە باڵندە دەریاییەکانو هاواری کرد:

هۆ، هاوڕێ باڵندەکانم! ئەمە ئەو دیارییەیە وەختی خۆی کە بڕیار درا من بە (ئاغا)ی خۆتان دابنێن، بەڵێنم دا پێشکەشتان بکەم. وەرنە خوارێ. باڵندە جوانەکانم! وەرنە خوارێو بیخۆن!

زەبری لە تەنیشتی بەلەمەکەی داو کوڕەی لەگەڵ باڵندەکان بە تەنیا جێ هێشت.

باڵندە دەریاییەکان بە دڵڕەقی قیڕاندیانو پەلاماری (سیگوان)یان دا. (سیگوان) هەرگیز دەنگی وا تیژی نەبیستبوو. ئەو دەنگە تیژە گوێی کەڕو کاس دەکرد. باڵی دەیان هەزار باڵندە لە هەوا پێك دەکەوت، کردبوویانە تۆفانو فەرتەنە. وەکوو هەور دەسووڕانو بە توندی بۆ لای (سیگوان) زەرگیان لێ دەدا. بەڵام (سیگوان) نەکشایەوە. بە هاواری (ساوساوکوان) واتە: (هاواری جەنگ)، پەلاماری یەکەمین باڵندەی داو گرتی. ئینجا ملی باڵندەکەی گرتو بە دەستی چەپە لەسەر سەری خۆی رایگرتو بە دەستی راستە چەقۆی لە کالان دەرکێشا. چەقۆکە لەبەر تیشکی رۆژ دەبریسکایەوە. هاواری کرد:

- بوەستن! بوەستن! هەی گێلی داماوینە! ئاگاتان لە تۆڵەی (رۆحی مەزن) بێ.

باڵندەدەریاییەکان سەنگرانەوە، بەڵام دیسان بە دەنووکی تیژ بە سەر سەریدا سووڕانەوە. ئەو بەردەوام بوو:

- هۆ باڵندەی دەریایینە! گوێتان لێ بێ. (رۆحی مەزن) ئێوەی دروست کردووە بۆ ئەوەی خزمەتی مرۆڤ بکەن. ئەگەر ئێوە من بکوژن، مانای وایە یەکێکتان کوشتووە بۆ فەرمانڕەوایی کردنی جانەوەرو باڵندان دروست کراوە. پێتان دەڵێم، وریا بن!

باڵندەی دەریایی هاواریان کرد:

- بەلاَم (میشووشا) تواناو دەسەلاَتێکی رەهاو بێ وێنەی هەیە. ئەو داوای لێ کردووین تۆ لەناو بەرین.

سێگوان وەلاَمی دایەوە:

- (مێشووشا) (مرۆڤێکی پیرۆز) نییە. تەنیا جادووکەرێکی ناجسنەو هیچی تر. بۆ مەبەستی شەیتانیی خۆی ئێوە بە کاردێنێ. وەرن، من بەسەر باڵی خۆتانەوە ببەنە دوورگەی ئەو، چونکە ئەو دەبێ لەناو بچێ.

ئەو حەلە، باڵندە دەریاییەکان بڕوایان هێنا مێشووشا فێڵی لێ کردوون. پاڵیان بە یەکەوە دا بە جۆرێ کە کوڕە بتوانێ لەسەر پشتیان رابکشێ. باڵندەکان کەوتنە فڕینو بەسەر دەریاچەکەدا پەڕاندیانەوەو پێش ئەوەی (میشووشا)ی جادووکەر بگاتەوە ئەوێ، بە وریایی لە تەك چادرەکان دایانگرتە خوارێ.

(نی نی مووشا) بە بینینی (سیگوان) زۆر خۆشحاڵ بوو. گوتی:

- من بە هەڵە لە تۆ تەگەیشتبووم. زۆر ئاشکرایە کە (رۆحی مەزن) پارێزگاریت دەکا، بەلاَم (مێشووشا) دووبارە تێ هەڵدەچێتەوە، جا ئامادە بە!

لەو کاتەدا، (مێشووشا) بە بەلەمی جادوویی خۆی هاتەوە. کە چاوی بە (سیگوان) کەوت، ویستی زەدەخەنەی بێتێ، بەلاَم لەبەر ئەوەی هیچ بیرێکی چاکی بە مێشکدا نەدەهات، مرۆڤ لەگەڵ زەردەخەنەی ئەو، زەردەخەنەی کەمتیاری بیر دەکەوتەوە. لەوانەیە ئەم زەردەخەنەیە تا ئێستا بە ئازارترین زەردەخەنە بێ .

ئاخری هەوڵی داو گوتی:

- باشە، کوڕم، بە خراپە لێکی مەدەرەوە. من ئەمەم کرد بۆ ئەوەم بوو ئازایەتی تۆ تاقی بکەمەوەو (نی نی مووشا) سەد لە سەد تۆی بکەوێتە بەرد دڵ. ئای! رۆڵەکانم ! ئێوە دەبن بە چ ژنو مێردێکی بەختەوەر!

(نـی نـی مووشـا) رووی خـۆی وەرگێـڕا، بـۆ ئـەوەی تـووڕەیی و نـەفرەتی خۆی بـشارێتەوە، بـەڵام (سـیگوان) وای پێـشان دا بـڕوای بـە هـاوڕێتی راستـەقینەی پیرەمێردی ناجسن هەیە.

جادووکەرەکە بەردەوام بوو:

- لەگەڵ ئەمەشدا، بە هۆی ئـەم کـارەوە، مـن شتێکت قـەرزارم. دەبیـنم جلو بـەرگێکی لـەبارت نییـە. لەگـەڵم وەرە بـچینە دوورگـەی سـەدەفی درەخـشانو یەکسەر دەستە بەرگێکی وەکوو بەرگی جەنگاوەرێکی کۆکت بۆ دابین دەکەم.

ئەو دوورگەی ئەوان لێی دابەزین، بـە ڕاسـتی جێگایـەکی زۆر خـۆش بـوو. بە سـەدەفی رەنگـاو رەنـگ داپۆشـرابوو. وەکـوو جـەواهیر لـەژێر تیـشکی خـۆردا دەدرەوشایەوە. کە لە کەنارەکە پیاسەیان دەکرد، مێشووشا گوتی:

سـەیر کـە! نـەختێ بـەو لاوەتـر. سـەیر کـە چ جـۆرە سـەدەفێك لـە بـن ئـاو دەدرەوشێتەوە.

(سیگون) پێـی خـستە نـاو ئاوەکـە. کـە ئـاو گەیـشتە رانـەکانی، جادووکەرەکە دەرپەڕی بۆ لای بەلەمەکەو تا ماوەیەکی زۆر بۆ ناو دەریاچە تێی هەڵدا. هاواری کرد:

- وەرە شای ماسییان! تۆ هەمیشە خزمەتی منت کردووە. ئەمەش پاداشتی تۆ.

ئینجا زەبرێکی لە تەنکێشی بەلەمەکە داو بەخێرایی لە چاو بزر بوو.

لەحزەیەکی پێ نەچوو، ماسییەکی کەلەش گەورە بـە کارێـژی کـراوەوە چەند هەنگاوێ بۆ لای (سیگوان) هاتە سەر ئـاو. بـەڵام (سـیگوان) تـەنیا زەردەی هـاتێ، چەقۆ درێژەکەی دەرکێشاو گوتی:

- ئەی ئاسکەلت! بزانە من (سیگوان)م. بە ناوی ئەو کەسە کراوم کە هەناسـەی گـەرمی شـەختە دەتوێنێتـەوەو بـەرگی سـەوز لەبـەر تەپۆلکـەکان دەکـات.

(میشووشا)ی نەوێرۆك لە ترسی ڤینی (ڕۆحی مەزن) داوا لە تۆ دەکا کارێکی وا بکەی کە خۆی زاتی نییە بیکا. یەك دڵۆپە خوێنی من بڕێژی، هەموو ئاوی دەریاچەی پێ ڕەنگین دەبێ سەراپای خێڵەکەت تەفرو توونا دەبێ.

شای ماسییان گوتی:

- (میشووشا) منی تەفرەداوە. ئەو بەڵێنی کچێکی روو ماهی بە من دا بوو، کەچی ئێستا ئەوەتا گەنجێکی چاو وەك جەنگاوەری بۆ من هێناوە. چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم، گەورەم؟

(سیگوان) هاواری کرد:

- هەی داماو! خۆشحاڵ بە کە بەڵێنی ترسناکی خۆی نەهێناوەتە دی. تۆ شایەنی ئەوەی بە دەستی من لەناو بچی. بەڵام من دەرفەتەتت پێ دەدەم تۆڵەی گوناهی خۆت بکەیتەوە. سواری پشتی خۆتم بکەو بمبە دوورگەی (میشووشا) بۆ ئەوەی چاو لە کوشتنت بپۆشم.

شای ماسییان خێرا (سیگوان)ی سواری پشتی پانی خۆی کردو ئەوەندە بە خێرایی کەوتە مەلە، نەختێ دوای (میشووشا) گەیشتە دوورگەکە.

جادووکەرەکە خەریك بوو بۆ (نی نی مووشا)ی روون دەکردەوە چون کوڕە گەنجەکە لەناو بەلەمەکەوە کەوتە ناو کاڕێژی ماسییەکی زل. کە (سیگوان) گەیشتە جێو بە پیاسە لە دەریاچەوە هاتە دەرێ، دەتگوت لە گەڕانی ڕۆژانە دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەم جارەیش (میشووشا) هەر خەریکی پاکانەی خۆی بوو. گوتی:

- کچم، من تەنیا دەمەویست بزانم تۆ تا چ رادەیەك نیگەرانی ئەمی. بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە، ئەم هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەم جارە ئیتر دەر ناباو ئەمڕۆ کارەکە تەواو دەبێ. گوتی:

- پەپووەکەم پیر بووەو تەمەنی ئەوەندە زۆر نەماوە. حەز دەکەم هەڵۆیەکی جوان بگرمو کەوی بکەم. تۆ یارمەتیم دەدەی؟

(سیگوان) رازی بوو.

بە بەلەمی جادوویی چوونە ناوچەیەکی زناری بەردین کە لە دەریاوە هاتبووە دەرێ. لەوێ، هەڵۆیەك هێلانەی لەسەر کاژێکی بڵند کردبوو. هێلانەکە چەند بێچووە هەڵۆی تێدا بوو، هێشتا فێرەباڵ نەببوون.

(میشووشا) گوتی:

- زوو بە! پێش ئەوەی دایكو باوکیان بێنەوە، برۆ سەر ئەم دارە.

(سیگوان) کە گەیشتە نزیك هێلانەکە، جادووکەری پیر فەرمانی بە دارکاژەکە کرد بەرز بێتەوە. دار کاژەکە یەکسەر دەستی بە بەرزبوونەوە کردو ئەوەندە بەرز بووەوە، لەبەر (با)دا تێك دەئالا. (سیگوان) بیری کردەوە دەبێ هەموو ئازایەتی خۆی بخاتە کار بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر ئەم دارە بێتە خوارێ. لە هەمان کاتدا، جادووکەری پیر هاوارێکی تایبەتی کردو یەکسەر دایكو باوکی بێچوە هەڵۆکان لەناو هەورەوە بەرەو خوار کووزەیان کرد بۆ ئەوەی بێچووەکانیان نەجات بدەن.

(میشووشا) بە پێکەنینەوە گوتی:

- هو! هو! ئەم جارە بە هەڵەدا نەچووم. یان لەسەر ئەم درەختە بەردەبیتەوەو ئەسکوردت دەشکێ، یان هەڵۆکان چاوت لە کاسەی سەر دەردێنن.

جادووکەری ناجسن زەبرێکی لە تەنکێشی بەلەمەکەی داو لەناو تەمومژدا بزر بوو. ئەوەبوو هەڵۆکان هاتنو بە دەوری (سیگوان)دا، کە لەسەر چڵێك بوو، کەوتنە خولانەوە. (سیگوان) دەمی قسەی تێ کردنو گوتی:

- براکانم، سەیری (پەڕی هەڵۆ)ی ناو قژی من بکەن! ئەم پەڕە ئەوپەڕی ئافەرینی من بەرامبەر بە ئازایەتیو کارامەیی ئێوە دەسەلمێنێ. جا بە گوێم بکەن. بمگەیەننەوە دوورگەی (میشووشا).

هەڵۆکان کەیفیان بەم پیاهەڵدانەی (سیگوان) هاتو بە ئازایەتیو هێمنییان هەلگوت. (سیگوان) بە سواری هەڵۆی نێرە فڕیو بە سەلامەتی لە دوورگەی ئەفسووناوی دابەزی.

ئیتر (میشووشا) هەستی کرد، نە باڵندەو نە گیانداری کێوی ناتوانن زەرەر لەم گەنجە کۆکە بدەن. دیارە هێزێکی پیرۆز پارێزگاری دەکات. ناچار بوو ڕێبازێکی تر بگرێتە بەر.

بە (سیگوان)ی گوت:

- تەنیا یەك تاقی کردنەوەی تر ماوە، ئەوسا دەتوانی (نی نی مووشا) بە هاوسەری خۆت هەڵبژێری، بەڵام تۆ دەبێ لە پێشا کارامەیی خۆت لە راو بۆ من بسەلمێنی، وەرە!

چوون چادریان لەناو لێڕ هەڵدا. (میشووشا) بە هێزی جادوویی خۆیەوە تۆفانو زریانێکی تیژی لە لای باکوورەوە هەلکرد وەکوو تیری شەختە بەرەو روویان دەهات. ئەو شەوە، (سیگوان) بەر لەوەی بخەوێ، پێڵاوو پووزەوانەکانی لەبەر ئاگر هەڵواسی بۆ ئەوەی وشك ببنەوە. کاتی رۆژهەڵات (میشووشا) پێش (سیگوان) بە خەبەر هاتو پێڵاوێكو پووزەوانەیەکی فڕێ دایە ناو ئاگر. ئینجا دەستەکانی لێك خشاندو وەکوو گورگی بیابان پێکەنی.

(سیگوان)، کە لە خەو هەستا، پرسی:

– ئەوە چ بووە؟

(میشووشا) گوتی:

- ئەفسووس! من نەختێ درەنگ گەیشتم. ئەم کاتەی مانگ، وەختێکە ئاگر هەمووشتێ بۆ لای خۆی رادەکێشێ. ئاگر پێڵاوێك و پووزەوانێکی تۆی بۆ ناوەخۆی راکێشاوەو سووتاندوویەتی. هی! هی! من دەبوایە ئاگادارت بکەمەوە.

(سیگوان) زمانی خۆی گرت بەڵام مەسەکە بە تەواوی روون و ئاشکرا بوو. (میشووشا) بەم کارەیا دەیەویست (سیگوان) تا رادەی مەرگ ببێ بە شەختە. بەڵام (سیگوان)، بە بێ دەنگی دوعای کردو داوای یارمەتی لە (رۆحی پیرۆز) کرد. سەرەبزۆتێکی لەناو ئاگر دەرهێناو لاق و بنی پێی خۆیرەش کردو بە چرپە ویردێکی لە بن زمانی گوت. پێڵاوو پووزەوانە ساخەکەی پۆشی و خۆی بۆ راو ئامادە کرد.

رێگایان بە سەر بەفرو شەختەدا دەرۆیشت و بە بێشەیەکی پڕ درك کۆتایی دەهات. (سیگوان) بە سەر زۆنگاوێکی نیوە بەستەڵەکدا تێدەپەڕی و تا ئەژنۆ تێدا نقووم بوو. بەڵام دوعای قبووڵ بوو. ویردەکەی کاری خۆی کردو بە پێی وشك لە رێی خۆی بەردەوام بوو. توانی بە تیرێك ورچێك بکوژێ.

(سیگوان) راستەوخۆ چاوی لەناو چاوی جادووکەرەکە بڕی و گوتی:

- دەبینم، لەبەر سەرما سەخڵەت بووی. وەرە بگەڕێینەوە دوورگە.

(میشووشا)، لە بەردەم سەرنجی ئازایانەی (سیگوان)دا، چاوی شۆڕ کردو لە ژێر لێوەوە وەڵامێکی گێلانەی دایەوە. سەرەنجام تێ گەیشت کە تووشی ناحەزی راستەقینەی خۆی هاتووە. (سیگوان) فەرمانی پێ کرد:

- ورچەکە بە کۆڵت دادە.

جادووکەرەکە بە گوێی کرد. بۆ یەکەمین جار، ئەم دووانە بە یەکەوە گەڕانەوە دوورگەکە. دوو کچە گەنجەکە، کە ئەم دیمەنەیان دی و دیتیان (میشووشا)ی لە خۆبایی لە ژێر باری سەنگینی ورچەکە تەپ و کۆیەتی و بە رق و قینیەوە نەڕەنەڕ دەکا، سەرسام بوون.

که (سیگوان) رووداوەکەی بۆ (نی نی مووشا) گێڕایەوە، (نی نی مووشا) گوتی:

- توانای وردوو خاش بووە، بەڵام تا بە راستی لە شەڕو بەڵای رزگار نەبین، ناتوانین بە خاتر جەمی بخەوین. چ بکەین باشە؟

لەناو خۆیانەوە راوێژیان کردوگەیشتنە رێك کەوتنێك. (نی نی موشا) بە شادی پێکەنیو گوتی:

- ئەمە شایەنی تەمێ کردنێکی گەورەترە. تا ئەو زیندوو بێ، دونیا ئیسراحەت لە خۆی ناکا. بەڵام بەو نەخشەی کێشاومانە تۆڵەی خۆمانی لێ دەکەینەوە بێ ئەوەی تەنانەت یەك دڵۆپە خوێنیش بڕژێ.

رۆژی پاشی، (سیگوان) بە جادووکەرەکەی گوت:

- براکەم بە تەنێ لەسەر کەنار بە جێ ماوە، کاتی ئەوە هاتووە نەجاتی بدەین. وەرە پێکەوە بچین.

(میشووشا) رووی گرژ کرد، بەڵام رازی بوو بچێ. چوون گەیشتنە سەر کەنارو کوڕەکەیان دۆزییەوە. ئەویش بە خۆشیو شادی سواری بەلەم بوو. ئەوسا (سیگوان) بە پیرەمێردەکەی گوت:

ئەو داربییە سوورانەی لەسەر کەناری دەریاچە رواون، بۆ داگرتنی سبیل بەکەڵکن. ئایا دەتوانی بچیتە سەر ئەم دارەو هەندێ لەم دارەم بۆ ببڕی؟

(میشووشا)، بەخێرایی رووی کردە لای داربییەکانو گوتی:

- هەڵبەت، کوڕم، هەڵبەت! هێشتا ئەوەندە بێ تاقەت نەبوومە بە کەڵك هیچ نەیەم وەك تۆ تێم گەیشتووی.

(سیگوان) زەبرێکی لە تەنکێشی بەلەمەکەداو وشە جادووییەکانی (چە ما ئون پل)ی بە زمان گوت. جادووکەرە پیرەکە لەوێ بە تەنیا مایەوە، هەر ددانە زەردەکانی لێك دەسوی. خوشکەکان غاریان دایە کەنار بۆ پێشوازی براکان. (نی

نی مووشا) زۆر شادومان بوو کە پیرەمێردەکەیان لـە چاوەڕوانی جـێ هێشتبوو. بەڵام خوشکەکەی تەنیا بیری لەو کوڕە قـۆزە دەکـردەوە کـە لـە رادەبـەدەر لـەبرا گەورەکەی دەچوو.

(نی نی مووشا) گوتی:

- بـەڵام (میـشووشا) دەتـوانێ بەلەمەکـە بـانگ بکاتــەوە لای خـۆی. مەگـەر رێگایەك بدۆزینەوە تەلەسمەکەی بشکێنین. دەبێ یەکێ پاسەوانی بکاو دەست لە بەلەمەکە بەر نەدا.

(یوسکودا) تکای کرد ئەم کارە بەو بسپێرن. بەم جۆرە کە شەو داهات، ئـەویان بە تەنیا جێ هێشتو ئەویش بەلەمەکەی گرتو، لەسەر لی کەنار دانیشت.

ئەم کارە بۆ کوڕێکی گەنج، کە تا ئەو کاتـە لەبـەر چاوەڕوانی زۆر، کەشـەنگو بێزار ببوو، کارێکی شـەکەتو نـاخۆش بـوو. جا بـۆ ئـەوەی بخافڵێ، دەسـتی بـە ژماردنی ئەستێرەکان کرد. سەرەتا ئەستێرەکانی ورچی گەورەو ورچـی بـچووکی ژمارد، ئینجا ئەستێرەکانی بورجێکی فەلەکی وەك کورسی ژماردو سەرەنجام سێ ئەستێرەی گەورەو درەوشاوەی کەمەربەندی راوچی.

ئەو، ئەم بورجە فەلەکیانەی بەم ناوانە نەدەناسی، چونکە ئـەم ناوانـە چەند ساڵ پاشتر بۆ ئەم وێنە فەلەکییانە دانـدران. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی سـەرمای بـوو، ئەو هێشووە ئەستێرانەی ناسییەوە کە ناویان (ئوجیك ئانونگ)، واتـە: (بـورجی فەلـەکی نەهـەنگ) بـوو. چـونکە ئـەم بورجـە فەلەکییـە هـاوین لەگـەڵ خـۆی هێنابووی. (یوسکودا)ش سەرمای بوو چونکە لەسـەر لـی تـەڕ دانیـشتبوو. بـەڵام رۆڵەی پێست سوور هـەرگیز گازانـدە ناکـەن. کـە ئەسـتێرەکانی بـورجی فەلـەکی نەهـەنگی بینـی، بـاوکی ئازیزی بیر کەوتـەوە داخـۆ دەبـێ ئێـستا لـە کـوێ بـێ؟ نەگریا، بەڵام کە جاری دووەم لە ئاسمان راما، پەردەیەکی تەمو مژ بـەری چـاوی گـرت. ئــەی ئەمــە چـییە؟ چـاوەکانی هــەڵگلۆفت. لەبــەر ئــەوەی ژمــارەی

ئەستێرەکانی لێ تێك چوو، دووبارە دەستی بە ژماردن کردەوە. کوڕە تەنیا دەیزانی بە ئەنگوستەکانی دەستو پێی بژمێرێ. لەو کاتەدا ئەنگوستەکانی پێی لەناو پێڵاوی چەرمینی گەرمو نەرمدا بوونو نەیدەدیتن. تا ئێستا چەند ئەنگوستێكو چەند ئەستێرەیەکی ژمارد بوو؟

ئەو تەمو مژە، یان هەر چییەکی هەبوو، چاوەکانی پڕ کرد. شەپۆلی ئاو شڵپە شڵپ دەهاتو وەکوو بێشکە بەلەمەکەی رادەهەژاند. (با) لەناو دار گێوژەکاندا، گڤە گڤی بوو. هەموو شتێکی تری سەر رووی زەوی لە کپیو ئارامیدا نقووم ببوو. بگرە ئەستێرەکانیش، دەتگوت لە سەیرکردنی جیهان وەڕس بووینو چاو دەترووکێنن. لەو کاتەدا، (یوسکودا) خەوی لێ کەوت.

قیڕەی (پەپووی زل) بە شێوەیەکی ناحەزانە لە فەزای زەمیندا دەنگی دایەوە. تەنیا یەك لەحزە تێپەڕی. سێبەر بزر بوو، سمۆرەیێ کردی بە هەراو هۆریا. (وابون) واتە: (بای رۆژهەلات) لە رۆخی ئاو هەستاو تیری زیوینی خۆی هاویشت. رۆژ هەڵات.

(یوسکودا) بە ئاگا هاتو خۆی نەختێ قیت کردەوەو تەماشای دەریاچەکەی کرد: ئایا ئێستایش هەر لەسەر ئەو کەنارە چۆڵەو لە چاوەڕوانی برای دایە؟

ئینجا هەموو شتێکی هاتەوە یادو هەستی بە گوناهێکی گەورە کرد. بەلەمەکە لەوێ نەما بوو!

سەر لە نوێ بەلەمەکە دەرکەوتەوە، (میشووشا)ی لە ناودا بوو. راستەوخۆ بەرەو رووی ئەم دەهات.

بەلەمەکە بە دەنگێکی ناخۆش بە کەناری لمین کەوتو جادووکەرەکە هاواری کرد:

- رۆڵە، بەیانی باش! شادومان نیت کە دووبارە باوکە گەورەت دەبینیتەوە؟

(یوسکودا) گوتی:

- تۆ باوکە گەورەی من نیتو هەر هیچ بە دیدەنت خۆشحاڵ نیم.

پیرەمێرد پێکەنیو گوتی:

- حەیف! حەیف! دەنا (سیگوان)و کچە ئازیزەکانم بە دیدەنی من خۆشحال دەبن. ئومێدەوارم تا ئێستا بۆم نیگەران نەبووبن.

زۆر خۆشنوود بوو کە فێڵی لە هەموویان کردبوو. هەر وەکوو جاران چەتوونو روو قایم بوو، بەلام (سیگوان) چاوەڕێی دەرفەتێکی دەکردو پلانێکی تری لە مێشکی خۆی دانا بوو.

گوتی:

- باوکە گەورە! دیارە ئێمە دەبێ بە یەکەوە بژین. جا وا باشە بۆ خۆمان هەندێ گۆشت بۆ زستان دابنێین. وەرە پێکەوە بچینە دەشتی هەراو. دڵنیام تۆ راوچییەکی بە هێزو هۆزانی.

خالێکی بێ هێزی گەورەی میشووشا لای(سیگوان) لووتبەرزیو ترِ زلی بوو.

(میشووشا) بە لووتبەرزی وەلامی دایەوە:

- هەڵبەت! من دەتوانم مامزێ راو بکەمو بە پشتی خۆمی دابدەمو بە درێژایی رۆژ رابکەم. من پێشتریش شتی وام کردووە.

(سیگوان) گوتی:

- باشە! (با) خەریکە بەرەو باکوور دەچێو ئێمە لە پیادەڕۆیی پێویستمان بە هەموو هێزی خۆمان هەیە.

(سیگوان) رازی (میشووشا)ی بۆ ئاشکرا ببوو. (میشووشا) تەنیا لە ریی پێی چەپەوە ئازاری پێ دەگەیشت. هیچ تیرێ نەیدەتوانی دڵی بسمێ. ئەگەر تۆبزێکیان لەسەری بدایە، تۆبزەکە دەبوو بە پەلزڕە دارو دەتگوت زلە قەسەریان

لەسەری داوە، بەڵام پێی چەپەی بەم جۆرە نەبوو. کە پووزەوانەی لە پێ دەبەست، لەبەر ئەوە نەبوو نەخۆشی رووماتیزمی هەبێ. باشە، ئەی بۆچی، کە دادەنیشت پێی چەپەی ئاوها توند لە بنە خۆی دەنا؟ بەڵێ، بە راست، بۆچی؟ (سیگوان) وەڵامەکەی دۆزیبووەوە.

هەر وەکوو جاری پێشوو، چادرێکی زۆر سادەیان لەناو لێڕ هەڵدا. دیسان کردییە سەرمایەکی توند. هەڵبەت ئەم جارە (سیگوان) بوو، زریانەکی هەڵکرد بوو. پێکەنینی رانەدەوەستا. ئاگرێکی گەرم لەناو چادر دەسووتاو لەو لاوەیش (میشووشا) خەوێکی قووڵی لێ کەوتبوو.

(سیگوان) بە شێنەیی هەستا هەردوو پێلاوو بەڵەک پێچی (مێشوشا)ی هەلگرتو فڕێی دانە ناو ئاگرەکە.

ئینجا هاواری کرد:

- لە خەو رابە، بابە گەورە. لەم وەرزەدا، ئاگر هەموو شتێ بۆ خۆی رادەکێشێ. بە داخەوە، تۆ ئەوەی زۆرت پێویستە، سووتاوەو نەماوە!!

کە (میشووشا) زانی چی لێ قەوماوە، ئەوەندە پەشۆکاو هەراسان بوو تەنانەت (سیگوان)یش بەزەیی پێدا هاتەوە. بەڵام کە بیری لە (نی نی مووشا)و برا بچووکەکەی کردەوە، هیچ ڕێگایەکی تری بە مێشکدا نەهات. گوتی:

- دەبێ بڕۆین.

بە ناو بەفردا کەوتنە رێ. وای خودایە، چەند سەرما بوو! (میشووشا) هەڵی کردە غارێ، وای دەزانی بەمە گەرم دەبێتەوە. (سیگوان) لە دوو (مێشووشا) دەڕۆیشت، دەترسا ئەگەر بە پێشی بکەوێ، دوور نییە ئەو جادووکەرە تیرێکی لێ بدا.

(میشووشا) یەك سەعاتی ڕەبەق ڕایکرد. بە تەواوی هەناسەبڕ بوو. پێەکانی بە تەواوی سڕو بێ هەست بوون. ئیتر گەیشتنە پەڕگەی لێڕو کەناری دەریاچە. (میشووشا) وەستاو کە ویستی هەنگاوێکی تر باوێ، هەستی کرد پێی لەدوو نایە. وای پێیەکانی چەند قورس ببوون!! هەولێکی تری دا، بەلاّم ئەم جارە ڕووداوێکی سەیر قەوما. ئەنگوستەکانی پێی لەناو لمدا رووچوونە خوارێو وەکوو ڕەگی درەختیان لێ هات. پەڕەکانی ناو قژیو ئینجا قژی، وردە وردە گۆڕان و کەوتنە سەر شکلی گەلاّی درەخت. دەستەکانی، کە بۆ پێشەوە درێژی کردبوون، وەکوو شکلی چلی درەختیان لێ هاتو لەگەلّ (با)دا کەوتنە جوولاّنەوە. تفری درەخت هەموو لەشی داپۆشی.

(سیگوان) بەو پەڕی سەرسامی تەماشای دەکرد. ئەو بوونەوەرەی پێشتر (میشووشا) بوو، ئێستا هیچی لە مرۆڤ نەدەکرد، ببوو بە دار ئەفرایەك، کوارگی دوگمەیی لەسەر ڕوا بوو، بە خوارو خێچی بەرەو دەریاچە لار ببووەوە.

ئەم جادووکەرە پیرو پیسە، بەرەو ڕووی یەکێکی لە خۆی بەهێزتر ببووەوە. تەلەسمی شەیتانی، کاری لە گەنجو کەسانی بێ گوناح نەدەکرد. (سیگوان) نەختێ وەستا تا دلّنیا بێ (میشووشا) دووبارە ناگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی. ئینجا بە ناو ئاودا لە ڕێی خۆی بەردەوام بوو. کاتێ گەیشتەوە لای ئەوانی دی، دیتی بە پەرۆشەوە چاوەڕێی دەکەن. (سیگوان) هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە. (سیگوان) گوتی:

- (میشووشا) ئیتر نەماوە. ئیتر ناتوانێ زەرەرمان پێ بگەیەنێ. ئێمە زۆرمان ڕەنجو دەردەسەری لەم ولاتەدا کێشاوە، وەرن لێرە بڕۆین!!. با بچین بۆ خۆمان خانوو لە دەشتێکی گەورە ئاوا کەین.

بەم جۆرە، بە یەکەوە کەوتنە ڕێ. (سیگوان) ڕێنمایی دەکردن و (نی نی مووشا)و خوشکیو کوڕەکە کەوتبوونە شوێنییەوە. (سیگوان) لەناو لێڕەواری گەورەدا، ڕێگایەکی گرتبووە بەرەو ئەو چادرانەی دەبردن کە پێشتر جێیان هێشتبوون.

لەوێ، هەموو تەمەنی خۆیان بە بەختەوەری بردە سەر.

(٧)

# بووکی پەرییان

لە رۆژێکدا، لە رۆژگارێکدا، کچێکی جوان هەبوو بە ناوی (نی نی زوو). تاقە منداڵی سەرۆکی خێڵەکەیان بوو. لە کەناری (دەریاچەی بەرتر) دەژیا. (نی نی زوو) لە زمانی پێست سوورەکان بە مانای (ژیانی ئازیزم) دێ. زۆر ئاشکرایە دایبابی ئەم کچە، کچەکەیان زۆر خۆش دەویستو هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ ئەوەی دڵی خۆش بکەنو لە بەڵای ناگەهان بیپارێزن.

بەڵام شتێ هەمیشە نیگەرانی دەکردن. ئەویش ئەوە بوو (نی نی زوو) هەر چەندە لەناو کچە جوانەکانی تری دێدا خۆشەویست بوو، یاری لەگەڵ دەکردن، بەڵام لە هەموو شتێ زیاتر حەزی لەوە بوو بە تەنێ لەناو لێرەدا، یان لەو رێگا تاریکەی دەچووەوە ناوچەی تەپۆلکە بچووکەکان، پیاسە بکا.

هەندێ جار، چەند سەعاتێك بزر دەبوو، كە دەگەڕایەوە چاوەكانی وەكوو چاوی كەسێ وا بوون چووبێتە شوێنێكی پڕ نهێنیو شتی سەیرو سەمەرەی دیبێ.

ئەگەر (نی نی زوو) ئەمڕۆ لە ژیاندا بایە، لەوانەیە خەڵك نازناوی (دالغەچی)یان پێ بدایە. خەڵكی خێڵەكە، ئەگەر شتێكیان بە چاوی خۆیان نەدیبایە، بڕوایان پێ نەدەكرد. بە لووت بەرزی پێی پێدەكەنینو بە (دالغەچی) ناویان دەبرد.

ئایا (نی نی زوو) لەو پیاسە تەنیایانەی خۆیدا، چی دەدیو چی دەبیست؟ ئایا پەری دەدی؟ هیچ كاتێ بەسەر زمانی دانەدەهات باسی شتێ بكا، بەڵام دایكی، كە حەزی دەكرد ببینێ ئەویش وەكوو كچەكانی دی شوو بكاوماڵو حاڵ پێكەوە بنێ، زۆر لەم ڕەفتارەی كچەكەی نارەحەت بوو.

خەڵكەكە بڕوایان وابوو، بوونەوەری ئەفسانەیی بچووكو نارەسەن بە ناوی (پووك ووجی) لەناو ئەم تەپۆلكە قومانە دەژین. ئەم تەپۆلكە قومانە (كوللە)دروستی كردبوون. لەو كاتەی لە ئاهەنگی زەماوەندی (مانابوژو) سەمای دەكرد، زیخو قومەكەی دەسووڕاندو دەیكرد بەم تەپۆلكانە. ئەم تەپۆلكانە تا ڕۆژی ئەمڕۆیش هەر دەكەونە بەرچاو. (پوك ووجی)یەكان ئاشقی ئەم تەپۆلكە قومانە بوون، چونكە جێگایەكی چۆل بوو، پێست سوورەكان بە دەگمەن دەچوونە ئەوێ.

ئێرە ئەو شوێنە شوێنێ هەڵبەزو دابەزو گەڕانی ئەمانە بوو. خەڵكەكە دەیانگوت ئەمانە لە ڕۆژانی هاوین، لە كاتی ڕۆژهەڵاتدا، بە دەستەی بچووك بچووك كۆدەبنەوەو هەموو جۆرە چەتوونییەك دەكەن. ئینجا كە شەو دادێ، بە

پەلە خۆیـان لـە بێـشەیەکی دار کـاژ دەشاردنەوە بـە نـاوی (مـانیتۆ واك) واتـە: (لێڕی رۆحان).

تا ئەوسا، هیچ کەس ئەمانەی لە نزیکەوە نەیدیبوو، بەلاّم ماسیگرەکان کاتێ، لەسـەر رووی دەریاچـە سـەولیان لێ دەدا، دوور بـە دووری چاویان بـەم مرۆڤـە بـچووك‌و شـەیتانانە دەوکـەوت، گوێیـان لـە دەنگـی زۆر نزمیـان دەبـوو کـە پێدەکەنین‌و بانگی یەکتریان دەکرد. ئەگەر ماسیگرەکان بیانویستبا راوی (پـووك ووجی)یـەکان بنێـنن، ئـەوان هەڵدەهاتن‌ولـەناو لێـڕ بـزر دەبوون. بـەلاّم شـوونی پێیان، کە هەر بە قەدەر پێی منداڵێك دەبوو، لەسەر رووی لمی تەڕی دەریاچەی بـچووکی نـاو تـەپۆلکـەکان، دەکەوتـە بەرچاو. ئەگـەر سـەرەرای ئەمـەش، یـەکێ باوەڕی نەکردایە ئەم جۆرە بوونەوەرانە هەن، ماسیگرو راوکـەرەکان شتی وایـان دەگێڕایەوە نیشانی دەدا ئەم بوونەوەرە گوڕنەتەلانە چەتوونی نـەماوە نەیکەن: (پووك ووجی) یەکان هەرگیز بە شێوەی خـراپ زیانیـان بـە کـەس نەدەگەیانـد، بەلاّم زۆر چەتوونی‌و بەدکارییان دەکرد.

بۆ نموونە هەندێ جار، راوچییەك کە بـەیانی تـاقیبی کلاّوی خـۆی دەکـرد، دەیدی پەڕەکانی سەریان لێ کردۆتەوە. یان هەندێ جار ماسیگرێ کە سـەولەکەی ون دەکرد، ئاخیری لەناو درەختێکدا دەیدۆزییـەوە. کـە ئـەم شـتانە روویـان دەدا، زۆر ئاشـکرا بـوو (پـووك ووجـی)یـەکان ئـەم گاڵتانـەیان کـردووەو کـەم کـەس وا تێدەگەیشت ئەم جۆرە کارانە، کاری چەتوونی‌وشەیتانی ئەوان نەبێ.

(نی نی زوو) لە بارەی ئەم مرۆڤە بچووکانەوە بـاوەڕی تایبـەتی خـۆی هـەبوو، چونکە ئەویش وەکوو (شکۆی بەیانی) بە زۆری گوێی دەدایە ئـەو هەقایەتانـەی (یاگۆ) ی پیر دەیگێڕانەوە. یەکێ لەو هەقایەتانە لە بـارەی (ولاّتـی بەختـەوەری) بوو. لەو شوێنە هەرە دوورە، دونیا هەمیشە هەر هاوینـە. هـیچ کـەس فرمێسك

نارێژیٚو کەس خەمی هیچی لەبەر نییە. (نی نی زوو) بە حەزرەتی ژیانی ئەو ولاّتە بوو.

بە درێژایی رۆژ، کە بە دوای شوێنی پڕ نهێنیدا دەگەڕاو لە گۆشەیەکی چەپەك دادەنیشت، مێشکی پڕ دەبوو لەم بیرانەو گوێی لە چرپە چرپی پڕ رەمزی شنەبا رادەگرت: ئاخۆ دەبێ ئەم ولاّتەی بەختەوەری، ولاّتی بێ رەنجو نیگەرانی، کەوتبێتە کوێ؟

شەو، بە شەکەتی دەچووە ناو نوێن. ئینجا پەیامبەرانی (وینز) واتە (خێوی خەو)، بە دزی لە حەشارگەی خۆیان دەهاتنە دەرەوە. ئەم جنۆکە کورتە بنەو میهرەبانانە کە زۆر وردیلە بوونو نەدیتران، خێرا بە سەر دەمو چاوی (نی نی زوو) هەڵدەگەڕانو بە تۆبزی خۆیان زەبری هێدییان لە تەویلی دەدا، تا پێڵووەکانی دەکەوتو لە دونیای لەزەتبەخشی خەونەکانیدا، بە دوای ولاّتی بەختەوەریدا دەگەڕا.

(نی نی زوو)یش شوون پێی (پووك ووجی)یەکانی لەسەر رووی کەناری لمینی دەریاچەی بچووك دی بوو. لە ناو بێشەی دار کاژدا گوێی لە زایەڵەی خەندەی شادومانییان ببوو. ئایا ئێرە تاکە شوێنی ژیانی ئەمانەیە؟ (نی نی زوو) ئەم پرسیارەی لە خۆی دەکرد. ئایا ئەمانە قاسیدی ولاّتی بەختەوەری نین، رەوانەی ئەوێ کراون بۆ ئەوەی رێگا بەو کەسە نیشان بدەن کە بڕوایان بەو ولاّتە هەیەو مێشکیان بەچوونە ئەوێ خەریکە؟

(نی نی زوو) بڕوای هینا دەبێ شتەکە بەم جۆرە بێ.

جاران زۆر دەچووە چیمەنزارەکەی پەرگەی (لێڕی رۆحان). لەوێ دادەنیشتو چاوی دەبڕییە بێشەکە، بەڵکوو (پووك ووجی)یەکان بەم مەسەلەیە بزانن‌و خەبەر بدەنە ئەو پەرییانەی خزمەتیان دەکەن. بەڵکوو رۆژێ بێ‌و (پەری)یەك

لەناو  دارکاژەکان دەربکەوێو ئاماژەی بۆ بکا بۆ ئەوەی لەگەڵیا بچێ. ئەو وای بۆ دەچوو ئەگەر زۆر بیر لەو ئارەزووەی بکاتەوەو پەڕو باڵ بە خواستەکانی بدا، هەڵبەت ئاواتەکەی دێتە دی.

ئەو ماوەی کە لەوێ دادەنیشت، شیعرێکی داناو لەگەڵ ئاوازی دار کاژەکان گونجاندی کە (بای باشوور) بە ناو چلەکاندا بڵاوی دەکردەوە.

ئەی رۆحی گەلای‌خەندان!
ئەی پەری بێشەی کاژ!
گوێت لە دەنگی ئەو کچە تامەزرۆیە بێ
کە بە حەزرەت وڵاتی بەختەوەری تۆیە
لە ولاتی بەختەوەری هاوینتەوە.
راکە بۆ لای ئەم کچە غەمبارە.

ئایا هەموو دالغەو خەیالاتی خۆی بوو وایدەزانی وشەکانی گۆرانییەکەی لە ناو جەرگەی لێڕەوارو لەو شوێنەی مرۆڤی بچووکو شاد خۆیان حەشار داوە، دەنگ دەداتەوە؟ یا خود (پووک ووجی)یەکان  کردبوویان بە گاڵتەجاڕ؟

ئەم جارە لە جاران زیاتر لەوێ مایەوە. کاتی رۆیشتن داهات. مانگی یەک شەوە لای رۆژاوا بە ئاسمانەوە دیار بوو، نووکی هیلالەکەی رووی لە ئاسمان بوو.

لەو حاڵەتانەدا، پێست سوورەکان دەیانگوت دەشێ هەگبەی بارووتی پێوە هەڵبواسیو ئەم شێوەیەی مانگ وای دەگەیاند کە دونیا وشکەو لەم مانگەدا گەلای وشک لە ژێر پێی راوچییان خشە خش دەکاتو گیاندارەکان دەرەوێنێتەوەو راوچی هەرگیز ناتوانێ تیراوێژێك لە نێچیر نزیك بکەوێتەوە. (نی نی زوو) لەم بارەیەوە خۆشحاڵ بوو. ئەو رای وا بوو لە وڵاتی بەختەوەری هیچ کەس رەنج ناکێشێو کەس ناتوانێ هیچ  گیاندارێك بکوژێ. لەگەڵ

ئەوەشدا حەزی دەکرد زەماوەند لەگەڵ راوچییەك بکا سەراپای ژیانی خۆی بە راوکردنی مامزی سووری جەنگەڵ بە سەر بردبێو لە کوشتنی گیانداران زیاتر بیر لە هیچ شتێ نەکاتەوە.

کە ئەم بیرەی بە مێشکدا هات، لەو شوێنەی لە چەمەنزارەکە دانیشتبوو هەستا سەرنجێکی مالآوایی لە دارکاژەکان دا. تریفەی هیلال رووناکییەکی کزی بە سەر درەختاندا بلآو دەکردەوە.

(نی نی زوز) جارێکی تر بە دالغە چاوی لە ئاسمانی بڕی. بەلآم مانگ لە پشت گردو تەپۆلکەکان بزر ببوو. هەموو شتو هەموو شوێنێ بە تەواوی تاریك ببوو. لە قیڕەی تیژی پەپوو بەولاوە هیچ دەنگێکی تر نەدەهات. (نی نی زوو) خێرا بەرەو ماڵ بووەوە.

ئەو شەوە، (نی نی زوو) هەندێ قسەی دایکی بیست دەمێك بوو چاوەڕێی دەکردو لەو قسانە دەترسا. دایکی گوتی:

- (نی نی زوو)، من ناوی تۆم نا (ژیانی ئازیزم)و تۆم بە قەد گیانی خۆم خۆش دەوێ. بۆیە حەز دەکەم بە ئاسوودەییو بەختەوەری بژی. حەز دەکەم مێرد بە پیاوێکی باش بکەی بە باشترین شێوە مامەڵەت لەگەڵ بکاو کە من لە دنیا دەرچووم، بتپارێزێو دڵت رابگرێ. ئایا دەزانی چ پیاوێکم بۆ داناوی؟

(نی نی زوو) وەلآمی دایەوە:

- بەڵێ، دایە، باش دەیناسم. وەکوو هەمیشە ناسیومە، ئەو بەردەوام بە دوای راوە ئاسکەوەیە. ئاسکەکە دەکوژێو کەوڵی دەکات. تەنیا ئەم کارە دەکاو تەنیا بیر لەم کارە دەکاتەوەو تەنیا باسی ئەم کارە دەکا. خۆ دەبێ یەکێ هەبێ ئەم کارە بکا، ئەگەر نا هەموومان لە برسان دەمرین، بەلآم لە دونیادا شتی زۆر گرنگتریش هەیە، کەچی ئەم راوچییە تەنیا چێژ لە کوشتن وەردەگرێو بەس!!

دایکی گوتی:

- کچی داماوم! تۆ هێشتا بچووکی‌و نازانی بەرژەوەندیت لە چیدایە.

(نی نی زوو) وەڵامی دایەوە:

- من ئەوەندە گەورە بوومە کە بزانم دڵم چیم پێ دەڵێ. ئەو راوچییەی بۆ منتان داناوە باڵای بە قەد دار بەڕوویەکە، کەچی من باڵام کورتە هەر هێندەی باڵای (پووک ووجی) دەبێ. ئەگەر راست‌و قیتیش بوەستم، باڵام ناگاتە کەمەری ئەو. ژن‌و مێردێکی رێك دەبینن!!

(نی نی زوو) قسەکەی زۆر راست بوو. بە هیچ جۆرێ لە منداڵێك گەورەتر نەبوو. لەشێکی لەڕو لاوازو ناسکی بوو. دەست‌و پێی زۆر بچووك بوو. چاوی وەکوو شەو رەش‌و زاری وەکوو کوڵووك وا بوو. ئەوەی بۆ یەکەمین جار، بەم لەشە وردوناسکەیەوە، لە ناو ئەم تەپۆلکانە بیدیبایە، وای بۆ دەچوو ئەمە پەرییە.

(نی نی زوو) هەر چەندە بە رووکار سەنگین‌و ئارام بووو زۆر حەزی لە جێی چۆل بوو، بەلام هەمیشە هەر شادو گوشاد بوو. لەو رۆژانەدا بە دەگمەن پێدەکەنی. بە هێواشی هەنگاوی دەهاویشت‌و کە دەرۆیشت چاوی دەبڕییە زەوی.

دایکی بڕوای وا بوو ئەگەر مێرد بکا، مێشکی بە شتی ترەوە خەریك دەبێ‌و لەوەش زیاتر، بۆ دالغەو بیر کردنەوە ناچێتە ناو تەپۆلکەکان. بەلام ئەو دڵی زۆر بە تەپۆلکەکان دەکرایەوە. لەو تەپۆلکەو دەشتە پڕ گوڵەدا، پەپوو سلێمانە بەم لاو بەولادا دەفڕین‌و لەسەر چلی درەخت دەنیشتن‌و دڵیان پڕ دەکرد لە شادی. هەموو رۆژێ دوای نیوەڕۆ، دادەنیشت‌و گۆرانییە کورتەکەی خۆی بە ورینگە ورینگ دەگوت. بەلام هەر زوو وای لێ هات نەیتوانی چیدی بێتە ئەوێ‌و گۆرانی بڵێ.

خۆر لە کاتی ئاوابووندا، لەناو بێشەی دارکاژ دەدرەوشایەوە. پەپوو بە دەنگی یەک لەسەر یەکی خۆی، گازاندەی لە ئەستێران دەکرد. باس کردنی ئەم شتە جوانانە قەت تەواو نابێ.

(نی نی زوو) ئیتر ناچێتە ئەوێ. چونکە رۆژی زەماوەندی دیاری کراوەو دەبێ مێرد بەو راوچییە بکات.

(نی نی زوو) ئەو رۆژەی دەبوایە مێرد بەو پیاوە بکا، کە خۆشی ناوێ، بەرگی بووکێنی خۆی کردە بەر. هەرگیزاو هەرگیز تا ئەو رادەیە جوانو نازدار نەبووە!!

غونچەی سوور لە ناو قژی رەشی پەڕی قەڵی دەدرەوشایەوە. چەپکە گوڵێکی چەمەنزاری بە دەستەوە بوو بە گوڵنگی دارکاژ رازابووەوە.

بۆ دواجار، بە بەرگی بووکێنی چووە بێشەکە. کەس نەیتوانی رێی لێی بگرێ. کە چوو، لەپەنا تەپۆلکەکان بزر بوو. میوانەکانی ئاهەنگی زەماوەند بە پەشۆکاوی سەیری یەکتریان کرد. هەستێکی وایان لا پەیدا بوو وەسف ناکرێ. لەو کاتەدا پەلە هەورێك بەری رۆژی گرت. کەس نەیزانی ئەو پەلە هەورە لە کوێوە هات. ئەو شوێنەی پێش نەختێ هەتاو بوو، ئەوەتا بۆتە سێبەر. ئایا دەبێ ئەمە نیشانەیەك نەبێ ؟

بە تی چاو تەماشای راوچییەکەیان کرد، بەلام زاوا خەریك بوو چەقۆکەی بە بەردێك تیژ دەکرد. چ هەتاو بێو چ سێبەر، ئەو بیری هەر لای ئاسکان بوو. ماوەیەك تێپەڕی، (نی نی زوو) نەگەڕایەوە. زۆر درەنگ داهات. میوانەکان نیگەران بوون. پرسیاریان لەیەك دەکرد داخۆ هۆی چییە ئەوەندە درەنگی بەسەردا هاتو هەر نەگەڕایەوە؟

سەرەنجام بە دوویدا چوونە ناو تەپۆلکەکان، بەلاّم لەوێ نەبوو. لە ناو چیمەنزاردا شوونیان هەلگرتو تا ناو بیشە بە دوای شوونی پێیدا رۆیشتن. بەلاّم شوون پێیەکەی لەوێ نەما. (نی نی زوو) بزر ببوو. هەرگیزاو هەرگیز نەیاندیتەوە.

رۆژی پاشی، راوچییەك دەنگو باسێکی سەیری بۆ هێنان. گوتی:

چوومە سەر تەپۆلکەکان بۆ ئەوەی بە رێی قەدبڕدا بگەڕێمەوە مالێ. نەختێ وەستام بۆ ئەوەی سەیرێکی ئەو ناوە بکەم. لەو کاتەدا، سەگەکەم کلکی نابووە ناو گەلاّنی بە لوورە لوورەو بە راکردن هاتە لامەوە. سەگێکی ئازا بوو لەبەر ورچیشی دانەدەهێنا، بەلاّم ئەم جارە بە جۆرێ رەفتاری دەکرد، دەتگوت شتێکی ترسناکی دیوە. دەنگی گۆرانییەکم کەوتە بەر گوێ. پاشان دەنگی گۆرانییەکە براو (نی نی زوو)م دی دەستی بۆ پێشەوە درێژ کردبوو، راستەوخۆ بەرەو بێشە دەچوو. بانگم کرد، بەلاّم گوێی لێ نەبوو. تا دەهات زیاتر لە (لێڕی رۆحان) نزیك دەکەوتەوە.

راوچی بەردەوام بوو گوتی:

(نی نی زوو) وەکوو یەکێ کە دالغەی رۆیشتبێ، ئاوها دەڕۆیشتو کە گەیشتە لێڕ، پیاوێکی باریکی وەکوو قامیش هاتە پێشوازی. لە خێلّی خۆمان نەبوو. نا، نا. من تا ئەوسا کەسی وەکوو ئەوم نەدیبوو. جلوبەرگی لە گەلاّی لێڕ بوو. پەڕی سەوزی لەسەر سەر دەجوولاّیەوە. دەستی (نی نی زوو)ی گرتو چوونە ناو بێشەی پیرۆز. گومانم نییە ئەمە پەری بوو. پەری هەمیشە بەهار. ئەوەندە بوو!! هیچی ترم نەبینی!!

بەم جۆرە (نی نی زوو) بوو بە بووکی پەرییان.

* * *

(٨)

# قووی سوور

رۆژێ، رۆژگارێ، لە سەردەمانێکی زۆر زۆر دوور، سێ برای هەتیو هەبوون. بە یەکەوە دەژیان. برای گەورە تا بیتوانیایە بە باشترین شێوە راوی دەکرد. بەو ئازووقەی دایبابیان دایانکردبوو گوزەرانیان دەکرد. ئەو سێ برایە تەنانەت هاوسێیەکیشیان نەبوو فریایان بکەوێ، چونکە باوکیان پێش چەند سالێ لە خێڵ دابڕابوو. لەگەڵ خانەوادەکەیدا لەم شوێنە دوورەپەرێزەدا دەژیا. کوڕەکان نەیاندەزانی داخۆ کەسی تر لەم دەوروبەرە دەژی یان نا؟ تەنانەت نەیاندەزانی داخۆ دایبابیشیان کێ بوونە؟ چونکە کە دایكو باوکیان مردن، تەنانەت برا هەرە گەورەکەیان زۆر بچووك بوو. لەبەر ئەوەی هەمیشە تەنیا بوون، هەستیان بە بێ هێزی دەکرد. بەڵام هیچ دەرفەتیان لە دەست خۆیان نەدەدا، بۆیە هەر زوو فێری راو بوون.

برای گەورە لە راوی ناو لێڕ کارامەیی پەیدا کردو لە پەیداکردنی خواردنـدا زۆر سەرکەوتوو بـوو. لـە کوشـتنی گامێش‌و شـوور زۆر شـارەزا بـوو. براکانیـشی فێری راو کرد بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن راو بکەن‌و خۆیان بەخێو بکەن.

رۆژێ، برای هەرە گەورە پێی گوتن دەیەوێ بڕواو دونیا ببینێ. بـەڵام هـەرێی دا کە بگەڕێتەوەو یەکەو هاوسـەر بـۆ هـەر سـێکیان لەگـەڵ خـۆی بێنـێ. لەگـەڵ ئەوەشدا براکانی لێ نەگەڕان بڕوا.

بـرای نـاوەنجی، کـە نـاوی (جیـك ویـز) بـوو، لـە براکـەی تـری زیـاتر نـاڕەزایی پێشان دا. گوتی:

- ئێمە چەندین ساڵ بـە تـەنێ ژیـاوین‌و لەمـەودواش دەتـوانین بـەبێ هاوسـەر بژین.

قسەکەی کاری خـۆی کـرد. لەسـەر ژیـانی خۆیـان بـەردەوام بـوون. رۆژێـك لـە بەینی خۆیانەوە، رێك کەوتن هەر یەکە گیانداریکی نێر راو بکاو پێستەکەی بـۆ خۆی بکاتە تیردان. کە تیردانەکان ئامادە بوون، براکان یەکسەر تیردانەکانیان پـڕ تیر کرد چونکە هەر سیکیان هەستیان دەکرد شتێ دەقەومێ‌و دەبێ بۆی ئامـادە بن.

نەختێ دوای ئەوە، براکان رێك کەوتن پێشبڕکێیەك بکەن. بـچنە راوو بـزانن کامیان پێش ئەوانی دی بە دەست‌و نێچیر لە راو دەگەڕێتەوە.

هـەر یەکـە چـووە رێگایـەکی جیـا. (میـدوا)، کـە بـرای هـەرە بـچووك بـوو، ماوەیەکی زۆر نەرۆیشتبوو، ورچێکی دۆزییەوە. کەوتـە دوای ورچـەکەو دایگرتـە بەر تیران‌و کوشتی. (میدوا) دەستی بە کەوڵ کردنی پێستەی ورچەکە کرد، لەپڕ هەموو کەش‌و هـەوای دەوروبـەری سـوور هەڵگـەڕا. چاوەکانی هـەڵگلۆفت‌و بـیری کردەوە ئەمە خەیاڵە، بەڵام هەر چەندە بە توندی چاوەکانی هـەڵگلۆفت سـوودی

نەبوو، ڕەنگی سوور هەوای دەورو بەری پڕ کردبوو. سەراپای شتەکانی ئەم ناوە، بگرە درەختەکانیش، تەنانەت ئەو ڕووبارەی بە بەردەمیدا تێدەپەڕیو ئەو مامزەی لە پەرگەی لێڕەواردا رایدەکرد، هەموو لە هەموو ڕەنگێکی سووری جوانو شکۆمەندیان گرتبوو .

کە بەم جۆرە وەستا بوو بیری لەم دیمەنە دەکردەوە، دەنگێکی سەیری لە دوورەوە کەوتە بەر گوێ. سەرەتا دەنگەکە وەکوو دەنگی بنیادەم وا بوو. کەوتە دوو تاقیبی دەنگەکە. گەیشتە کەناری دەریاچەیەك. قوویەکی سووری زۆر جوان، لە دووری دوورەوە، لەسەر ئاو مەلەی دەکردو پەڕی جوانی لەبەر تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە. کە قووی سوور ملی بڵند کرد، سەر لە نوێ هەمان دەنگی دووبارە کردەوە کە (میدوا) بیستبووی.

قووەکە زۆر دوور بوو. (میدوا)، تیری هاویشتە بەر کەوانو بۆ لای گوێچکەی خۆی رایکێشاو بە وردی نیشانەی لێ گرتو تیرەکەی هاویشت. بەڵام فایدەی نەبوو. ئەو باڵندە جوانە هەر لەسەر ئاوازی ناوازەی خۆی بەردەوام بوو. زۆر بە فیزەوە لەسەر ئاو دەگەڕاو بریقو باقی جوانی پەڕەکانی خۆی بەو ناوەدا بڵاو دەکردەوەو سەراپای دەوروبەری بە ڕەنگی شکۆمەندی یاقووتی خۆی، ڕوناك دەکردەوە.

(میدوا) لەبەر دانیشت تا تیردانی بە تەواوی بەتاڵ بوو، هەر تیری تێ گرت. زۆری حەز دەکرد ببی بە خاوەنی شتێکی وا شکۆمەند. بەڵام قووی سوور تەنانەت باڵەکانیشی نەجووڵاندەوە بۆ ئەوەی بفڕێ. هەر بە دەوری خۆیدا چەرخەی دەدا، ملی درێژی درێژ دەکردو دەنووکی دەبردە ناو ئاو، دەتگوت هەر هیچ گوێ بە تیرەکانی ئەم پیاوە نادا.

(میدوا) رایکردەوە ماڵیو هەر چی تیریان لەناو چادر هەبوو هەمووی هێناو لە قووەکەی گرت. سەرەنجام، دەست بە کەوان، بەو پەڕی سەرسامی وەستاو چاوی بڕییە ئەو باڵندە جوانە.

(میدوا) کە وەستا بوو، حەسرەتی بە دەست هێنانی ئەم قووە جوانەی دەخوارد، لە پڕ بە بیری هاتەوە برا گەورەکەیان پێی گوتبوون سێ تیری جادوویی لەناو کیسەی دەرمانی باوکی رەحمەتییان دایە. بەڵام برای پێی نەگوتبوو باوکە لەسەرەمەرگا وەسیەتی کردبوو ئەم تیرانە بۆ کوڕی هەرە گچکەی بن، کە (میدوا)یە. (میدوا) کە ئەم تیرانەی بە بیر هاتەوە زۆر ورووژاو بە پەلە پەل رایکردەوە ماڵێ بۆ ئەوەی بیانهێنێ.

ئەگەر کاتێکی تر بوایە، لەوانەیە بە دوو دڵی کیسەی دەرمانی باوکی بکردایەوە، بەڵام ئەم جارە شتێ وای کرد هەست بکا کردنەوەی کیسەکە هەڵە نییە. پڕی دایە تیرەکانو بە خێرایی گەڕایەوە، تەنانەت ئەوەندە دانی بە خۆیدا نەگرت ناوەڕۆکەکەی تری کیسەکە لەناو کیسەکە بکاتەوە. شتەکان چۆن لەسەر زەوی بەو گۆڕە وەربببوون، ئاوها لەناو چادر جێی هێشتن. (میدوا) دەترسا نەوەك تا دەچێتەوە، قووی سوور بفڕێ. بەڵام کە لەناو لێڕ هاتە دەرەوە، بەو پەڕی خۆشی هەستی کرد دونیا هێشتا وەکوو جاران هەر سوورەو قووی شکۆدار، بە جوانیو ئارامی لەسەر ئاو دەگەڕێ.

(میدوا) بە دەستی لەرزان، یەکەم تیری جادوویی لە قووی سوور گرت. ئەم تیرە یەکێ لە باڵەکانی رووشاند. دووەمین تیر نزیکتر کەوتە خوارەوەو چەند دانە پەڕێکی سووری درەخشانی بڕیو پەڕەکان وەکوو پرووشکە ئاگر کەوتنە نا ئاو. بۆ سێیەمین جار بە وردی نیشانەی گرتو لە گەردنی باڵندەکەی داو تیرەکە لە ملی مایەوە.

(میدوا) هاواری کرد:

- ئەمە هی منە!!

بەڵام زۆر سەرسام بوو کە دیتی قووی سوور، لە جیاتی ئەوەی ملی لار بێتەوەو بەرەو کەنار مەلە بکات، باڵەکانی لێك داو لەسەرەخۆ بەرز بووەوەو بەشێوەیەکی جادوویی بەرەو خۆر فڕی کە لەسەر ئاوا بوون بوو.

(میدوا) بۆ ئەوەی بتوانێ بە سەربەرزی بگەڕێتەوە لای براکانی. دوو تیری لە تیرە جادووییەکان لەناو ئاو نەجات داو هەرچەند قووی سوور تیری سێیەمی لەگەڵ خۆی برد، (میدوا) هەر ئومێدەوار بوو ئەو تیرەیش وەربگرێتەوەو ببێ بە خودانی ئەم باڵندە زۆر سەنگینو نازدارە.

(میدوا) لە راکردن بەناوبانگ بوو. دەیتوانی تیرێك بە کەوان باوێو ئەوەندە خێرا لەگەڵ تیرەکە را بکات بە پێش تیرەکە بکەوێو تیرەکە لە دواوەی بکەوێتە سەر زەوی. ئێستایش ئەوەتا بەو پەڕی خێرایی رایدەکرد.

بیری دەکردەوە: من دەتوانم زۆر خێرا رابکەمو قووەکە بگرم!

بەسەر تەپۆلکەو بەناو دەشتو دەردا بەرەو رۆژاوا رایدەکرد. (میدوا) بیری لە دۆزینەوەی شوێنێك دەکردەوە بتوانێ شەو تێدا ستر ببێ. لە پڕ لە دوورەوە دەنگێکی وەکوو خوڕە خوڕی ئاوی کەناری کەوتە بەر گوێ. هەر بەو جۆرە کە رایدەکرد، چەندین دەنگی تری کەوتە بەر گوێ. ئینجا چەند خەڵکێکی بینی. هەندێکیان خەریکی دار بڕین بوونو زرمەی تەورەکانیان لەناو لێڕ دەنگی دەدایەوە. بە تەنیشتیاندا تێپەڕی. کە لەناو لێڕ هاتە دەرەوە، رۆژ لە ئاسۆوە لەسەر ئاوابوون بوو.

(میدوا) بڕیاری دابوو، قووی سوور بدۆزێتەوە. تا رۆژاوا و تا قووی سووری لەبەر چاو ون بوو، شوونی هەڵگرت. لەگەڵ ئەمەشدا، دەبوایە دالدەیەك بۆ شەو بدۆزێتەوەو شتێ بۆ خواردن پەیدا بکا، چونکە لەوەتی لەماڵەوە هاتبوو، هیچی نەخواردبوو.

چووە سەر بڵندابیەك، لە دوورەوە هۆبە چادرێکی گەورەی ببینێ. رووی کردە چادرەکان. هەر زوو پاسەوان دەنگی دا . پاسەوانەکە لەسەر جێگایەکی بڵند وەستا بوو، سەیری دەورو بەری دەکردو ئەگەر دۆستو ئەگەر دوژمن لە هۆبە نزیك بکەوتایەوە، بە دەنگی بەرز بە هۆبەی رادەگەیاند.

پاسەوان هاواری کرد:

- یەکێ وا بەرەو ئەم لایە دێ.

کە خەڵکەکە دەنگی پاسەوانەکەیان بیست، کردیانە دەنگە دەنگو هەراو هۆریا.

کە(میدوا) نزیکتر کەوتەوە، پاسەوانەکە پەنجەی بۆ چادری سەرۆکی خێڵ درێژ کردو گوتی:

- برۆ ئەوێ.

وای گوتو (میدوا)ی جێ هێشت.

سەرۆك گوتی:

- وەرە ژوورەوە، وەرە ژوورەوە، لەوێ دانیشە.

ئاماژەی بۆ ئەو بەشەی چادرەکە کرد کە کچەکەی لێ دانیشتبوو. گوتی:

- تۆ دەبێ لەوێ دابنیشی.

خواردنیان بۆ هێناو لەبەر ئەوەی غەریبە بوو چەند پرسیارێکیان لێ کرد. کە شەو داهات، سەرۆکی خێڵ گوتی:

- کچم! پێڵاوەکانی زاواکەم هەلگرە بزانە نەدڕاون. ئەگەر دڕاون، بۆی بدوورەوە.

(میدوا) بیری کردەوە: زۆر سەیرە ئاوا بە گەرمی پێشوازییان لێ کردو بەبێ ئارەزووی خۆی یەکسەر زەماوەند لەگەڵ کچی سەرۆکی خێڵ بکا. هەڵبەت نەیتوانی رەتی بکاتەوە چونکە کچەکەی سەرۆك زۆر جوان بوو.

پاش ماوەیەکی زۆر ئینجا کچە پێڵاوەکانی (میدوا)ی لەسەر زەوی هەلگرت. ئەم دوودڵییەی کچەکە (میدوا)ی نەختێ نارەحەت کرد. سەرەنجام، کە کچە پێڵاوەکانی هەلگرت، (میدوا) پێڵاوەکانی لە دەست راپسکاندو خۆی خزاندە گۆشەیەك. راکشاو بیری لە قووی سوور کردەوەو بڕیاری دا سبەی بەیانی زوو بۆی دەربچێ.

بەیانی زوو بە خەبەر هات. کچی سەرۆکی خێلی لەبەر دەرگای چادردا بینی، قسەی لەگەڵ کرد، بەلاّم کچەکە وەلاّمی نەدایەوە. (میدوا) بە نەرمی دەستی بە بازووی کچەکەدا هێنا.

کچەکە گوتی:

- چیت دەوێ؟

ئینجا رووی لێ وەرگێڕا.

(میدوا) گوتی:

- پێم بڵێ قووی سوور کەی بێرەدا تێپەڕی. من تاقیبی ئەو دەکەم. وەرە دەرەوە رێگاکەم نیشان دە.

کچەکە پرسی:

- لەو باوەڕەدای پێت بگیرێ؟

وەلاّمی دایەوە:

- بەڵێ.

کچی سەرۆکی خێڵ بە تووڕەیی گوتی:

- هەی کەودەن!

بەم جۆرە لەناو چادر چووە دەرێو ئەو ڕێگایەی نیشان دا کە دەبوایە بیگرێتە بەر.

کابرا تا ڕۆژهەڵات بە کاوەخۆ ڕۆیشت. ئینجا بە هەمان خێرایی پێشوو، پێی بە غارەوە نا. بە درێژایی ڕۆژ هەر غاری دا. هەر چەندە ئیتر قووی سووری لە ئاسۆوە نەدەدی، بەڵام هەستی دەکرد تیشکێکی سووری کزی لە ڕۆژاوا دەکەوێتە بەرچاو.

کە شەو داهات، خۆشحاڵ بوو کە خۆی لە نزیك گوندێکی تر دۆزییەوە. هێشتا نەگەیشتبووە گوندەکە، گوێی لە هاواری پاسەوان بوو:

- یەکێ وا بۆ ئەم لایە دێ.

هەر زوو خەڵکی گوند لە ماڵی خۆیان هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی کابرای غەریبە ببینن.

دیسان پێیان گوت بچێتە چادری سەرۆکی خێڵو پێشوازی ئەمیش لە (میدوا) لە هەموو لایەکەوە وەکوو پێشوازی شەوی رابردوو بوو. ئەوەندە نەبێ کە کچی ئەم سەرۆك خێڵە زۆر جوانتر بوو، بەو پەڕی میهربانی خزمەتی دەکرد. هەر چەندە بە بەر (میدوا) داکەوتن لای ئەوان بمێنێتەوە، بەڵام ئەو بڕیاری دابوو لە ڕێی خۆی بەردەوام بێو قووی سوور بگرێ.

پێش ڕۆژهەڵات، (میدوا) لە کچە گەنجەکەی پرسی قووی سوور چ کاتێ بێرەدا تێپەڕیوەو داوای لێ کرد ئەو ڕێیەی پێشان بدا کە قووی سووری پێدا ڕۆیشتووە.

کچە گەنجەکە بە قامك لە ئاسمان ڕێگای تێپەڕینی قووی سووری پێشان داو پێی گوت:

- ئەم باڵندەیە دوێنێ دوای نیوەڕۆ، کە خۆر لە نێوان نیوەڕۆو رۆژاوادا بوو، بەوێ دا تێپەڕی.

(میدوا) جارێکی تر بە ئارامی کەوتە ڕێ، بەڵام کە رۆژهەڵات، خێرایی خۆی بە هاویشتنی تیرێك و راکردنی بە دوای تیرەکەدا تاقی کردەوە. تیرەکە دەق لە پشت ئەو، کەوتە سەر زەوی و (میدوا) زانی هێشتا خێرایی پێیەکانی کەم نەبۆتەوە. بە درێژایی رۆژ هیچ رووداوێکی سەرنجکێش رووی نەداو لە ڕێی خۆی بەردەوام بوو. ماوەیەك پاش رۆژاوا، بە وردی سەیری ئەو ناوەی کردو چاوی لە پەناگەیەك گێڕا بۆ ئەوەی شەوی تێدا بقەتێنێ. ترووسکاییەکی دی لە چادرێکی بچووکەوە دەهات. بە ئارامی رووی کردە چادرەکە. بە دزی سەیری ناوەوەی کرد، پیرەمێردێکی تەنیای بینی سەری دانەواند بوو، پشتی خۆی دابووە ئاگر بۆ ئەوەی گەرم بێتەوە.

(میدوا) وای زانی پیرەمێرد ئاگادار نییە ئەم لە بەر دەرگای چادر وەستاوە، بەڵام بە هەڵەدا چووبوو. پیرەمێرد بێ ئەوەی سەری وەرسووڕێنێ و تەماشای بکا، گوتی:

- فەرموو وەرە ژوورەوە، نەوەی ئازیزم! بەرامبەرم دانیشە. جلەکانت داکەنەو وشکیان کەوە. هەڵبەت زۆر ماندووی. شتێکت بۆ دروست دەکەم بیخۆی. خواردنێکی زەریف و بەتام دەخۆی!!

(میدوا) ئەم داوەتە دۆستانەی قبووڵ کردو چووە ناو چادرەکە. پیرەمێرد بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی گوتی:

- مەنجەڵی پڕ ئاو، وەرە رۆخ ئاگر!

یەکسەر مەنجەڵێکی سواڵەتی پێدار، لە نزیك ئاگرەکە دەرکەوت. ئەوسا پیرەمێرد یەك دانە دەرەو نەختێ قەرە قرووتی لەناو مەنجەڵەکە کرد. (میدوا)، زۆر برسی بوو، کە نەبوونیی پیرەمێردی دی، بیری خواردنێکی چاکی لەسەر

دەرکرد. پیرەمێرد بەڵێنی خواردنێکی بەتامی پێ دابوو. بە جۆرێ رەفتاری دەکرد کە قسەی خۆی بێنێتە جێ. بەلام (میدوا) هەر تەماشای دەکردو لە رووخساری وا دیار بوو وەك ئەوەی زیافەتێکی گەورە لە شەرافەتی ئەو رێك بخەن.

ئاوی مەنجەڵەکە زوو وەکوڵ هات. پیرەمێرد بە ئارامی گوتی:

- مەنجەڵ، لە ئاگر دوور بکەوەوە.

مەنجەڵەکە لە ئاگر دوور کەوتەوەو پیرەمێرد بە (میدوا)ی گوت:

- ئەوەی ئازیزم! فەرموو ئەم خواردنە بخۆ!

قاپێك و کەوچکێکی لە جۆری هەمان مەنجەڵ دایە.

کابرای گەنج زۆر برسی بوو. هەر چی لەناو مەنجەڵەکە بوو، هەمووی خوارد. کە بیری لەم کارەی خۆی کردەوە، زۆر خەجاڵەت بوو ، بەلام پێش ئەوەی قسە بکا، پیرەمێرد گوتی:

- بخۆ، رۆڵە، بخۆ، بخۆ!.

دوای چەند خولەکێ دیسان گوتی:

- خواردنی ناو مەنجەڵەکە نۆشی گیان بکە.

(میدوا)، کە کەوچکی لەناو مەنجەڵەکە نا، زۆر سەرسام بوو کە دیتی مەنجەڵەکە پڕ خواردنە. کە جاری دووەمیش مەنجەڵەکەی بەتاڵ کرد، دیسان پڕ بووەوە. بەم جۆرە تا بە تەواوی تێر بوو.

ئەوسا پیرەمێرد، بێ ئەوەی دەنگی بڵند بکا، گوتی:

- مەنجەڵ، ئێستا بچۆرەوە ژووری.

مەنجەڵەکە چووە گۆشەیەکی چادرەکە. بۆ ئەوەی لەبەر دەستو پێیان نەبێ.

(میدوا) زانی پیرەمێرد دەیەوێ دەست بە قسە بکا. ئەویش وای پێشان دا ئامادەیە گوێی لێ بگرێ.

پیرەمێرد گوتی:

- بەردەوام بە، نەوەی ئازیزم! بێ شك ئەو شتەی بە دوایدا عەودالی بە دەستی دێنی. من ئیجازەم نییە لەوە زیاترت پێ بلێم، بەلام چۆن کەوتوویتە رێ، هەروا بەردەوام بەو بزانە کە نائومێد نابی. سبەی دەگەیتە پیرەمێردێکی تر. بەلام ئەو پیرەمێردەی دووسبەی دەیبینی، هەموو شتێکت پێ دەلێ‌و بۆت روون دەکاتەوە چ بکەی بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی سەفەرەکەت بە پایان بگەیەنی. ئەم قووە سوورە بە زۆری بێرەدا تێدەپەرێ‌و ئەوانەی بە دوایدا دەچن هەرگیز ناگەرێنەوە. بەلام تۆ دەبێ ورەت بەهێز بێ‌و خۆت بۆ هەر رووداوێك ئامادە بکەی کە لەوانەیە بێتە پێشت.

(میدوا) وەلامی دایەوە:

- هەرواش دەبێ.

پالیان دایەوە بۆ ئەوەی بخەون. بەیانی زوو، پیرەمێرد فەرمانی بە مەنجەلی جادوویی خۆی کرد ناشتا بۆ میوانەکە ئامادە بکا بۆ ئەوەی پێش رۆیشتن خواردن بخوا. لە کاتی مالاواییدا، پیرەمێرد بە چەند ئامۆژگارییەك بە رێی کرد.

(میدوا) بە ورەیەکی زۆر باشتر لە رابردوو، لە رێی خۆی بەردەوام بوو. بۆ شەو، دیسان چووە چادری پیرەمێردێکی تر کە مەنجەلێکی زۆر شادو توندو پۆلی هەبوو. مەنجەلەکە پێش ئەوەی هیچی پێ بلێن، بە پەلە چووە بەر ئاگرو بەو پەری خێرایی شێوی بۆ (میدوا) لێناو بێ ئەوەی چاوەرێی فەرمان بکا، بە خێرایی گەرایەوە شوێنی خۆی.

ئەم پیرەمێردەیش بەو پەری میهرەبانی خزمەتی کردو بەیانی رۆژی پاشی، بەوردی رێنمایی کرد.

(میدوا) به دڵێکی شادو بێ خەم لە ڕێی خۆی بەردەوام بوو، چونکە ئەو شەوە، بە تایبەتی بڕیار بوو تووشی ببێ بە تووشی ئەو پیرەمێردەی پێی دەگوت دەبێ بۆ گرتنی قووی سوور چی بکات.

تازە تاریک دەکەوتە عەردی، (میدوا) گەیشتە چادری پیرەمێردی سێیەم. پێش ئەوەی بگاتە بەر دەرگای چادرەکە، گوێی لە دەنگی پیرەمێردەکە بوو، گوتی:

- ئەوەی ئازیزم! فەرموو، وەرە ژوورەوە.

(میدوا) هەر هێندە پێی نایە ناو چادرەکە، بە تەواوی هەستی بە ئیسراحەت کرد.

پیرەمێرد، دەق وەکوو ئەوانی دی، شتێکی بۆ خواردن بۆ ئامادە کرد. مەنجەڵەکەی ئەم بە قەد هەر دوو مەنجەڵەکەی پێشوو بوو. لەوە دەچوو برای دووەکەی تر بێ. ئەوەندەی جیا بوو ئەم مەنجەڵە لە کاتی هاتو چۆو رایی کردنی ئەرکی ماڵەوەدا، قسەی دەرکرد، یان بە وریننگە وریننگ گۆرانی دەگوت.

پیرەمێرد راوەستا تا (میدوا) بە تەواوی تێر بوو. ئەوسا دەستی بە قسە کردو گوتی:

- گەنجۆ! ئەو کارەی تۆ بە دواوەیت پڕیەتی لە تاقی کردنەوەو گیرو گرفتی زۆر. ژمارەیەکی زۆر گەنج بەو نیازەی کە تۆ هەتە، هاتن و بێرەدا تێپەڕین، بەڵام تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە. ئەم قووە سوورەی تۆ بە دوایەوەیت کچی جادووکەرێکە. ئەم جادووکەرە هەموو جۆرە نیعمەتێکی لە بڕانە، بەڵام تەنیا یەک کچی هەیە بەلای و خۆیەوە نرخی لە (تیری پیرۆز) زیاترە. ئەم جادووکەرە لە زەمانی کۆن، کڵاوێکی پێست سوورانەی هەبوو بە کەللەیەوە چەسپا بوو. بەڵام کۆمەڵە پێست سوورێکی جەنگاوەری بە هێزی خێڵێکی دوور هاتن و پێیان گوت کچی سەرۆکی خێڵەکەیان لەسەرەمەرگدایەو داوای کڵاوی پێست سوورانەی

ئەمی کردووە چونکە بڕوای وایە ئەم کڵاوە لەم بەڵایە ڕزگاری دەکا. گوتیان کچی سەرۆکی خێڵەکەمان دەڵێ:

- "ئەگەر تەنیا ئەو کڵاوە ببینم، چاك دەبمەوە."

ئەم جەنگاوەرە بە هێزانە هاتبوون ئەم کڵاوە ببەن. دوای ماوەیەکی زۆر، جادووکەرەکە ڕازی بوو، دەست لەو کڵاوەی هەڵگرێ، بەو ئومێدەی ئەم کڵاوە بتوانێ کچە لە سەرەمەرگ چاك بکاتەوە. هەر چەندە دەیزانی ئەگەر کڵاوەکەی لەسەر بکاتەوەو بیدا بەم قاسیدانە، کەللەی سەری بێ پێستو بە خوێناوی دەمێنێتەوە.

چەندین ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕیوەو جادووکەرەکە هێشتا سەری چاك نەبۆتەوە. بێ گومان هاتنی جەنگاوەرەکانو داواکردنی کڵاوەکە بە ناوی کچەی نەخۆش، تەنیا حیلەو بیانوویەك بووو بەس. ئەوەتا هەمیشە وەخت بەو کڵاوە داماوە ڕادەبوێرنو گوند بە گوند دەیگێڕنو لەگەڵ هەر سووکایەتییەك کە بەو کڵاوەی دەکەن، جادووکەری داماو لەبەر ئێشو ژان دەکەوێتە ناڵە ناڵ. ئەوانەی کڵاوەکەیان بردووە زۆر لەو جادووکەرە پیرە بەوەجترن. زۆر کەس گیانی خۆیان لە پێناوی نەجاتدانی ئەم کڵاوە کردۆتە قوربانی، بەڵام بێ هوودە بووە. قووی سوور زۆر پیاوی وەکوو تۆی تووشی وەسوەسە کردووە بۆ ئەوەی بۆ نەجاتدانی کاسە سەری جادووکەرەکە ڕایانکێشێتە لای خۆی. دەڵێن هەر کەسێ بتوانێ ئەم کڵاوە بێنێتەوە ، بۆ خۆی ئەم قووە سوورە بە پاداش وەردەگرێ.

سبەی بەیانی، تۆ لە ڕێی خۆت بەردەوام دەبی. بەرە بەری ڕۆژاوا دەگەیتە چادری جادووکەرەکە. بە دەنگی ناڵە ناڵی جادووکەرەکە ماڵەکەی دەدۆزیتەوە، کە هێشتا زۆر ماوە بگەیتە ئەوێ لەو دەشتە دەکەوێتە بەر گوێت. خولقت دەکا بچیتە ژوورەوە. لەو جادووکەرە زیاتر کەس نابینی. لە بارەی ئارەزووەکانتو ئەو هێزە ڕۆحانییەی دەتپارێزێ پرسیارت لێ دەکات. ئەگەر وەڵامەکانی تۆی بە

دڵ بوو، داوات لێ دەکا هەوڵ بدەی کاسە سەرەکەی نەجات بدەی‌و هەر خۆیشی ڕێگایەکت بۆ دادەنێ. ئەگەر ئارەزووت لێ بێ، دەبینم ئارەزووشت لێییە، بە ئازایی لە ڕێی خۆت بەردەوام بە، ورەو خۆڕاگرتنت هەبێ . من دڵنیام سەرکەوتوو دەبی.

(میدوا) وەڵامی دایەوە:

- ئەوەی لە دەستم بێ دەیکەم.

بەیانی زوو، (میدوا) دوای ئەوەی ناشتای لە مەنجەڵی جادوویی خوارد، ملی ڕێی گرت‌و لە سەفەری خۆی بەردەوام بوو. مەنجەڵەکە، کە لەسەر ئاگردانەوە چووە گۆشەیەکی چادرەکە، گۆرانی ماڵاوایی گوت.

بەرە بەری ڕۆژاوا، کاتێ کە بە ناو دەشت‌و دەردا دەڕۆیشت، لە چادرێکی دوورەوە گوێی لە ناڵە ناڵێك بوو. پاشان دەنگی کەسێکی کەوتە بەر گوێ نەیدەدی:

- وەرە ژوورەوە، وەرە ژوورەوە.

(میدوا) کە چووە ناو چادرەکە، کابرایەکی دی، زانی دەبێ ئەمە جادووکەرەکە بێ. جادووکەرەکە ناڵەیەکی توندی لە ناخی سینەوە هاتە دەرێ.

(میدوا) هەستی کرد ئەمە کاسەی سەری بێ پێست‌و خوێناوییە.

جادووکەرەکە گوتی:

- دانیشە، دانیشە تا شتێکت بۆ ئامادە بکەم بخۆی. سەیر کە من چەند بەدبەختم. ناچارم خۆم هەموو پێویستییەکانی خۆم جێ بە جێ بکەم. لەم مەنجەڵە چووکەڵەی ئەم گۆشەیە بەو لاوە هیچ خزمەتکارێکم نییە.

- ئەی مەنجەڵ، ئەگەر زەحمەت نییە شتێکمان بۆ ئامادە کە بیخۆین.

مەنجەڵەکە لە گۆشەی چادرەکەوە گوتی:

- هەر ئێستا.

جادووکەرەکە زۆر بە ڕێزەوە رووی کردە مەنجەڵەکەو گوتی:

- مەمنوون دەبم ئەگەر نەختێ پەلە بکەی.

مەنجەڵەکە وەڵامی دایەوە:

- سەبر کە. هەر ئێستا دێم.

دوای وەستانێکی دوورو درێژ، ئاخیری مەنجەڵێکی سەنگینی ورگەستوور بەو پەڕی سەنگینیو شکۆمەندی لە گۆشەی چادرەکە هاتە دەرێو راستەوخۆ چووە لای جادووکەرەکەو پرسی:

- ئارەزووت لە چییە، گەورەم؟

جادووکەرەکە وەڵامی دایەوە:

- دەرە، ئەگەر لوتف بکەی.

مەنجەڵەکە بەدەنگێکی پتەو وەڵامی دایەوە:

- نەء ، ئەمشەو چێشتی قەرەقرووت دەخۆین.

جادووکەرەکە گوتی:

- زۆر باشە، هەر چی تۆ بڵێی.

کاتی شێو، جادووکەرەکە (میدوا)ی داوەت کرد شتێ بخوا. کە (میدوا) ویستی کەوچك لە ناو مەنجەڵەکە رابکا، مەنجەڵەکە گوتی:

- سەبرت هەبێ.

(میدوا) وەستاو دوای ماوەیەك، مەنجەڵەکە تەکانێکی دایە خۆیو بە دەنگێکی بەرز دەستی بە کوڵان کردو گوتی:

- ئێستا ئامادەم.

(میدوا) دەستی پێ کردو تێری خوارد.

جادووکەرەکە بەو پەڕی ڕێزەوە پرسی:

- مەنجەڵ، ئێستا، دەتوانێ بڕۆی؟

مەنجەڵەکە گوتی:

- نەء دەمێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم ئەم گەنجە چ قسەیەکی هەیە بیڵێ.

جادووکەرەکە گوتی:

- زۆر باشە.

ئینجا رووی کردە (میدوا)و بەردەوام بوو:

- دەبینی من چەند داماوم. من ناچارم رای ئەم مەنجەڵە وەربگرم، ئەگەرنا دەبێ بە تەنیاو بە برسێتی بمێنمەوەو کەس نییە پەندو ئامۆژگارییەکم دابدا.

بە درێژایی ئەو ماوەیە، قووی سوور بە وردی لەناو چادرەکەو لە پەنا پەردە خۆی شاردبووەوە. (میدوا) هەر ناو بە ناو گوێی لە خشە خشێك دەبوو رۆحی دەخستە لەرزەو دڵی زۆر توند دەکەوتە خورپە خورپ.

کە (میدوا) شێوی خۆی تەواو کردو بەلەك پێچو پێڵاوەکانی لە لایەك دانا، جادووکەری پیر بۆی باس کرد چۆن کاسە سەرەکەی لە دەست داوەو چ سووکایەتییەکی پێ کراوەو چ رەنجی کێشاوە. باسی کرد چۆن ئارەزووی لە وەرگرتنەوەی کلاوەکە هەیەو چەند تەقەلای ناسەرکەوتوانەی لەم رێگایە داوە. باسی ئەو خەڵکە زۆرو زەبربەدەستانەیشی کرد کە ئێستا کلاوەکەیان لایە.

هەر ناو بە ناو قسەکانی دەبڕیو ئاخێکی هەڵدەکێشاو دووبارە دەیگوت:

- وای لەو رسواییو شەرمەزارییە!!

(میدوا) زۆر بە وردی گوێی لە هەموو قسەکانی جادووکەری پیر گرت. ئینجا جادووکەری پیر باسێکی تازەی هێنایە پێشەوە. پرسیاری لە (میدوا) کرد خەونو خۆزگەکانی چین؟ لێی پرسی کاتێ کە بە رۆژوو دەبێ، یان بۆ راکێشانی

سەرنجی روحانی پارێزەر، دەمو چاوی خۆی رەش دەکا، خەون بە چییەوە دەبینیٚ؟

(میدوا) یەکێ لە خەونەکانی خۆی بۆ باس کرد. جادووکەرەکە بە بۆڵە بۆڵ گوتی:

- نەء ، ئەمە نەبوو.

(میدوا) دوو سێ خەونی تری بۆ باس کرد.

جادووکەرەکە دووبارە نەڕاندیو بە نیگەرانی گوتی:

- نەء ئەمانە خەون نین.

مەنجەڵەکە گوتی:

- لەسەرەخۆ! لەسەرەخۆ!.

مەنجەلکە لەسەر ئاگر هەستا بوو. کزەبایەکی خۆشی دەهات. لە ناوەندی چادرەکە، وەستا بوو، خۆی دابووە بەر کزەبایەکە. جادووکەرەکە بەردەوام بوو:

- تۆ هیچ خەونی ترت نەدیوە؟

(میدوا) گوتی:

- بەدی!

ئینجا باسی خەونێکی تری خۆی کرد.

مەنجەڵەکە گوتی:

- ئەمە شتە، ئەمەیان بە دڵی ئێمەیە.

جادووکەرەکە گوتی:

- بەڵێ، خۆیەتی! خۆیەتی! تۆ من لە مردن رزگار دەکەی. ئەمە بوو ئەو خەونەی حەزم دەکرد باسی بکەی. ئایا ئامادەی بچی بۆ ئەوەی بزانی داخۆ دەتوانی کاسە سەرەکەم نەجات بدەی، یان نا؟

میدوا گوتی:

بەڵێ، دەچم. دووسبەی، کە گوێت لە قیڕەی شاهێن بوو، دەنگی (کاکاك)ی لێوە هات، بزانە من سەرکەوتوو بوویم. سەرت ئامادە بکەو لەناو چادر بیهێنە دەرەوە بۆ ئەوەی هەر گەیشتم، بتوانم یەکسەر کاسە سەرەکەت لە شوێنی خۆی دابنێمەوە.

جادووکەرەکە گوتی:

- بەڵێ، بەڵێ. هەر چی بڵێی وادەکەم.

رۆژی پاشی بەیانی زوو زوو، (میدوا) بەڕێ کەوت بۆ ئەوەی قسەی خۆی بێنێتە جێ.

دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ، کە خۆر بەرەو ماڵی خۆی دەبووەوە، (میدوا) گوێی لە دەنگە دەنگێکی زۆری خەڵك بوو. ئەو کاتەی هێشتا لەناو لێڕ بوو چاوەڕێی دەکرد، کەمێ خەڵکی بینی، بەڵام کە لە رێگا بەردەوام بوو، ژمارەی خەڵکەکە تا دەهات زیاتر دەبوو. کە گەیشتە دەشتو دەر، سەری خەڵکەکەی وەکوو گەڵای درەخت دەکەوتە بەرچاو. زۆر زۆر بوون.

لە ناوەڕاستی ئەو دەشتە ستوونێکی دی شتێکی لەسەر دەهەژایەوە. ئەمە هەمان کڵاوی جادووکەری پێست سوور بوو. هەر ناو بە ناو دەنگی گۆرانی جەنگ هەوای شەق دەکردو خەڵکەکە بە ورەیەکی زۆر بەرز لە دەوری کڵاوەکە سەمای جەنگیان دەکرد. (میدوا) بەر لەوەی هیچ کەس بیبینێ، ئەو وشە جادوویانەی جادووکەرەکە فێری کردبوو، دووبارەی کردنەوەو بوو بە باڵندەیەکی مەگەسخۆرو بۆ لای کڵاوەکە هەڵفڕی. چەند کەسێکی لە نزیك بوو. کە بە لایاندا تێپەڕیو گوێیان لە دەنگی فڕینی بوو، دەرپەڕینە لایەكو پرسیاریان کرد داخۆ ئەمە دەبێ چی بێ؟ (میدوا) لەو کاتەدا گەیشتبووە نزیك

کلاوەکە، بەڵام ترسا نەوەك لە کاتی لێ کردنەوەی کلاوەکە، بیبینن، ئیتر خۆی خستە سەر شکڵی پەڕێکی نەرمو بەو پەڕی سووکی لە هەوادا هاتە خوارێو بە ئارامی لەسەر کلاوەکە گیرسایەوە.

بەندەکانی کلاوەکەی کردەوەو بە توندی کلاوەکەی راتەکاند، چونکە کلاوەکە بۆ یەکێکی ئەو زۆر سەنگین بوو. پیست سوورەکان دەیانتوانی یەکسەر کلاوەکە بڕفێنن، بەڵام خۆشبەختانە تەوژمی هەوا هەڵیکردو بەرزی کردەوە. کە دیتیان کلاوەکە خەریکە دەجووڵێتەوە، هاواریان کرد:

- لێیان بردین! لێیان بردین!

(میدوا) بە شێنەیی‌و بە نزمی بە سەر سەریاندا تێپەڕی. خەڵکەکە بە دوایدا رایاندەکردو دەنگی هەراو هۆریایان وەکوو چۆن شەپۆلی دەریاچەی پاش گەرداوێکی تووش بە کەنار دەکەوێ، ئاوها بە سەختی دەکەوتە بەر گوێ. بەڵام (با)ی یاریدەر، لەحزە بە حزە توندتر دەبوو، لەبەر دەستی ئەوان دووری خستەوە. نەختێ بەولاتر خۆی کرد بە شاهینێك‌و کلاوەکەی هێناو بە خێرایی فڕی‌و قیڕاندی:

- کاکاك، کاکاك!

دەنگی قیڕەی تیژی شاهین تا ماوەیەکی دوور هەر دەنگی دەدایەوە.

لەو کاتەدا، جادووکەرەکە قسەکەی (میدوا)ی بیرکەوتەوەو هەر هێندە گوێی لە قیڕەی شاهین بوو، سەری لەناو چادرەکەی هێنایە دەرەوە.

دوای نەختێ، (میدوا) بە شەقەی باڵ بە تەنیشتیدا تێپەڕی‌و کە گەیشتە سەر سەری، کلاوە پیست سوورانەکەی لە سەر سەری جادووکەرەکە دانا. پیرەمێرد سەراپای ئەندامی لەبەر ئیش‌و ژان لەرزی. بەڵام کە (میدوا) خۆی خستەوە سەر شکڵی بنیادەم‌و چووە ناو چادرەکەو دانیشت، جادووکەرەکە

کڵاوەکەی بە سەر کاسەسەرییەوە چەسپا بوو. (میدوا) بە تەواوی هەستی بە ئۆخژن کرد.

ماوەیەکی زۆری پێ چوو تا جادووکەرەکە لەو زەبرە توندەی بە سەری کەوتبوو، گەڕایەوە سەرباری ئاسایی خۆیو (میدوا) ترسا نەوەکوو لە کاتی دانانی کاسەسەرەکەی، کوشتبێتی. بۆیە کە (میدوا) دیتی جادووکەرەکە دەستو پێو ئەندامەکانی لەشی جوولاندەوەو زانی خەریکە بە هۆش خۆی دێتەوەو تاقەتی دێتەوە بەر، زۆر خۆشحال بوو. (میدوا) کەمێ راوەستا، ئینجا بەو پەڕی سەرسامیو کەیفخۆشی دیتی لە باتی پیرەمێردێکی لەڕو غەمگین، گەنجێکی شادو جوان لەبەر دەمی وەستاوە، شەوقو تەڕو پڕی لە روودا دەدرەوشێتەوە.

جادووکەری گەنج گوتی:

- سوپاست دەکەم هاوڕێکەم! میهرەبانیو ئازایەتی تۆ منی گەڕاندەوە سەر شکلی جارانم.

ئیتر یەکتریان گرتە باوەشو جادووکەری گەنج داوای لە (میدوا) کرد چەند رۆژێکی دیش لەوێ بمێنێتەوە. (میدوا) بەو پەڕی ئارەزوو ئەم داوەتەی قبووڵ کردو هەر زوو دۆستایەتییەکی زۆر قووڵ لەنێوان ئەم دوو گەنجەدا پەیدا بوو.

لەگەڵ ئەمەشدا، بەوپەڕی داخەوە، جادووکەری گەنج هەرگیز تەنانەت ئاماژەیەکیشی بە قووی سوور نەکرد.

سەرەنجام، ئەو رۆژ داهات کە (میدوا) خۆی ئامادە کرد بگەڕێتەوە ماڵێ. جادووکەری گەنج زۆر دیاری پێشکەش کرد، لەوانە: کڵاوی پێست سوورانەو پێستی گیاندارانو بەرگو شتی بەهاداری تر. بەڵام (میدوا) بە حەزرەتی دیداری قووی سوور بوو، دڵی وای دەویست باسی ئەو بکەنو بزانێ ئاخیری بەسەرهاتی بە چی دەگات.

(میدوا) هەوڵی دا خۆی بەرزەفت بکا، بەڵام بێ دەستی خۆی هەر ناو بە ناو سەرنجی دەکەوتە سەر ئەو لایەی بە مەزەندەی خۆی قووی سووری لێ بوو. برادەرەکەیشی بە وردی هەمان بێدەنگی‌و ئاسوودەیی رەچاو دەکرد.

(میدوا) باری خۆی بۆ سەفەر بەست. خۆی بۆ رۆیشتن ئامادە کرد. خەریك بوو دوا سبیلی لە تەك هاورێکەیدا دەکێشا، کە هاورێ جادووکەرە گەنجەکەی پێی گوت:

- هاورێی ئازیزم! (میدوا)، تۆ خۆت باش دەزانی بۆچی هاتوویتە ئەم شوێنە زۆر دوورەو دەزانی بۆچی تا ئەو رادەیە گیانی خۆت خستۆتە مەترسی‌و ئەوەندە دانت بەخۆتدا گرتووە!! تۆ بە راستی سەلماندت کە برادەری منی. تۆ بە ئامانجی خۆت گەیشتووی. ئەم رەنج‌و خۆراگرتنەی تۆ بەبێ پاداش ناڕوا. تۆ ئەگەر لە هەموو کارێکی تری ژیانت بەو جۆرە ورەوە بچیتە پێش، هەمیشە سەرکەوتوو دەبی.

چارەنووسی من ئەوەیە لێرە بمێنمەوە، ئەگەر چی زۆرم حەز دەکرد بتوانم لەگەڵت بێم. تۆ تا پایانی عومرت پێویستت بە هەر چی هەبێ، من پێم داوی. بەڵام دەزانم تۆ زۆر بە پەرۆشی شتێکێ لە بارەی قووی سوورەوە گوێ لێ بێ. ئافەرینت لێ دەکەم. من پەیمانم دا بوو هەر کەسێ کاسەسەرەکەم بۆ بێنێتەوە، ئەو قووە سوورەی بە پاداش پێ بدەم.

ئەو حەلە بە زمانێ کە (میدوا) هیچ سەری لێ دەر نەدەکرد، قسەیەکی کرد.

پەردەی چادرەکە لاچوو. قووی سوور لەبەر چاوی شادو حەپەساوی (میدوا) دەرکەوت. دیتی کچێکی گەنجە، دیمایەکی زۆر جادوویی‌و دڵبزوێنی هەیە. (میدوا) پێی وا بوو ئەمە مەوجوودێکە دەبێ ماڵی لەناو باخی بەهەشت‌و لەناو هەوری سوور دابێ، نەك لەم کووخە تاریك‌و نوتەکە.

جادووکەری گەنج گوتی:

- قووی سوور بۆ خۆت ببه. خوشکی منه. به چاکیی رەفتاری لەگەڵ بکە. شایەنی تۆیە. ئەوەی تۆ بۆ منت کردووە، شایەنی پاداشێکی لەوە زیاترە. ئەویش ئامادەیە لەگەڵتا بێتە لای خزمو کەسو کاری تۆ. بڕۆن دوعای خێر بۆ هەردووکتان دەکەم.

قووی سوور بۆ (میدوا) گرژییەوەو (میدوا) لێی چووە پێشو سەلاوی لێ کرد. دەست لە ناو دەست چادرەکەیان جێ هێشت. جادووکەرە گەنجەکە لە دواوە سەیری دەکردنو ئەوانیش ڕێگای ماڵەوەیان گرتبووە بەرو بە ناو ئەو دەشتەدا دەڕۆیشتن. بە شێنەیی سەفەریان دەکردو بەو پەڕی شادیو ڕەحەتی سەیری دیمەنەکانیان دەکرد چونکە جاری پێشوو بە دڵێکی نائارام بەسەریاندا تێپەڕی بوون.

دوای دوو سێ ڕۆژ، گەیشتنە چادری پیرەمێردی سێیەم کە ئەوە بوو بە مەنجەڵی گۆرانیبێژی خۆی خزمەتی (میدوا)ی کرد. بەڵام مەنجەڵەکە لەوێ نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا پیرەمێرد بەوپەڕی میهرەبانی پێشوازی کردنو بە (میدوا)ی گوت:

- سەیرکە خۆراگرپی تۆ چ دیاریو پاداشتێکی بە دەمەوە بوو. هەمیشە پشت قایمو سەر ڕاست بەو بزانە لە هەموو کارێ سەرکەوتوو دەبی.

سبەینێ ڕۆژی پاشی، کە ئامادەبوون بڕۆن، پیرەمێرد لە گۆشەی چادرەکەیدا کیسەیەکی دەرهێناو دایە (میدوا)و گوتی:

- ڕۆڵە! من ئەمەت دەدەمێ. ئەم کیسەیە دیارییەکی بۆ تۆ تێدایە. ئومێدەوارم ساڵانێکی زۆر بە خۆشیو بەختەوەری بژی.

ئیدی ماڵاواییان لە پیرەمێرد کردو لە سەفەری خۆیان بەردەوام بوون.

ئەو شەوە گەیشتنە کووخی پیرەمێردی دووەم، ئەویش دیارییەکی دانیٚ و دوعای خێری بۆ کردن. (میدوا) هەر چەندە تەماشای کرد مەنجەڵە بچووکە زبرو زرنگەکەی جاری پێشوو لەویٚ بوو، هیچ دەوسی دیار نەبوو.

لە سەفەری خۆیان بەردەوام بوون تا گەیشتنە کووخی پیرەمێردی یەکەم. ئەویش وەکوو ئەوانی تر بە گەرمی پێشوازی کردن و ئەوەندەی (میدوا) بە وردی سەیری گۆشەو کەناری چادرەکەی کرد، ئەو مەنجەڵە بێدەنگەی نەدی کە لە هاتنی ئەوەندە بە چاکی بەخێری هێناو خزمەتی کرد. پیرەمێرد کە دیتی (میدوا) سەیری ئەو لا دەکا، زەردەیەکی هاتیٚ، بەلاٚم هیچی نەگوت.

لە سەفەرەکەیان بەردەوام بوون، گەیشتنە دووەمین گوند کە میدوا لە تاقیب کردنی قووی سوور ریٚی پیٚ کەوت. پاسەوان خەڵکەکەی ئاگادار کردەوەو (میدوا)یان بەرەو چادری سەرۆکی خێڵ رێنمایی کرد.

سەرۆکی خێڵ، ئاماژەی بۆ شوێنێکی نزیك کچەکەی کردو گوتی:

- لەویٚ دانیشە، زاوای ئازیزم!

ئینجا رووی کردە قووی سوورو گوتی:

- هەروەها ئێوەیش.

کچی سەرۆك خێڵ خەریکی رەنگ کردنی قوماش بوو. ئاگاداری میوانەکان نەبوو. بگرە هەر سەریشی بلند نەکرد. لە هەمان کاتدا سەرۆکی خێڵ گوتی:

- یەکیٚ کەرەستەی سەفەری زاوامان بێنیٚ.

کاتیٚ کەرەستەی سەفەریان لەبەردەم (میدوا) دانا، (میدوا) یەکیٚ لە کیسەکانی کردەوە، کیسەکە پڕ بوو لە چەندین جۆرو تەرزە دیاری بە نرخ، وەکوو: کلاٚوی پێست سوورانەو چلوبەرگ و خشلی بە نرخ. (میدوا) ئەم دیارییانەی پێشکەش سەرۆکی خێڵ کرد. کچی سەرۆکی خێڵ، بە دزی سەرنجێکی لەم دیارییە

گرانبەهایانەو ئینجا لە (میدوا)و هاوسەرە قۆزەکەی دا. دەستی لە کار هەلگرتو بە درێژایی شەو بێ دەنگ بوو. هەر بیری کردەوە.

سەرۆکی خێڵیش لەگەڵ (میدوا)دا باسی ئەو رووداوانەی کرد کە بە سەری هاتبووو پیرۆزبایی سەرکەوتنی لێ کردو لە کۆتاییدا پێی گوت سبەی سبەینێ دەبێ کچەکەی ئەمیش لەگەڵ خۆیان ببەن.

(میدوا) وەلآمی دایەوە:

- جێگای خۆشحاڵییە.

ئینجا سەرۆکی خێڵ بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- کچم، خۆت ئامادە کە. سبەی سبەینێ لەگەڵی بچۆ. تۆ مێرد بە یەکێ لە براکانی دەکەی.

(میدوا)و قووی سوورو کچی سەرۆکی خێڵ، رۆژی پاشی لەگەڵ گەردو گۆلی بەیانی، بە دەم دوعاو خێری دۆستە نوێکانیان گوندیان بە جێ هێشت.

بەرە بەری رۆژاوا گەیشتنە یەکەم دێ کە (میدوا) شەو تێدا مایەوە.

دیسان پاسەوان هاتنی ئەمانەی راگەیاندو هەموو بە گەورەو بچووکەوە بۆ دیدەنییان لە ماڵ هاتنە دەرەوە. دیسان چوونە چادری سەرۆکی خێڵ. سەرۆکی خێڵ بەخێرهاتنی کردنو گوتی:

- زاوای ئازیزم! بەخێرهاتی.

ئینجا داوای لە (میدوا) کرد لە تەك کچەکەی دابنیشێ. دوو ژنە گەنجەکەی هاورێشی دانیشتن.

دوای پشوودان، (میدوا) سبیلێکی کێشاو سەرۆکی خێل داوای لێ کرد بەسەرهاتەکانی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ناو چادرەکە کۆ ببوونەوە، بگێڕێتەوە

(میدوا) هەموو هەقایەتەکەی گێڕایەوە. کە گەیشتە ئەو بەشەی پەیوەندی بە قووی سوورەوە هەبوو، سەراپای ئامادەبووان، بە سەرسامیو ستایشەوە تەماشای قووی سووریان کرد چونکە زۆر جوان بوو. ئینجا سەرۆکی خێڵ بە (میدوا) ی گوت براکانی بە دوایدا هاتنە گوندەکەی ئەمان، بەڵام پێش ماوەیەك رۆیشتن چونکە ئیتر ئومێدیان بە دیتنەوەی نەما. سەرۆکی خێڵ بەردەوام بوو. گوتی:

بەڵام تۆ گەنجێکی ئازای، بەختو بەختەوەریی یارو یاوەرتە. کچەکەی منیش ببەو لە برایەکی خۆتی مارە بکە. بەم جۆرە پەیوەندی نێوانمان لە جاران پتەوتر دەبێ.

کاتێ (میدوا) ئامادەبوو بڕوا، هەندێ دیاری بە نرخی پێشکەش بە سەرۆکی خێڵ کردو داوای لە ئەندامانی خانەوادەکەی کرد لەم سەفەرەدا یاوەری بکەنو جێ راوگەی خۆیو براکانی ببیننو هەرێی پێدان کە لەوێ گیانداری راوی زۆریان دەست دەکەوێ. ئەوانیش قبووڵیان کردو بەیانی رۆژی پاشی تاقمێکی زۆر کۆبوونەوەو بەگەڵ (میدوا) کەوتن. سەرۆکی خێڵ لەگەڵ تاقمە جەنگاوەرێکی خۆی تا ماوەیەکی دوور بە ڕێی کردن. سەرۆکی خێڵ لە گەڕانەوەدا، قسەی بۆ دەستو پێوەندەکانی کردو لە (رۆحی مەزن) پاڕایەوە بەرەکەت باوێتە ژیانی (میدوا)و خانەوادەو دۆستانی.

دوو تاقمەکە لە یەك دابڕانو بە درێژایی ئەو دەشتە کەوتنە ڕێو هەر تاقمێك، لە کاتێکا کە پەڕی سەکڵاویان لەبەر تیشکی خۆر دەدرەوشایەوەو دەنگی تەپڵیان تا دوور دەڕۆیشت، ڕێی خۆیان گرتە بەر.

دوای چەندین ڕۆژ سەفەر، سەرەنجام، (میدوا)و هاوڕێکانی نزیک ماڵی خۆیان بوونەوە. یاوەرەکانی لەناو لێڕ پشوویان داو ئەو بە تەنێ چووە دیدەنی براکانی.

(میدوا) چووەوە ناو چادرەکەیان. دیتی هەموو شتێ ڕژابووە ناو یەکترو تێکەڵو پێکەڵ ببووو ژوور پڕ بوو لە بووڵیو خۆڵەمێش. لە لایەکی چادرەکە، برای گەورەی لەناو سەرەبزۆتان، لەسەر زەوی پاڵ کەوتبوو. دەمو چاوی خۆی رەش کردبوو، بە دەنگی بەرز دەگریا. لە لاکەی تر، برای ناوەنجی واتە (جیك ویز) دانیشتبوو دەمو چاوی خۆی رەش کردبوو، سەری خۆی بە پەڕی قوو داپۆشی بوو. ئەوەندە سەیرو سەمەرە بوو، (میدوا) کە دیتی، پێکەنینی رانەوەستا.

(جیك ویز) بە جۆرێ لە ماتەم نقووم ببوو، ئاگای لە هاتنی برای نەبوو. بەڵام برای گەورە سەری بڵند کردو میدوای ناسیو لە شوێن خۆی دەرپەڕی. دەستی گوشی. دەمو دووی ماچ کردو بە گەڕانەوەی شاگەشکە بوو.

راستییەکەی، ئەوان لێیان مسۆگەر بوو (میدوا) مردووەو چەند حەفتەیەك پرسەیان بۆ دانا بوو.

(میدوا) باسی کرد بە خۆو بە دەستو دیارییەکی زۆر گەڕاوەتەوەو یەکەو هاوسەری بۆ ئەوانیش هێناوە. (جیك ویز) لە شوێنی خۆی هەستاو هەر رایکرد بۆ بەر دەرگاو سەیری دەرەوەی کرد بۆ ئەوەی میوانەکان ببینێ. ئینجا بۆ پێشوازی کردن لە برای دەستی بە هەڵبەزو دابەزو پێکەنینو هەڵپەڕین کرد.

(میدوا) بە براکانی گوت خۆیان بشۆنو چادرەکە رێك بخەن. خۆیشی دەستی پێ کرد کەرەستەکانی سەفەرەکەی دەرهێنا. یەکێ لەو دیارییە بە نرخانەی جادووکەرە گەنجەکە پێشکەشی کردبوو، مەنجەڵە گەورەو هەڵەوەڕەکە بوو. کیسەی پیرەمێردی سێیەم، مەنجەڵی گۆرانیبێژی تێدا بوو. دیاری

پیرەمێردی دووەم، هەمان مەنجەڵی زبرو زرنگ بوو. هەروەها دیاری پیرەمێردی یەکەمیش مەنجەڵە گەورەو بێدەنگەکە بوو.

(میدوا) بیری کردەوە چ دیارییەکی بە نرخیان پێشکەش کردووە؟ کاتێ (میدوا) خەریکی کردنەوەی کەرەستەکانی سەفەرەکەی بوو، (جیك ویز) بە هەڵبەزو دابەز دەستی بە شووشتنی سەرو دەمو چاوی خۆی کرد. بەڵام هەر ناو بە ناو سەری خۆی، کە لایەکی پاكو لاکەی تری پڕ کوركو پەڕی قوو بوو، لە ناو چادرەکە دەبردە دەرێو تەماشای ژنە گەنجەکانی دەکردو دەیگوت:

- ئەمەیان هی منە، نەء ئەوەیان هی منە!

کە چادرەکە رێك خرا، (میدوا) چووە دەرەوە بۆ ئەوەی ژنە گەنجەکانو هاوڕێکانی تر بێنێتە ژوورەوە. کاتێ کە هەموو دانیشتن، (میدوا) گوتی:

ئەم ژنانەم لەگەڵ خۆم هێناوە بۆ ئەوەی زەماوەند لەگەڵ ئێوە بکەن. ئێستا هەر یەکێ لەمانە دەدەم بە یەکێکتان. ئینجا کچی سەرۆکی خێڵی یەکەمی دایە برا گەورەکەی. پاشان کچی دووەمی دایە (جیك ویز)و گوتی:

- برام، ئەمەش هاوسەری تۆ، هیوادارم بەختەوەر بیت!

جیك ویز دەتگوت هەست بە شەرمەزاری دەکا، سەری دانەواند بوو، بەڵام هەر ناو بە ناو جارێ بە دزی تەماشایەکی هاوسەری خۆیو هەروەها ژنەکانی تری دەکرد. دوای ماوەیەك، چووە لای ژنەکەیو کە رووی کرایەوە، بە جۆرێ رەفتاری دەکرد دەتگوت ساڵەهای ساڵە زەماوەندی لەگەڵ کردووە.

(میدوا)، کە هەستی کرد هیچ جۆرە تەدارەکێك بۆ پێشوازی میوانان رێك نەخراوە. گوتی:

- ئەرێ بڕیار نییە شێو بخۆین؟

(میدوا) هێشتا ئەم قسەیەی لە دەم نەهاتبووە دەرێ، مەنجەڵی بێدەنگ لە گۆشەیەك هاتە دەرێو چووە لای ئاگرو خێرا دەستی بە کوڵان کرد. هەر زوو

مەنجەڵی گەورەو هەڵەوەڕیش خۆی دایە پاڵو رووی قسەی کردە (میدوا)و گوتی:

- هەر ئێستا ئامادە دەبێ، جەناب!

ئینجا مەنجەڵی بچووکی پڕ جووڵەو جۆش بە سەماکردن لە گۆشەیەکی تر هاتە دەرێو بازی دایە لاکەی ترو بەشداری ئامادەکردنی شێوی کرد. کە هات هەموو شتێ ئامادە بوو، دەنگی گۆرانییەکی ناسك لە گۆشەیەکی چادرەکەوە هات. ئەمە مەنجەڵی چوارەم بوو بە دەم چوونە لای ئاگردانەوە گۆرانی خۆشی دەگوت. ئەویش چوو خۆی دایە پاڵ سێ مەنجەڵەکەی پێشوو.

ئەوەندەی پێ نەچوو مەنجەڵی گەورە چووە لای (میدوا)و بە دڵنیایی رایگەیاند:

- شێو ئامادەیە.

زیافەتێکی زۆر خۆش بوو. هەموو برسی بوونو زۆر بە پەرۆشەوە کەوچکیان لە ناو مەنجەڵەکان رادەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەرای زۆری میوانان، مەنجەڵەکان هەمیشە هەر پڕ بوون.

(میدوا)و هاوڕێکانی ماوەیەك بەو پەڕی ئارامی ژیان. هەر یەکە چادرێکی بۆ خۆی هەڵداو ژمارەیان زیادی کرد. زۆر منداڵیان بوو. هەموو شتێکیان لە بڕان بوو.

بەڵام رۆژێ، دوو برا کەی تر دەستیان بە خراپەو بەدکاری کرد لەگەڵ (میدوا). سەرکۆنەیان کرد کە تیری جادوویی لە کیسەی دەرمانی باوکی رەحمەتییان دەرهێناوە. سەرکۆنەکەیان بە تایبەتی سەبارەت بە بزر بوونی تیری سێیەم بوو.

(میدوا) به بێ دەنگی گوێی دایە قسەکانیان، ئینجا پێی گوتن کە خۆی دەچێتە تاقیبی تیرە ونبووەکەو دەیهێنێتەوە.

بەیانی رۆژی پاشی، (میدوا) قسەی خۆی هێنایە جێ، سەری هەلگرتو رۆیشت.

(میدوا) ماوەیەکی زۆر سەفەری کرد، هیچ ئومێدێکی بە دۆزینەوەی ئەو تیرە بەنرخە نەبوو. سەیری دەوروبەری خۆی کرد، درزێکی لە سەر رووی زەوی بینی. لە درزەکە چووە خوارێ، رێگایەکی باریك بوو، دەچووە (هەوارگەی رۆحان). دیمەنەکانی دەورو بەری زۆر جوانو دڵرفێن بوون. لەوەرگای ئێرە لە هەموو شوێنێ سەوزترو ئاسمانەکەی لە ئاسمانی سەر زەوی شینتر بوو. ئەم ئاسمانە ئەوەندە بەرینو فراوان بوو چاو بڕی نەدەکرد. جگە لەمەش جۆرەها گیانداری جیاوازی بە رەوەی گەورەی بینی. یەکەم رەوەی تووشیان هات، گامێش بوون. زۆری پێ سەیر بوو کە دیتی ئەمانە قسەی لەگەڵ دەکەن.

گامێشەکان لێیان پرسی بۆچی هاتووە؟و چۆن لە درزەکە چۆتە خوارێ؟و چۆن زاتی کردووە بچێتە هەوارگەی مردووان؟

(میدوا) وەڵامی دایەوە کە تیرێکی جادوویی بزر کردووەو بە دوای ئەو تیرەدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی رقی براکانی بنیشێنێتەوە. سەردەستەی گامێشەکان گوتی:

- زۆر باشە، دەزانین.

وەك ئەوەی خۆیو هاوڕێکانی ترسابن، نەختێ لە (میدوا) دوورکەوتنەوە. (رۆحی) گامێشەکە بەردەوام بوو، گوتی:

- تۆ هاتوویتە شوێنێ تا ئێستا هیچ مرۆڤێکی زیندوو پێی پێ نەکەوتووە. یەکسەر بگەڕێوە ئەو شوێنەی لێی دەژی. براکانت بە بیانوو بۆ دۆزینەوەی تیری جادوویی رەوانەیان کردووی. مەبەستیان ئەوەیە دەست بەسەر ژنە جوانەکەت،

واتە: قووی سوور، دابگرن. خێرا بگەڕێوە ماڵێ! دەبینی تیرە جادووییەکە لەبەر دەرگای چادرەکەتانە. تۆ تەمەنت زۆر درێژ دەبێو لەو پەڕی خۆشبەختیدا دەمری. تۆ ناتوانی لە وڵاتی ئێمە لەوە زیاتر بڕۆی.

(میدوا) بە دەم بیر کردنەوە، سەیری لای رۆژاوای کردو رووناکییەکی درەخشانی بینی. دەتگوت خۆرەو بە هەموو شکۆمەندیی خۆیەوە دەدرەوشێتەوە، بەڵام چ خۆر دیار نەبوو، پرسی:

- ئەو رووناکییە چییە؟

سەردەستەی گامێشەکان گوتی:

- ئەمە شوێنی ژیانی پیاو چاکانە.

(میدوا) سەر لە نوێ پرسیاری کرد:

- ئەی ئەم هەورە رەشە چییە؟

گامێش وەڵامی دایەوە:

- ئەمە نیشتمانی کەسانی بەدکارە.

هەورە رەشەکە ئەوەندە رەشو تاری بوو، کە (میدوا)تەماشای کرد، چاوی ژانی کرد.

(میدوا) جارێکی تر بە یارمەتی (رۆحی پارێزەر)ی خۆی، گەڕایەوە سەر رووی زەویو تەماشای خۆری کرد وەکوو هەمیشە دەدرەوشایەوە.

ئایا (میدوا) لە وڵاتی مردواندا چ شتی تری زانیو چی تری دەست کەوت، ئەمە کەس نایزانێ، چونکە (میدوا)، هەرگیز لەم بارەیەوە قسەی بۆ کەس نەکردووە.

(میدوا)، دوای گەڕانەوە سەر زەویو کۆکردنەوەی زانیاری بۆ خۆشبەختیی رۆڵەکانی خێڵەکەی و زیادکردنی ئیسراحەتیان، شەوێ لە گوندی خۆی نزیک کەوتەوە.

به ناو هەموو چادرەکاندا تێپەڕی. گەیشتەوە بەر دەرگای چادری خۆیان‌و هەر وەکوو پێیان گوتبوو، تیرە جادوویەکەی لەبەر دەرگا بینی. گوێی لە دەنگی بڵندی براکانی بوو، لەسەر دەست بەسەرداگرتنی قووی سوور مشت‌و مڕیان بوو. قووی سوور بە درێژایی ئەم ماوەیە، وەفاداری (میدوا) بوو، زۆر بە غەم‌و خەفەتەوە چاوەڕوانی هاتنەوەی دەکرد. (میدوا) بە شەرم‌و غەمەوە گوێی لە قسەی براکانی راگرت.

لە رکان سوور هەلگەڕاو سەری قیت کردەوەو خۆی کرد بە ناو چادرەکەدا، بەڵام هیچ قسەی نەکرد. (میدوا) تیری جادوویی لەبەر کەمان ناو ویستی براکانی بکوژێ. لەو کاتەدا مەنجەڵی هەڵەوەڕ هاتە پێشەوەو ئەوەندە ژیرانە قسەی بۆ (میدوا) کرد، (میدوا) کەوانەکەی نایە لاوە. مەنجەڵی سترانبێژیش گۆرانییەکی ئەوەندە هێمن‌و ئارامی بە وریندگە وریندگ چڕی، برا تاوانبارەکان زۆر لە نیازی پیسی خۆیان پەشیمان بوونەوە. قووی سوور بەخشندەیی‌و میهرەبانییەکی زۆری نواند. مەنجەڵی بێدەنگ یەکسەر خواردنێکی زۆری ئامادە کردو مەنجەڵی بچووکی زبرو زرنگیش بە شادی‌و خۆشی کەوتە سەما.

(میدوا) بڕیاری دا لە براکانی خۆش ببێ.
کە تیرە جادووییەکان گەڕانەوە ناو کیسەی دەرمانی خۆیان، لە سەراپای وڵاتی پێست سوورەکان هیچ خانەوادەیەك نەبوو لەو سێ برایە بەختەوەر تر.

براکان بۆ هەمیشەو هەتا هەتایە بەو پەڕی خۆشەویستی لەگەڵ یەکتر ژیان.

برای چاك ئاوها دەبێ!!

* * *

(٩)

## چۆن هاوین داهات؟

(شکۆی بەیانی) لە زستان بێزار ببوو. خۆزگەی دەخواست: دەنا بەهار دابهاتایە!! هەندێ جار وا دەردەکەوت بای باکووری پیرو هۆڤی ئیتر ناگەڕێتەوە ماڵی خۆی لە وڵاتی شەختەبەند. بای باکوور بە هەناسەی ساردی خۆی، ئاوی دەریاچەی گەورەی (گیچە گۆمی) کردبووە بەستەڵەکو بەفرێکی زۆری دەسەر کرد بوو، بە جۆرێ رووی ئاوەکە لەگەڵ وشکاتی لێك نەدەکرایەوە. جگە لە دارکاژی سەوزو درەخشان، سەراپای دونیا سپی دەچۆوە، دونیایەکی کپو بێ دەنگ بوو. هیچ دەنگی شوڕە شوڕی خۆشی ئاوو گۆرانی باڵندە نەدەهات.

(شکۆی بەیانی) ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

ئەم (ئو پی چی) واتە: (سینە سوور)ە، هەرگیز نایەوێ بگەڕێتەوە؟

بێنه بەر چاوت هاوین له هیچ شوێنێ نەبێو (بای باشوور)یش هەڵ نەکا بۆ ئەوەی بنەوشەو کۆتر لەگەڵ خۆی بێنێ، ئەرێ توخوا یاگۆ! شتێکی ترسناك نییە؟

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە، گوتی:

- سەبرت هەبێ (شکۆی بەیانی)، بەم زوانە گوێت له دەنگی (واوا) واتە: (قازی کێوی) دەبێ زۆر له بڵندانەوە بەرەو باکوور دەڕوا. من بە درێژایی ژیانی خۆم زۆر مانگم بە چاو دیوە. هەندێ جار وا دەکەوێتە بەر چاو کە هاتنی (واوا) ماوەیەکی زۆری پێ چووە ، بەڵام هەمیشە هەر دێ. کە گوێت لە دەنگی بوو، یەقین بزانە (سینە سوور)یش زۆر لێرە دوور نییە.

(شکۆی بەیانی) گوتی:

- هەوڵ دەدەم بە سەبر بم، بەڵام (بای باکوور)، زۆر توندو بێ بەزەییە. ناتوانم بیری لێ بکەمەوە ئەگەر بێتو لە پڕ هێزێکی وا پەیدا بکا بتوانێ بە یەکجاری لێرە ئاکنجی بێ. هەر بیری لێ بکەمەوە موچڕکم بە لەش دادێ.

یاگۆ لەبەر ئاگر هەستا. پەردەی دەرگای لادا. پەردەکە لە پێستی گامێش دروست کرابوو بە دەرگایان دادەدا. ئاماژەی بۆ ئاسمانی ساماڵو پڕ ئەستێرەی جریوەدار کردو گوتی:

- سەیر کە! سەیری لای باکوور بکە، سەیری ئەو هێشووە پڕ ئەستێرە بچووکە بکە، دەزانی بەمە دەڵێن چی؟

(پەڕی هەڵۆ) گوتی:

- من دەزانم بەم کۆمەڵە ئەستێرەیە دەڵێن (ئۆجیگ ئانونگ) واتە (ئەستێرەی خەز).

ئەگەر باش تەماشای بکەی، دەبینی. لەسەر شکلی خەزدایە، خەزەکە خەوتووەو تیرێکی لە کلکی چەقیوە. خوچە تەماشا کە!

(شکۆی بەیانی) قسەکەی دووبارە کردەوە:

- خەز! مەبەستت ئەو گیاندارە تووکنە بچووکەیە؟ کە شتێکە لە رێوی دەکا، ئایا (سمۆرە)یشی پێ نالێن؟

(پەڕی هەلۆ) گوتی:

بەڵێ، خۆیەتی.

(شکۆی بەیانی) سەری لەقاندو گوتی:

- بەڵێ، دەزانم. بەلام ئەوە بۆچی بەو تیرەی لە کلکی چەقیوە لەو گۆشەیەی ئاسمان راکشاوە؟

(پەڕی هەلۆ) گوتی:

- بە تەواوی نازانم بۆچی! وا بزانم هەندێ راوچی بە دواوە بووە. لەوانەیە (یاگۆ) بتوانێ پێمان بڵێ.

(یاگۆ)پەردەی دادایەوەو گەڕایەوە لای ئاگرەکە.

رووی کردە (شکۆی بەیانی)و گوتی:

- ئەوەی بە مێشکت دا هاتووە لەوانەیە ئەو سەردەمە هەبوو بێ کە هاوین لەسەر زەوی نەبوو. راستە ئەمەش بۆ ئەوەی (ئۆجیگ)، یان خەز رێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هاوین لە ئاسمانەوە بێنێتە سەر زەوی. زەوی هەمووی یەك پارچە بەفر بوو. هەمیشە ساردو سەرما بوو. ئەگەر (ئۆجیگ) ئامادە نەبوایە ژیانی خۆی بکا بە قوربانی ئێمە بۆ ئەوەی ئێمە گەرم بینەوە، (بای باکوور) وەکوو ولاتی شەختەبەند لە سەرانسەری جیهان فەرمانڕەوایی دەکرد.

ئەوسا (شکۆی بەیانی)و (پەڕی هەڵۆ) لە سەر رایەخێ دانیشتن کاتی خۆی بەرگی زستانەی (هوك وا) واتە: (ورچ) بوو. (یاگۆ) بەم جۆرە دەستی بەو هەقایەتە کرد کە ئایا هاوین چۆن داهات:

- سەردەمانێ لە لێرەواره سەختو عاسێکانی سنووری دەریاچەی گەورە، راوچییەکی هۆزان هەبوو بە ناوی (ئۆجیگ). هیچ کەس وەکوو ئەو باش شارەزای لێرەوار نەبوو. ئەو لێرە لێرێکی وا بوو خەڵك بە بێ شوون پێ، تێیدا گوم دەبوون، بەڵام ئەو، چ بە رۆژو چ بە شەو لەناو ریزە درەختی چڕو بێ رێگاو بنە پرچكو دەوەنی تێك ئاڵاوی ژێریانەوە، بە خێراییو بە ئاسانی رێگای خۆی دەدۆزییەوە. شووری سوور بۆ هەر کوێ رایبکردایە، ئەم شوێنی دەکەوت. بگرە ورچیش نەیدەتوانی لە دەست راوەدوونانی خێرای رزگاری ببێ. ئەم، کە هەستی بە مەترسی دەکرد فێڵی رێویو خۆڕاگریی گورگو خێرایی چرگی هەبوو.

تیری (ئوجیگ) هەمیشە نیشانی دەپێکا. ( ئوجیگ) کە دەچووە سەفەر لە هیچ کرێوەو زریانو بەفرێك نەدەپرینگایەوە. هەر کارێکی بیگوتبایە دەیکەم، دەیکردو بە چاکیش دەرەقەتی دەهات.

زۆر کەس بڕوایان وا بوو ئەمە (مانیتو)یە واتە: (پیاوێکی پیرۆز)و هێزێکی سەرووی سرووشتی هەیە. بگرە دەتوانین بە دڵنیاییەوە وا بڵێین، چونکە هەر کاتێ بیویستایە دەیتوانی خۆی بخاتە سەر شکڵی گیاندارێکی بچووکی وەکوو خەز یان سمۆرە. رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ برادەرایەتی لەگەڵ هەندێ گیاندارردا هەبوو لە کاتی پێویستیدا هەمیشە بە پەرۆشەوە یارمەتییان دەدا. لەو گیاندارانە وەکوو: سمۆرەی ئاویو سەگی ئاویو پشیلەی کێویو گۆڕهەڵکەنەو خەز. وەکوو پاشان دەبینین، سەر دەمێ داهات زۆر پێویستی بە یارمەتی ئەو گیاندارانە بوو. ئەوانیش هیچ کات لە یارمەتی دانی کەمتەرخەمییان نەدەکرد.

(ئۆجیگ) هاوسەرێکی هەبوو، زۆری لە لا ئازیز بوو. کوڕێکی سێزدە ساڵەیشی هەبوو پەیمانی دابوو وەکوو باوکی ببێ بە راوچییەکی گەورە. ئەو پێشتر لێهاتوویی خۆی لە بەکارهێنانی تیرو کەوان نیشان دا بوو. ئەگەر رووداوێ بهاتایە پێشەوەو (ئۆجیگ) نەیتوانیایە بچێتە راوو خواردن بۆ ماڵەوە پەیدا بکا، کوڕەکەی دڵنیا بوو دەتوانێ بە تەنێ چەندین سمۆرەو عەلەشیش راو بکا بۆ ئەوەی لە برسان نەمرن. ئەو گۆشت ئاسكو ورچو چرگەی (ئوجیگ) دەیهێنایەوە، بایی ئازووقەی خواردنی ماڵەوەی دەکرد. ئەگەر لەبەر سەرما نەبوایە، کوڕەکەی (ئوجیگ) زۆر بەو ژیانە رازی بوو. بۆ جلو بەرگی گەرم کەوڵە خەزو شووریان هەبوو. بۆ ئاگری بەردەوامی ماڵەوەش، سەراپای داری لێریان لەبەر دەستدا بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا سەرما گرفتێکی گەورە بوو. چونکە هەمیشە هەر زستان بوو، رنییە بەفر هیچ گاوێ نەدەتوایەوە.

چەند پیرەمێردێکی ئاقڵ بیستبوویان ئاسمان تەنیا ساپیتەی سەر دونیای ئێمە نییە، بەڵکوو دونیایەکی لەم سەر زەمینە جوانتریش هەیە. لەو دونیا باڵندەی پەڕ نەخشین لە وەرزێکی گەرمو دڵپەسەندا، بە ناوی (هاوین)، گۆرانی خۆش دەچڕن.

ئەمە هەقایەتێکی زۆر خۆش بوو خەڵك حەزیان دەکرد باوەڕی پێ بکەنو بە شتێکی شیاوی بزانن. بە تایبەتی کە بیریان دەکردەوە خۆر زۆر لە زەوییەوە دوورەو زۆر لە ئاسمانەوە نزیکە.

کوڕەکەی (ئۆجیگ) خەوی بەوەوە دەدیو بیری لەوە دەکردەوە چ بکەن باشە. باوکی دەیتوانی هەموو کارێك بکا. هەندێ کەس دەیانگوت ئەمە (مانیتۆ)یە. بۆی هەیە باوکی بتوانێ رێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هاوین بێنێتە سەر زەویو ئەمەش باشترین کارە مرۆڤ بیکا.

هەندێ جار دونیا ئەوەندە سارد دەبوو، کوڕە پەنجەی سڕ دەبوو، نەیدەتوانی تیر بخاتە بەر کەوانو ناچار دەبوو بە بێ نێچیر بێتەوە ماڵێ. ڕۆژێ، تا ماوەیەکی دوور داکشایە ناو لێڕو بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە. سمۆرەیەکی سووری دی، لەسەر کۆتەرە دارێك، لەسەر قاچ وەستا بوو، خەریکی خواردنی بەری دارکاژ بوو. کە ڕاوچییە گەنجەکە لێی نزیك کەوتەوە، سمۆرەکە هەڵنەهات، گوتی:

- نەوەی ئازیزم! شتێ هەیە دەمەوێ پێت بڵێم، تۆ بە بیستنی خۆشحاڵ دەبی. کەوانەکەت بخەرە لاوە. تیر لە من مەگرە. من چەند ئامۆژگارییەکم بۆ تۆ هەیە.

کوڕە، بە سەرسامی ژێی کەوانەکەی شل کردەوەو تیرەکەی خستەوە ناو تیردان.

سمۆرە بەردەوام بوو:

- ئێستا بە وردی گوێ بگرە چت پێ دەڵێم. زەوی هەمیشە بە بەفر داپۆشراوەو سەرما ئەنگوستت دەگەزێو نارەحەتت دەکا. منیش وەکوو تۆ لە سەرما بێزارم. ڕاستی، لەم لێڕەدا کە زەوی هەمیشە بەستەڵەکە، هیچم دەست ناکەوێ بیخۆم. دەبینی چەند لەڕو لاوازم، چونکە بەری دار کاژ چەوراتی زۆر نییە. ئەگەر یەکێ بتوانێ کارێکی وا بکا هاوین لە ئاسمانەوە بێتە سەر زەوی، هەموو عالەم ڕەحمەتی بۆ دەنێرێ.

کوڕەکە گوتی:

- کەواتە ڕاستە، لاکەی تری ئاسمان، وڵاتێکی گەرمو خۆشی لێیە، جێگایەکە زستان تەنیا چەند مانگێك لەوێ دەمێنێتەوە؟

سمۆرە گوتی:

- بەڵێ، ڕاستە. ئێمەی گیاندار لەمێژە ئەمە دەزانین. (لەکن ئوو) واتە (هەڵۆی جەنگاوەر)، کە تا نزیک خۆر بەرز دەبێتەوە، جارێکیان درزێکی بچووکی لە ئاسماندا بینی بوو. (وای واسی مو) واتە، (چەخماخە) ئەم درزەی تێ کردبوو. جارێکیان تۆفانێکی گەورە هەستاو سەراپای زەوی بە بن ئاو کەوت. (لەکن ئوو) یان( هەڵۆی جەنگاوەر) هەستی بەو گەرمایە کرد کە لەو درزەوە دەهاتە دەرێ. بەڵام ئەو خەڵکەی لە لاکەی تری ئاسمان دەژیان، درزەکەیان پڕکردەوە. لەوسا بە دواوە ئاسمان هیچ کونی تێدا نییە تا هەوای گەرمی پێدا بێتە دەرەوە.

کەواتە پیرەمێردە ژیرەکان ڕاست دەکەن. (ئۆجیگ) ی باوکم هەر کارێکی بیەوێ دەتوانێ بیکا. ئایا لەو باوەڕەدای ئەگەر باوکم هەوڵ بدا، بتوانێ لە ئاسمان بپەڕێتەوە ئەو لاو هاوینمان بۆ بێنێ.

سمۆرە هاواری کردو گوتی:

- هەڵبەت. ئاخر هەر بۆ ئەوە بوو من ئەم شتانەم پێ گوتی. باوکی تۆ پیاوێکی پیرۆزە. ئەگەر تۆ تەواو پێ دابگریو پێی بڵێی چەند لەم بارە ناڕەحەتی، بێ شك هەوڵێك دەدا. کە گەڕایتەوە ئەنگوستە سڕبووەکانی خۆتی پیشان بدە، پێی بڵێ چۆن ڕۆژێکی تەواو لەناو بەفردا گیرت خواردو چەند بە زەحمەت ڕێگای ماڵەوەت دۆزییەوە. پێی بڵێ ئاخیری ڕۆژەك دادێ لەسەرمان دەبی بە شەختەو ئیتر ناگەڕێیتەوە ماڵەوە. بێ شك داواکەت جێ بەجێ دەکا، چونکە تۆی زۆر خۆش دەوێ.

کوڕە سوپاسی سمۆرەی کردو بەڵێنی دا بە قسەی بکا. ئیتر لەو ڕۆژەوە، ڕاحەتی لە باوکی هەڵگرت.

سەرەنجام (ئۆجیگ) پێی گوت:

- کوڕم، ئەو ئیشەی تۆ لە منی داوا دەکەی زۆر پێزەڤەنگو ترسناکە. نازانم ئەنجامی چ دەبێ؟ بەڵام من (مانیتۆ)یەکی پیرۆزم، توانایەکی چاکم پێ دراوە بۆ

کاری چاك بە کاری بێنم. باشترین سوود کە بتوانم لێی وەربگرم ئەوەیە هاوین بۆ سەر زەوی بێنم بۆ ئەوەی دنیا بۆ ژیان خۆشتر بکەم.

ئەوسا ئاهەنگێکی سازداو سمۆرەی ئاویو سەگی ئاویو پشیلەی کێویو گۆڕهەڵکەنو خەزی بۆ ئەم ئاهەنگە داوەت کرد. ئەمانە لە بەینی خۆیانەوە راوێژیان کرد بۆ ئەوەی بزانن باشترین کار چییە بیکەن.

پشیلەی کێوی گوێ رەش یەکەم کەس بوو دەستی بە قسە کرد. ئەو بەو پێیە درێژانەی سەفەری بۆ جێی زۆر دوور کردبوو. ولاتی سەیرو سەمەرەی بە چاوی خۆی دیبوو. سەرەڕای ئەمەش، ئەگەر یەکێ چاوی زۆر تیژ بێ، دەتوانێ کۆمەڵە ئەستێرەیەکی بچووك ببینێ پیرەمێردە ژیرەکان دەیانگوت دەق وەکوو پشیلەی کێوی گوێ رەش وایە. بۆیە ئەو لەناو ئەوانی تردا بایەخێکی تایبەتی هەبوو. بەتایبەتی لە مەسەلەیەکی ئاوها. جا کە دەستی بە قسە کرد، ئەوانی تر زۆر بەرێزەوە گوێیان دایە قسەکانی. گوتی:

- چیایەکی بڵند هەیە ئێوە هیچێکتان تا ئێستا نەتاندیوە. تا ئێستا هیچ کەس ترۆپکی ئەو چیایەی نەدیوە، چونکە هەمیشە لەناو هەوردا بزربووە. پێیان گوتووم ئەم چیایە بڵند ترین چیای دونیایەو هەر ئەوەتا سەر لە ئاسمان ناسوێ.

سمۆرەی ئاوی دەستی بە پێکەنین کرد. خۆی تەنیا جانەوەرێك بوو بتوانێ کاری وا بکا.

سمۆرە هەندێ جار هەر لەو گۆڕە پێدەکەنێ چونکە خۆی پێ لە گیاندارانی دی ژیرترە، حەز دەکا خۆی دەربخا.

پشیلەی کێوی پێی گوت:

– بە چ پێدەکەنی؟

سمۆرەی ئاوی گوتی:

- بە هیچ! تەنیا هەر وا پێکەنیم.

پشیلەی کێوی گوتی:

- تۆ ئاخیری بەم کارەتا رۆژێ دێ‌و تووشی دەردەسەرییەك دەبی. تۆ تەنیا لەبەر ئەوەی ناوی ئەم چیایەت نەبیستووە، وا دەزانی چیای وا، نییە.

ئۆجیگ لێی پرسی:

- ئایا دەزانی مرۆڤ چۆن دەتوانێ بگاتە ئەوێ؟ ئەگەر ئێمە بتوانین بەسەر ئەم چیایە بکەوین، لەوانەیە بتوانین رێگایەك بۆ چوونە ناو ئاسمان بدۆزینەوە. پلانێکی چاکە.

پشیلەی کێوی گوتی:

- ئەمە دەق ئەو ئیشەیە کە من بەلامەوە راست بوو. من بە تەواوی نازانم ئەم کێوە لە کوێیە؟ بەلام ماوەی مانگە رێیەك لێرەوە، پیاوێکی پیرۆز هەیە، هەیکەلێکی وەکوو دێوی هەیە. ئەو دەزانێ‌و دەتوانێ پێمان بلێ.

بەم جۆرە، ئۆجیگ مالاوایی لە هاوسەرو کوڕە بچووکەی کردو رۆژی پاشی، لەگەڵ پشیلەی کێوی‌و گیاندارەکانی دی دەستی بەو سەفەرە دوورو درێژەی کرد. پشیلەی گوێ رەش قسەکانی راست دەرچوو. کە ماوەی یەك مانگ شەوو رۆژ رۆیشتن، گەیشتنە چادرێکی پێست سوورەکان. پیاوێکی پیرۆز لەبەر دەرگا وەستا بوو. نێگایەکی پڕ نهێنی هەبوو. ئەوان تا ئێستا شتی وایان نەدی بوو. سەرێکی گەورەی هەبوو سێ چاوی پێوە بوو. چاوی سێیەمی لە تەختی تەوێڵ‌و لەسەر هەر دوو چاوەکانی تری بوو.

کابرا داوەتی کردن بۆ ناو چادرەکەی‌و هەندێ گۆشتی لەبەر دانان، بەلام نیگایەکی ئەوەندە سەیرو هەڵس‌وکەوتێکی ئەوەندە پەشۆکاوی هەبوو، سمۆرەی ئاوی پێکەنینی رانەوەستا. کابرای پیرۆز چاوەکەی سەر تەوێڵی وەکوو

پشكۆیەكی داگیرساو سوور هەلگەڕا. كابرا لە پڕ پەلاماری سمۆرەی ئاوی دا، بەلاّم بەر لەوەی دەستی بگاتێ، سمۆرەی ئاوی، بێ ئەوەی یەك پاروەوە شیوی بە نسیب بێ، دەرپەڕ بۆ ناو سەرماو تاریكیی شەو.

دوای رۆیشتنی سمۆرەی ئاوی، كابرای پیرۆز خۆشنوود بوو. بەوانی تری گوت دەتوانن شەو لەناو چادرەكەی بمێننەوە. ئەوانیش شەو، لەوێ مانەوە. (ئۆجیگ) ئەو شەوە نەنووست. هەستی كرد كابرای پیرۆز لە كاتی نووستندا تەنیا دوو چاوی قەپات دەبێ، چاوی سەر تەوێڵی بە تەواوی بە كراوەیی دەمێنێتەوە.

بەیانی، كابرای پیرۆز بە (ئۆجیگ)ی گوت راستەوخۆ بەرەو ئەستێرەی باكوور سەفەر بكاو بە ماوەی بیست رۆژ دەگاتە چیاكە.

ئینجا گوتی:

- لەبەر ئەوەی تۆ خۆت پیاوێكی پیرۆزی دەتوانی بەسەر ترۆپكی چیاكە بكەوی‌و برادەرەكانیشت لەگەڵ خۆت ببەی، بەلاّم ناتوانم گفتت پێ بدەم ئاخۆ دووبارە لەوێ دێیتە خوارەوە یان نا؟

(ئۆجیگ) وەلاّمی دایەوە:

- ئەگەر ئەم چیایە بە پێی پێویست لە ئاسمانەوە نزیك بێ، ئیتر هیچم ناوێ.

دووبارە كەوتنەوە رێ. لە رێگادا، سمۆرەی ئاوییان دی كە هەر هێندە چاوی پێ كەوتن دیسان دەستی بە پێكەنین كرد، بەلاّم ئەم جارە پێكەنینەكەی لەبەر ئەوە بوو كە هەم بە دیتنەوەی ئەوان‌و هەم بەوەی (ئۆجیگ) هەندێ گۆشتی لە شیوی شەو بۆ گل دابووەوە، كەیفخۆش بوو.

رۆیشتن. بە ماوەی بیست رۆژ گەیشتنە دامێنی چیاكەو دەستیان پێ كرد پێی هەلگەڕان. هەر هەورازترو هەورازتر چوون تا بە تەواوی لە هەور تێپەڕین‌و سەرەنجام لەسەر ترۆپكی چیاكە راوەستان. هەموو هەناسەبڕ ببوون. بۆ ئەوەی

ماندوویان بحەسێتەوەو تاقەتیان بێتەوە بەر، لەسەر بەرزترین ترۆپکی دونیا دانیشتن‌و بەو پەڕی خۆشحاڵی هەستیان کرد ئاسمان ئەوەندە نزیکە دەتوانن دەستی لێ بدەن.

(ئۆجیگ)و هاوڕێکانی سبیلەکانی خۆیان داگرت، بەلام پێش ئەوەی سبیلەکانیان دابگیرسێنن، داوای سەرکەوتنییان لە (رۆحی مەزن) کرد. ئەمەشیان بە پێی رەوشتی پێست سوورەکان ئەنجام دا. واتە بە نیشاردکردن بۆ زەوی‌و ئاسمانی سەر سەرو چوار (با).

کە لە سبیل کێشان بوونەوە، (ئۆجیگ) گوتی:

- ئێستا کامەتان دەتوانێ بازێکی لەوانی دی بەرزتر باوێ؟ سمۆرەی ئاوی ددانی گڕ کردەوە. (ئوجیگ) پێی گوت:

- دە کەواتە تۆ پاز دە!

سمۆرەی ئاوی بازێکی وای هەڵدا سەری بە ئاسمان کەوت، بەلام ئاسمان لە قەدی دوو کەسیش ئەستوورترو پتەوتر بوو. سمۆرەی ئاوی پشتاوپشت بەربووەوە سەر زەوی. کە کەوتە سەر زەوی لەسەر چیا گلۆر بووەوە خوارێ. هەر زوو لە چاو بزر بووو ئیتر نەیاندیتەوە.

پشیلەی گوێ رەش، بە بۆڵە بۆڵ گوتی:

- ئاها! ئێستا خەریکە بە لاکەی تری زاری پێ دەکەنێ.

نۆرەی سەگی ئاوی هات، ئەویش خۆی هەڵداو بە ئاسمان کەوت. بەلام بە هەمو کەلەشی بەربووەوە سەر زەوی. گۆڕهەڵکەن‌و پشیلەی کێویش بەختیان لەوان باشتر نەبوو. سەریان بە ئاسمان دەکەوت ماوەیەك بوو هەر ژانی دەکرد.

(ئوجیگ) رووی کردە (خەز)و گوتی:

- ئێستا هەموو شتێ پەیوەندی بە تۆوە هەیە. تۆ لە هەموویان بەهێزتری. ئامادە بە! ئێستا باز دە!

(خەز) بازێکی هەڵدا بەڵام سپ و ساخ لەسەر پێیەکانی هاتە خوارەوە.

(ئوجیگ) هاواری کرد:

- باشە! دووبارە تاقی بکەوە!

ئەم جارە (خەز) کونێکی لە ئاسمان کرد.

(ئوجیگ) هاواری کرد گوتی:

- خەریکە درز دەبا. دەی جارێکی تریش.

(خەز) بۆ جاری سێیەم بازی داو ئەم جارە لە ئاسمان پەڕییەوە. لەبەر چاوی هەموویان بزر بوو. (ئوجیگ) خێرا بە دوایدا چوو. لەو دیو، ولاتێکی جوانیان لە دەوروبەری خۆیان دی. (ئۆجیگ)، کە سەراپای تەمەنی خۆی لەناو بەفر بردبووە سەر، وەکوو یەکێ خەو ببینێ و خەیاڵ بکا ئەم دیمەنانە راستەقینە نین، ئاوا لە شوێنی خۆی وەستا بوو. ئەو دونیایەی لێی هاتبوو دونیایەکی چۆڵ و رووت و سپی زستانی بوو. ئاوەکەی هەمیشە بەستبووی. دونیایەك بوو، نە رەنگێکی هەبوو، نە ئاوازی باڵندەیێ. ئێستایش پێی نابووە ولاتێکی وا دەشتی گەورەو سەوزی پڕ گوڵی رەنگاو رەنگی لێ بوو. جێگایەکی وابوو باڵندە بە پەڕی درەخشان لەناو چلی پڕ گەڵای درەختی بەرهەم زێڕین گۆرانییان دەگوت. رووبارو سەرچاوەی وای لێ بوو بە ناو لەوەڕگادا تێدەپەڕین و لە دەریاچەی جوانیان دەکردەوە. ئاوو هەوای فێنك بوو. پڕ بوو لە بۆنی ملیۆنەها شکۆفەی هاوینە. چەند کووخێك لە دوورەوە، لە کەناری دەریاچەیەك دیار بوون، هی خەڵکی ئاسمان بوون، بەڵام خانووەکان چۆڵ بوون. بێ ژمار قەفەس و باڵندەی جوانیان بە دەرگاوە هەڵواسرا بوو.

بە ماوەیەکی کەم هەوای گەرمی هاوین بە ناو ئەو کونەی (خەز) دروستی کردبوو، گەیشتە سەر زەویو (ئۆجیگ) خێرا دەرگای قەفەسەکانی کردووە بۆ ئەوەی باڵندەکان بتوانن شوێنی ئەو هەوا گەرمە بکەون.

دانیشتوانی ئاسمان بەم روداوەیان زانیو بە دەنگی بەرز دەستیان بە هاتوهاوار کرد، بەڵام تازە بەهارو هاوینو پایز لەگەڵ باڵندەکان بەناو درزەکەدا هاتبوونە دونیای خوارەوەو (خەز)یش پێش ئەوەی دانیشتوانی ئاسمان بیگرن، دەرفەتەکەی قۆزتەوەو لە درزەکەوە بۆی دەرچوو. بەلام (ئۆجیک) بەختی زۆر باش نەبوو. هێشتا هەندێ باڵندە مابوون دەیزانی کورەکەی حەز دەکا بیانبینێ بۆیە هەر خەریکی کردنەوەی قەفەسەکان بوو، تا دانیشتوانی ئاسمان کونەکەیان گرتو (ئۆجیگ) ئیتر رێگای هەلاتنو گەرانەوەی لەبەر دەمدا نەما.

کە دانیشتوانی ئاسمان کەوتنە تاقیبی، ئەو خۆی خستە سەر شکلی (خەز)و زۆر بە خێرایی بەو دەشتەدا بەرەو باکوور رایکرد. لەو حالەتەدا دەیتوانی خێراتر رابکات. بۆیە کە کەوتە سەر شکلی (خەز) بە هیچ شتێ برینداد نەدەبوو. مەگەر یەك نوقتەی نزیك کلکی بپێکێ. بەلام دانیشتوانی ئاسمان خێراتر رایان کرد، (خەز) چووە سەر درەختێکی بلند. ئەوان تیرهاوێژی هۆزان بوون، زۆر تیریان تێ گرت، تا تیرێك هەمان نوقتەی کوشندەی پێکا. ئەوسا (خەز) تێگەیی کاتی مەرگی هاتووە.

لەو کاتەدا (ئۆجیگ) هەستی کرد هەندێ لە دوژمنەکانی نیشانەی خێڵی ئەمیان هەیە.

(ئۆجیگ) رووی قسەی تێ کردنو گوتی:

- پسمامە ئازیزەکانم! داواتان لێ دەکەم برۆنو وازم لێ بێنن.

دانیشتوانی ئاسمان داواکەیان قبوولٚ کرد. کە ئەوان دوورکەوتنەوە، (خەز) لەسەر درەختەکە هاتە خوارێو ماوەیەك بە دەوری خۆیدا خولی خوارد. بە دوای درزێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی پێدا بگەڕێتەوە سەر زەوی، بەڵام هیچ درزێ نەبوو. ئاخیری هەستی سستیو بێ توانایی دەستی لێ سەند. لەسەر رووی ئاسمان درێژ بوو. بە جۆرێ، کە بتوانێ ئەستێرەکانی دونیای خوارەوە ببینێ.

ئەو حەلە هەناسەیەکی رەزامەندی هەڵکێشاو گوتی:

- من قسەی خۆم هێنایە جێ، کوڕم!!

ئیتر خەڵکی سەر رووی زەوی دەتوانن چێژ لە هاوین وەربگرن. من ساڵەهای ساڵ وەکوو نیشانەیەك لە ئاسمان دەردەکەوم. بەڕێزەوە ناوم بە زمان دەبەنو من لەم بارەوە زۆر خۆشنوودم.

لەو کاتە بە دواوە، (خەز) لە ئاسمان مایەوەو دەتوانین لە شەوێکی سامانٚی سافدا بیبینین تیرێکی بە کلکییەوەیە. پێست سوورەکان بەو ئەستێرانەی لە شێوەی (خەز) دان دەڵێن(ئۆجیگ تانونگ)، بەڵام پێست سپییەکان ناویان لەم ئەستێرانە ناوە (ورچی گەورە)

* * *

# فەرهەنگۆك

ئەو وشانەی زمانی پێست سوورەكان كە لە چیرۆكەكان دا هاتوون:

كابیب ئونوكا : بای باكوور

شاموون داسی : بای باشوور

وا بون : بای رۆژهەڵات

موجە كی ویس : بای رۆژ ئاوا

كوكو كومو : پەپووی زل

ئو پی چی : سینە سوور

واوا : قازی كێوی

لەكن ئو : هەڵۆی جەنگاوەر

وا ئو بەسە : قووی كێوی

بوش کوا دوش : فیل

کای ئووشك : باڵندەی دەریایی

مشا ئومیك : شای سەگلاوان

ئانە می کی : هەورەتریشقە

وا بو سە : کەروێشکی سپی بچکۆڵە

ئونە ئوتا : پشیلەی گوێ رەش

تویی توئیش : باڵندەی باران

کایوت : گورگی چەمەنزار

توتوك ئانولا : کرمی بەندەبەند

کن یو : هەڵۆی کێوی

کوگەبین کواگوا : مشکی زستانە خەو

کاگاگی: قەلەرەش

ئاجی دائو مو : سمۆرە

ئاهمیك : سەگلاو

هوك وا : ورچی سپی

ونیز : خێوی بەد

پووك ووجی : بوونەوەری وردیلە(جنۆکە)

گوجە گەمی : گۆمی گەورە

پکچەر رۆکس : کەوری گەورە

شانە می کی : هەورەتریشقە

وای واسی مو : چەخماخەی چاوسوور

ئوجیگ ئانونگ: کەلووی نەهەنگ، ورچی گەورە، ئەستێرەی خەز

مانیتو واك : لێڕی رۆحان

مانیتو : پیاو چاك ، پیاوی پیرۆز

مانی تو واك : لێڕی روحان

نی نی مووشا : ئازیزەکەم

پیشنه کو: برایان

سیگوان : بەهار

نی نی زوو : ژیانی ئازیزم

موندامین : دەره

شائو گودایا : نەوێرۆك

ساو ساو کوان : هاواری جەنگ

وەرگێڕ

عەزیز گەردی

بەحرکە / ٢٠٠٧

## هەقایەت و ئەفسانە

### کاری وەرگێڕ لە بواری وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی هەقایەت و ئەفسانەدا

<u>یەك: بڵاوکراوە:</u>

١- چیرۆکی بەرئاگردان، ب ١، برایانی گریم، بەغدا،١٩٧٩.

٢- بەرازەوان، هانس کریستیان ئەندرسن، بەغدا، ١٩٧٩.

٣- قورینگ، هانس کریستیان ئەندرسن، بەغدا،١٩٧٩.

٤- جوتیارێکی زیرەك، برایانی گریم، ،١٩٧٩ بەغدا.

٥-چیرۆکەکانی ئیزۆپ، بەغدا، ١٩٨٢.

٦- چیرۆکی بەرئاگردان ب ٢، برایانی گریم، بەغدا، ١٩٨٦.

٧- شازادەی حەڵوافرۆش، سەمەدی بهرەنگی و بهروز دەهقانی، بەغدا، ١٩٨٨.

٨- یەك چیا گەوهەر، (ك. ن –کۆمەڵێ نووسەر)، بەغدا، ١٩٩٩.

٩- ئەفسانەی کوردی، رودێنکۆ، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٠- ئەفسانەو رازی کوردی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١١- کەوێتی دامەنتاری، (ك. ن)، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٢- ئەفسانەی لوڕی، دەروێش رەحمانیان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٣- ئەفسانەی ئەرمەنی، چارلز دونینگ، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٤- درەختی چل داستان، کانیماڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٥- دنکە هەنار، (ك. ن)، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٦- داستانی حوسێنی کوردو چەند هەقایەتێکی تر، (ك. ن)، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٧- ئەفسانەی هەنگاری، ڤال بیرۆ، سلێمانی، ٢٠٠٨ .

١٨- ئەفسانەی سلوڤاکی، پاڤۆل دۆبشینسکی، سلێمانی، ٢٠٠٩

١٩- ئەفسانەی کوردان، ئۆردیخانی جەلیلو جەلیلی جەلیل، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٠- هەقایەتی کوردی، جۆیس بلۆ، سلێمانی، ٢٠١١.

٢١- ئەفسانەی لادێنشینانی کورد، مەنسوور یاقووتی، سلێمانی، ٢٠١١.

٢٢- ئەفسانەی بەغدایی ، هەولێر، ٢٠١١.

٢٣- ئەفسانەی پێست سوورەکانی ئەمریکا، هەولێر، ٢٠١١.

٢٤- تەلخون، هەولێر، ٢٠١١.

دوو: ئامادەکراو:

٢٥- ئەفسانەی چینی

٢٦- ئەفسانەی ژاپۆنی

٢٧- ئەفسانەی ئاستانە

٢٨- ئەفسانەی تورکیایی

٢٩- ئەفسانەی مازەندەرانو تورکمەن سەحرا

٣٠- هەقایەتەکانی مەشدی گەلین خانم

٣١- ئەفسانەی ئەلمانی

٣٢- ئەفسانەی ئەفریقی

٣٣- ئەفسانەی کەنەدایی

٣٤- ئەفسانەی دەری (ئەفغانی)

٣٥- ئەفسانەی هیندی

٣٦- ئەفسانەی گریکی

٣٧- ئەفسانەی عەرەبی

٣٨- ئەفسانەی باشووری ئەمریکا

٣٩- ئەفسانەی فیرعەونی

٤٠- ئەفسانەی ئێرلەندی

٤١- شەبەنگی ئەفسانە (کۆمەڵە ئەفسانەیەکی هەڵبژاردەی جیهانییە)

+ جگە لە تۆمار کردنی زیاتر لە حەفتا شریتی هەقایەتو ئەفسانەی کوردی.

تێبینی: وەرگێڕ ئەم کتێبانەی لە سەر ئەرکی خۆی چاپ کردووە

١- ئاشوورا، عەلی ئەشرەف دەروێشیان

٢- وەرزی نان، عەلی ئەشرەف دەروێشیان

٣- تووشای، مەنسوور یاقووتی